# هەقیقەت و فێڵەکانی شەیتان و چۆنیەتی بەرنگاربوونەوەی

**پێشەکی:**

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

إنَّ الحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ وَنستَعِينُهُ وَنَستَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ باللهِ مِنْ شُرُورِ أنْفُسنا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أعْمَالِنَا مَنْ يَهدِهِ اللهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضلِلْ فَلاَ هادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إلَهَ إلاَّ الله وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ.

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً، يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيمًا.

اَمّا بَعْدُ:

فَإِنَّ خَيْرَ الْحَدِيثِ كِتَابَ اللهِ وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم" وَشَرَّ الْأُمُورِ مُحْدَثَاتُها وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة.

**خوێنەرانی هێژا .. خۆشەویستانی من:**

**ئەم نووسراوەی بەردەستتان کە هەم ئامادەکردنەو هەم نووسین و هەم وەرگێردراوە، زۆر لایەنی گرنگی بە خۆوە گرتووەو وەلامگەلێکی زۆر پرسیارو ڕەواندنەوەی زۆر تەمومژی لە**

خۆی گرێداوە، کە تاسەو تینویێتی زۆرێك لە مسوڵمانانی شکاندووە و لە هیزرو بیری ناحاڵیانی هەڵپێچاوەو هەقیقەت و ماهییەتی ئەم دینەی وەك خۆ نیشان داوە، جگە لەوە ڕەواندنەوەی زۆر دووکەڵی ڕەشی نەفامی لەسەر ڕەفتارو گوفتاری خەڵکێکی بێئاگا لە خەتە پانەگەی ئیسلام و هەقیقەت و ڕاستییەتی ئەم ئایینە پاکەی ئیسلامی لە خۆگرتووە، کە لە ژێرناونیشانی فێڵەکانی شەیتاندا ئاماژەم بە چەند مەسەلەیەکی گرنگ داوە، لەوانە:

١. هەقیقەتی شەیتان
٢. مەسەلەی زیارەتی گۆڕەکان
٣. مەسەلەی بوونی گۆڕ لە مزگەوتەکان
٤. مەسەلەی دوعاو پاڕانەوە لە سەر گۆڕەکان
٥. حوکمی مۆسیقا
٦. بەڵای وەسوەسەکان
٧. سۆفیگەرێتی
٨. پاڕانەوە لە مردوو
٩. نیکاحی مارەبەجاش
١٠. نیکاحی سیغە
١١. تەڵاقی سێبەسێ
١٢. شەیتان کێ لە خشتە دەبات؟
١٣. هەنگاوەکانی شەیتان لە دژایەتی کردن و فریودانی بەندەکان
١٤. دەروازەی لە خشتە بردنی بەندەکان
١٥. چۆن ڕووبەڕووی شەیتان ببینەوە؟
١٦. لە کۆتاییدا: حیکمەتی فەراهەم (خلق) کردنی شەیتان.

هەموو دڵسۆزێکی ئەم ئیسلامە بە گشتی و خوێنەرێکی جگەرسۆزی ئەم نامیلکەش ئاگادار دەکەمەوە کە هەر کەسێك دەیەوێ زیاتر و باشتر لە خۆم لەم خاڵانەی سەرەوە وردبێتەوە

تێبگات با بچێتەوە سەر دەریای پڕ گەوهەری بێبن، کە ئەم کتێبانەی خوارەوەن و لەوێدا زیاتر بە گەوهەری ئەم باسە بەهرەوەر دەبێت، چونبەندەش سەرچاوەی ئەم نووسینەم هەر ئەو سێ گەوهەرە بە نرخە بوون، کە ئەوانیش بریتین لە کتێبی (إغاثة اللهفان من مصايد الشيطان)ی "**ئیبنوقەییمی ئەلجەوزی**" و (مكائد الشيطان)ی "**ئیبنوئەبی دونیا**" و (مصائب الإنسان من مكائد الشيطان) ی "**تەقییەدین ئیبنوموفلیحی مەقدیسی**" (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت).

ئیتر لە خوای گەورە داواکرام کە بیکات بە مایەی وەدەستهێنانی ڕەزامەنی خۆی و بەهەشتی بەرین.. وە داواکاریشم کە هەموو لایەکتان مۆفەق بکات و زیاترو باشتر لە دینی خوادا حاڵیتان بکاو بەهرەوەربن.. لە ئێوەش دەخوازم کە لە دوعای خێر بێبەشمان نەکەن و هەر سەرکەوتوو بن.

❁ ❁ ❁

# هەقیقەتی شەیتان

شەیتانی نەفرین لێکراو؛ ئەم مەخلووقە شووم و بەدناوەیە، کە خوای گەورە نەفرەتی لێکردووە .. هەتا ماوە، دوابڕاوو لە دونیادا نەفرەتی خوای پێ بڕاوە، یەکەم و سەرەکی ترین دوژمنی خواو مسوڵمانانە.. بگرە دوژمنی جن و ئینسە هەموو کات و هەموو جارە بۆ هەمووان لە سەنگەرو لەسەر پێیە چەکی سوارە.. لەو ڕۆژەی فەرمانی خودای پێشێل کردوو خۆی لێ ونبوو.. ئامادەی سوژدە بردنێك بۆ ئادەمی باوك نەبوو.. هەر ئەو ساتە ئیعلانی شەڕی لەگەڵ خوادا کردو بە نەفرەت چوو.! خوای تاکوتەنیا فەرمانی سوژدە بردنی بۆ ئادەم پێدابوو، کەچی ئەو ئامادەی وەها سوژدەیەك نەبوو کە بۆ کەسێك بیبات کە لە قوڕ درووست کرابێ و ئەویش لە ئاگر فەراهەم هاتبێ.! گوتی: ﴿قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِنْهُ خَلَقْتَنِي مِنْ نَارٍ وَخَلَقْتَهُ مِنْ طِينٍ﴾ (الأعراف: ١٢). واتە: من لەو باشترم" چون منت لە ئاگر دروست کردووە ئەویشت لە قوڕ!. هەر ئەمە بوو کە لە قەی لە بەختی خۆیداو لە ڕەحمەتی خوا بەهەشتی بەرینی وەدەرنا..

شەیتان مەخلووقەلێکی وایە، کە چاوی بە ئادەم بەرایی نایە، کە ئەو لە بەهەشت و ئەمیش دوور لە ڕەحمەتی خواو ئەو هەموو نیعمەتەی کە پێشی هەیبوو لە دەستی دەرچێ و واش دەست بە ئەژنۆ لە بەرامبەر ئادەمدا دابنیشێ! هەر ئەمەبوو وای کرد کە ئێرەیی بە ئادەم بەرێ و لە نازو نیعمەتی بەهەشتی دەربێنێ و لەگەڵ خۆیدا لە پەستی و ناڕەحەتییەکانی دونیا پێکی بکاو ئەو درکەی لە ژێر پادا دەربهێنێ.

ئاخر هەر ئەو ڕۆژەی کە خوا ئادەمی درووست کرد کە هێشتا مەخلووقێکی بێ گیان بوو، ئەو کاتە ئیبلیس کە سەرۆکی هەموو جنۆکەکان بوو و لە هەمووانیش خواپەرستتر بوو، ئەو کاتە ناوی عەزازیل بوو، کاتێ عەزازیل ئەو مەخلووقە تازەیەی بینی و بینی کە مەخلووقێکەو هەناوی هەیە، زانی کە مەخلووقێکە نهێنی زۆری بە دواوەیە، هەموو ڕۆژ لە دەمییەوە ئەچووە ژوورو لە دواوەی دەهاتە دەرو دەیگوت: بەو خوایە ئەگەر من بەسەر

تۆدا زاڵ ببم بە هیلاکت دەبەم، ئەگەریش تۆ بەسەر مندا زاڵ ببیت بێفەرمانیت دەکەم و گوێ مستت نابم؟! ! کاتێکیش کە خوا گیانی کرد بە ئادەم، فەرمانی بە هەموو فریشتەکان کرد کە سوژدەی بۆ بەرن، تەنها عەزازیل یا ئیبلیس واتە(شەیتان) نەبێت ئامادەی ئەم سوژدەبردنە نەبوو، دەیگوت: من لەو چاکترم، ئەوت لە قوڕ درووست کردووەو منیشت لە ئاگر.

بۆیە کە لەم دونیا پەست و سووکەشدا کردەوە گەلێکی ئەوتۆ لە درووستکراواندا دەبینین تێکرا لە ویست و هاندانی شەیتانەوە سەرچاوەیان گرتووە. دەبینین لەم دونیا پەستەدا هەموو لێکدا دژ بە یەکین، خۆخۆر و خوێن خۆرو خوێن مژو پیاوکوژین، بوغزو غەرەز لێك دەکێشین، ماڵی یەکتر بە تاڵان دەبەین وەك گەزۆو مازوو لێکدی دەخۆین، چاو لە ئابڕووی یەکتر دەکەین، دونیا لە جێگەی دینا جێ پێدەکەین. یا دەبینین گەلان ڕقیان لە یەکترەو سپی و ڕەشپێست تێك بەربوون و چەتەو ڕێگر پیاوماقوڵ و کوێخاو ئاغای دیوەخانن، پیاوی لە بار" نالەبارو بریندارە، هەرچی شتێ کە پێی ئێژن خراپە، وەك (پیاوکوژی، نامەردی، زیناوخراپەو داوێن پیسی، بێ ئەدەبی، ماڵ خواردن و دیواربڕی..) ئەمانەو تێکڕای بەدکاریی لە بن سەری شەیتان دایە.

بەڕێزان.. خوێنەرانی هێژاو سەنگین:

وشەی شەیتان یاخود ئیبلیس لە زمانان زۆر ناوو نازناوی پێدراوە، بە عیبری (سیتنە)و بە ئیغریقی (سیتانس) و بە ئارامی (سیتانا)یە، لە ئاینە ئاسمانییەکانیش شەیتان مەخلووقێکی شەڕانگێزو خراپکارە، یەکێك بووە لە مەخلووقە هەر بەڕێزەکانی خوا، پاشان لە فەرمانی خوا یاخی بووەو خواش نەفرەتی لێکردووە و لە ڕەحمەتی خۆی دەریکردووە.

لە زمانی عەرەبیش بنەڕەتی وشەی شەیتان (الشيطان) لە (شطن)ەوە هاتووە، واتە: دووربوون لە ڕەحمەتی خوا.

دەی کەوابوو: شەیتان یا ئیبلیس کێیە؟

بۆ ئەمەش ڕاو بۆچوونی زۆر هەن سەبارەت بە ناسنامەی ئیبلیس، کە ئایا جنۆکە بووە، یاخو فریشتە؟

"قورتوبی " دەڵێت:  "ئیبنوعەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت) لە تەفسیری ئایەتی ﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ﴾ (البقرة: ٣٤).

(واتە: بە فریشتەکانمان گوت: سوژدە بۆ ئادەم بەرن! (تێکرا) سوژدەیان برد، تەنها ئیبلیس نەبێت خۆی بە گەورە زانی و خۆی خستە ڕیزی بێباوەڕانەوە.) لە مانای (إِلَّا إِبْلِيسَ)دا فەرموویەتی: ئەو ناوی خۆی عەزازیل بوو و چوار باڵی هەبوو، پاشان بوو بە ئیبلیس، ئیبلیسیش لە (بَلَس)ەوە هاتووە، واتە: نائومێد، یان بێهیوا.

هەروەها دەڵێت: لە "سەمماکی کوڕی حەڕب" دەگێڕنەوە کەوا "ئیبنوعەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت) فەرموویەتی: ئیبلیس لە فریشتەکان بوو، کاتێ کە بێفەرمانی خوای کرد، خوا غەزەبی لێدەگرێ و نەفرەتی لێدەکات، ئینجا دەبێت بە شەیتان.

هەروەها "سەعالیبی " دەڵێت: "ئیبنوعەبباس" فەرموویەتی: ئیبلیس لەگەڕەکێك لە گەڕەکەکانی جنۆکان بوو.

"عەزازیل" کە بە عەرەبییەکەی بە مانای (حارث) دێت، یەکێك بوو لە خەزنەدارانی بەهەشت، وە سەرۆکی فریشتەکانی ئاسمانی دونیا بوو. ئەو لە هەموو فریشتەکان بە تواناترو خاوەن زانستتر بوو. وە یەکێك بوو لەوانەی کە کاروباری ئاسمان و زەوی پێ سپێردرابوو. هەر ئەمە بوو کە وای لە ئیبلیس کرد کە لە خۆبایی ببێت و وابزانێت کە کەس ناگات بە پلەی ئەو، تاوای لێهات کوفری بەخوا کردو بێفەرمانی ئەوی کرد، تا خوای گەورە نەفرەتی لێکردو لە ڕەحمەتی خۆی دوورخستەوە.

بەڵام لە ڕاوبۆچوونی تردا هاتووە، وەك "موحەممەدی کوڕی بەشار"، ئەویش لە "عەدەی کوڕی ئەبووعودەی"، ئەویش لە "عەوف"ەوە، عەوفیش لە "حەسەنی بەسری"یەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ئیبلیس قەت یەك چاو ترووکانیش فریشتە نەبووە. بەڵکوو ئەسڵ و بنەڕەتی جنۆکە بووە، هەروەك ئادەمیش ئەسڵ و بنەڕەتی ئینسانە. ئەمەش ئیسنادێکی ڕاستەو لە "حەسەن"ەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەك لە "عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەسلەم"یش سەرچاوەی گرتووە.

هەروەها "شەهری کوڕی حەوشەب" بۆمان دەگێڕێتەوە کەوا ئیبلیس لە جنۆکە بووە، ئەو جنۆکانەی کە فریشتەکان کاتی خۆی دەست و قۆڵیان لێ هەڵماڵیون و دەریانپەڕاندوون و

تەفروتوونایان کردوون، ئیبلیسیش بە دیلی دەکەوێتە دەست فریشتەکان و پاشان چۆتە ئاسمان. (رواه ابن جرير).

هەروەها لە "سونەیدی کوڕی داود" دەگێڕنەوە، دەڵێت لە "هەشیم"ەوە ئەویش لە "عەبدولڕەحمانی کوڕی یەحیا"، ئەویش لە "موسای کوڕی نومەیر"، ئەویش لە "عوسمانی کوڕی سەعیدی کوڕی کامیل" و ئەویش لە "سەعدی کوڕی مەسعود" دەگێڕنەوە کەوا فەرموویەتی: کاتی خۆی فریشتەکان لە گەڵ جنۆکەکان دەکەونە شەڕ، ئەو کاتە ئەو لەگەڵ فریشتەکان بوو و لەگەڵ ئەوان خواپەرستی دەکرد، بەڵام کاتێك کە خوا فەرمانی پێ کردن کە سوژدە بۆ ئادەم بەرن، کەچی هەموو سوژدەی بۆ دەبەن تەنها ئیبلیس نەبێت!! بۆیە خوا دەفەرموێت: ﴿إِلَّا إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ الْجِنِّ﴾ (الكهف: ٥٠). واتە: تەنها ئیبلیس نەبێت کە لە جنۆکەکان بوو.

هەروەها "ئیمامی نەوەوی" لە کتێبی (تهذيب الأسماء واللغات) دەڵێت: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئیبلیس لە فریشتەکان بوو، ناوی خۆی "عەزازیل" بوو، کاتێ کە لە فەرمانی خوا یاخی بوو، خوا کردی بە "**شەیتانێکی مارید**" (شيطان مارد)، پاشان ناوی لێنا ئیبلیس (واتە: بێفەرمانی کار)، بەم شێوە "ئیبنومەسعوود" و "ئیبنوموسەییەب" و "قەتادە" و "ئیبنوجەریر"، دەڵێن: کاتێ کە خوا دەفەرموێت: ﴿إِلَّا إِبْلِيسَ﴾ جیاکراوەتەوە لە پۆلی دیارکراوان، وە کە دەفەرموێت: ﴿كَانَ مِنَ الْجِنِّ﴾ مەبەستی پۆلێك بوو لە فریشتەکان کە پێیان دەگوترا جنۆکە.

بەڵام "حەسەن" و "عەبدول ڕەحمانی کوڕی زەید" و "شەهری کوڕی حەوشەب" دەڵێت: ئیبلیس قەت فریشتە نەبووە، چون فریشتەکان کاتێ کە خوا فەرمانی سوژدە بردنی پێدان هەر هەموو تێکڕا سوژدەیان بردو ئیبلیسیش بێ ڕێزی کرد و فەرمانی خوای بەجێ نەگەیاند.

هەروەها "شێخ عەبدولوەهاب نەجار" (بە ڕەحمەت بێت) لە کتێبی (قصص الانبياء)دا دەڵێت: ئەگەر ئیبلیس فەرمان پێکراو نەبوایە، ئەوە بەخوای دەگوت: تۆ فەرمانت پێ نەکردووم، کاتێ کە خوا پێی فەرموو: ﴿قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ﴾ (الأعراف: ١٢). واتە: چی جلەوگیریت دەکات کە سوژدە نەبەیت لە کاتێ کە من فەرمانم پێ دایت؟!. بەڵام کیبری

خۆی ئاشکرا کرد، بۆیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا ئیبلیسیش فەرمانی پێکرابوو بۆ سوژدەکە، ئەمەو ئەگەرچی ئەو لە فریشتەکان نەبوو، بەڵام ئەو یەکێکبوو لەوانەی کە لەگەڵ فریشتەکان بەشدار بوون لە بینینی گیان پیاکردنی ئادەم، کاتێکیش کە خوا دەفەرموێت بە فریشتەکانمان گوت، چون فریشتەکان زۆر بوون و ئیبلیسیش یەکێك بوو لە نێو ئەو کۆمەڵە فریشتەیە، بۆیە بوونی یەکێك لە نێو ئەم هەموو فریشتەیە زیان بە فەرمانەکەی خوا ناگەینێت، چون ئیبلیس یەکێك بوو لەوانەی کە لە ڕیو ڕەسمەکەدا بەشداری کردبوو.

هەروەها خاوەنی کتێبی (ظلال القرآن) لە ڕاڤەی وشەی (الا ابلیس) دەڵێت: ئیبلیس لە توخمی فریشتەکان نەبوو، بەڵام ئەو لەگەڵ ئەوان بوو، خۆ ئەگەر فریشتە بوایە ئەوە بێفەرمانی خوای نەدەکرد. چونکە خوا دەفەرموێت: ﴿لا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ﴾ (التحريم: ٦). واتە: نا فەرمانی خوا ناکەن لە هیچ شتێکدا کە فەرمانیان پێ بدات و هەرچی فەرمانێکیان پێ بدرێت ئەنجامی دەدەن. کەواتە ئیستیسنایەکە ئەوە ناگەیەنێت کەوا ئیبلیس لە توخمی ئەوانا بێت، وەك دەڵێن: فوڵانە تیرە هاتن تەنها ئەحمەد نەبێت، کەچی ئەحمەد ڕەنگە لەو تیرەیەش نەبووبێت. ئاشکرایشە کەوا ئیبلیس لە جنەکان بووە بە دەقی قورئان.

ڕای ڕاست و درووستیش هەر ئەمەیە کەوا ئیبلیس لە جنۆکەبووە، ئەویش بە پێی ئەم بەڵگانەی خوارەوە:

(١) خوا دەفەرموێت: ﴿الاّ إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ الْجِنِّ﴾ (الكهف: ٥٠). (لە پێشدا لێکدارەوتەوە).

(٢) یا ئیبلیس هەر بۆخۆی کاتێ بە خوای گوت: ﴿قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِنْهُ خَلَقْتَنِي مِنْ نَارٍ وَخَلَقْتَهُ مِنْ طِينٍ﴾ (الأعراف: ١٢). (لە پێشدا لێکدارەوتەوە).

(٣) خوای گەورە کە باسی فریشتەکان دەکات دەفەرموێت: ﴿لا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ﴾ (التحريم: ٦). (لە پێشدا لێکدارەوتەوە). ئەمە وێڕای ئەوە فریشتەکان لە نووری درووست کراون، جنۆکەش لە ئاگر.

(٤) ئیبلیس نەوەی هەیە، بەڵام فریشتەکان نیانە.

(٥) جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان هەقیقەتی فریشتەکان و هەقیقەتی جنۆکەکان.

هەروەها ئیمامی "ئەبووحامیدی غەزالی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە کتێبی (مکاشفة

القلوب)دا دەڵێت: گێڕدراوەتەوە کەوا ئیبلیس لە ئاسمانی دونیا، عابید بووە، لە ئی دووەم زاهید بووە، لە سێیەم عاریف بووە، لە چوارەم وەلیی بووە، لە پێنجەم پارێزکار بووە، لە شەشەم خەزنەداربووە، لە حەفتەم عەزازیل بووە، لە لەوحی مەحفووزیش ئیبلیس بووەو لە ئاقیبەتی خۆی بێ ئاگابووە، خوا فەرمانی پێکردووە کەوا سوژدە بۆ ئادەم بەرێت، ئەویش لە رك ڕاچووەو گوتوویەتی من چۆن سوژدە بۆ کەسێ بەرم کە ئەو لە قوڕ درووست کراوەو منیش لە ئاگر؟!! خواش پێی فەرمووە: من شتێ بمەوێ دەیکەم، ئینجا شەیتان پشتی خۆی لە ئادەم کردووە، هەر وەستاوەو لە رك ڕاچووەو نەچۆتەوە سوژدە بۆی، کاتێ کە فریشتەکان سەر لەسەر سوژدە بۆ ئادەم هەڵدەگرن دەبینین کە ئیبلیس هەر لە شوێنی خۆی نەجووڵاوەو نەکەوتۆتە سوژدەوە، دیسان دەکەونەوە سوژدە بۆ ئادەم، کەچی ئیبلیس هەر لە شوێنی خۆی ڕەق وەستاوەو ناکەوێتە سوژدەوە، دەڵێ خوا لێی تووڕە دەبێ و شێوەی وەك شێوەی ئاژەڵ لێ دەکاو وەك بەراز ئەیخاتە سەر چوار پێوە، سەری وەك سەری حوشتر لێدەکات و پشتی وەك پشتی حوشتر لێدەکات، ڕەخساری وەك ڕوخساری بەراز لێدەکات، چاوەکان بە درێژایی ڕووی شەق ئەکات و لێوی وەك لێوی چێڵ لێدەکات، نینۆنەکانی وەك نینۆکی بەراز لێدەکات، لە ڕیشی حەوت تاڵە موو دەردەکات، ئینجا خوا لە بەهەشت بەدەری وەئەنێت و لە ئاسمانی یەکەمەوە بەرەو زەوی بۆ دوورگەیەکی ئەنێرێت! هەرکاتێك بە نهێنی دەیەوێت لەو دوورگەیە بۆ زەوییەکان وەرێکەوێت، خوا نەفرەتی بۆ دەنێرێ، ئەمەو ئەو نەفرەتەی بەردەوام دەبێت و تا هاتنی ڕۆژی دوایی هەر بە کافری دەمێنێتەوە.

## فێڵە بنەڕەتییەکانی شەیتان

خوای گەورە (سبحانه وتعالى) سەبارەت بە ئیبلیس و دوژمنە گەورەکەی، ئەو کاتە کە داوای سوژدەی لێکرد و ڕەتی کردەوەو گوتی من لەو باشترم، چون منت لە ئاگر دروست کردووەو ئەویشت لە قوڕ، لە تۆڵەی ئەوە نەفرەتی لێکردو لە بەهەشت وەدەرینا، ئەویش گوتی: ﴿فَبِما أغْوَيْتَنِي لأقْعُدَنَّ لَهُمْ صِراطَكَ الْمُسْتَقِيمَ ثُمَّ لآتِيَنَّهُمْ مِنْ بَيْنِ أيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أيْمَانِهِمْ وَعَنْ شَمَائِلِهِمْ وَلا تَجِدُ أكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ﴾ (الأعراف: ١٦- ١٧). واتە: شەیتان گوتی: بەهۆی ئەوەی کە تۆ منت گومڕاو سەرگەردان کرد، ئەوە سوێند بێت منیش لە ڕێگە ڕاستەکەتدا بۆیان دادەنیشم (لایان بدەم). پاشان سوێند بەخوا لە بەردەمیانەوە، لە پشتیانەوە، لە لای ڕاستیانەوە، لە لای چەپیانەوە، بۆیان دێم و (دونیایان لا خۆشەویست دەکەم و گومانیان دەربارەی قیامەت لادروست دەکەم) و دەستت ناکەوێت زۆربەیان سوپاسگوزار بن.

"ئیبنوعەبباس" (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: (صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيم) یانی: ئایینە ڕوون و ئاشکراکەت، "ئیبنومەسعوود"یش (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: مەبەستی کتێبی خوایە، یان جابر (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: مەبەستی پێ ئیسلامە، موجاهیدیش (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: مەبەستی پێ هەقە.

هەموو دەستەواژەکان هەر یەك مانا ئەدەن، کە ئەویش بریتییە لەو ڕێگەیەی کە بە خوات دەگەیەنێت، هەروەك لە فەرموودەکەی سەبرەی کوڕی ئەبی فاکەش هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" فەرموویەتی: «إِن الشَّيْطَانَ قَعَدَ لابْنِ آدَمَ بأَطْرُقِهِ كُلِّهَا» واتە: شەیتان لە هەموو لایەکەوە بۆ مرۆڤەکان دانیشتووە. کەواتە: هیچ ڕێگەیەك نییە کە شەیتان لەسەریەوە نەوەستابێت.

پاشان کە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ لآتِيَنَّهُمْ مِنْ بَيْنِ أيْدِيهِمْ﴾ (الأعراف: ١٧). "ئیبنوعەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەفەرموێت: لە ڕیوایەتی عەتییەدا دەفەرموێت: هاتووە کە دەفەرموێت:

«مِن قِبَل الدنيا» واتە: لە ڕێی دونیاوە، لە ڕیوایەتی تردا هاتووە کە دەفەرموێت: «أشككهم فی آخرتهم» واتە: گومانیان لە بەرامبەر قیامەت بۆ درووست دەکات. هەروەها حەسەنیش (بەڕەحمەتبێت) دەفەرموێت: لە ڕێگەی باوەڕبوون بە ئاخیرەتەوە چەوشەیان دەکا و پێیان ئێژێت: زیندووبوونەوەو بەهەشت و دۆزەخ هیچ ئەرزش و بنەڕەتێکیان نییە.

هەروەها "موجاهید" (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لە پێشەوەوە لەو شتانەی کە ئەیبینن چەواشەیان دەکات.

هەروەها لە مانای وشەی ﴿وَمِنْ خَلْفِهِمْ﴾ واتە: مەیلیان بەلای دونیا ڕادەکێشێت، هەروەها حەسەن دەفەرموێت: دونیایان بۆ جوان دەکات.

هەروەها "ئەبووسالح" (بەڕەحمەتبێت) دەفەرموێت: لە بەرامبەر ڕۆژی پەسڵان گومانیان ئەخاتە مێشکەوە.

هەروەها لە مانای ﴿عَنْ أَيْمَانِهِمْ﴾ "ئیبنوعەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەفەرموێت: گومان دەخاتە نێو دینەکانیانەوە، وە ئەبووساڵحیش دەڵێت: گومان دەخاتە هەقەوە. هەروەها لە قەولێکی تری ئیبنو عەبباسدا هاتووە کەوا لە چوارچێوەی چاکەکانیانەوە بۆیان دێتە پێشێ. هەروەها حەسەنیش دەڵێت: لە بە جێگەیاندنی چاکەکارییەکانیان تەمەڵیان دەکات.

هەروەها لە مانای (عَنْ شَمَائِلِهِمْ) واتە: لە خراپەکانیانەوە بۆیان دێت، واتە: خراپەکاریەکانیان بۆ جوان دەکات و فەرمانیان پێدەکات کە بەردەوام بن لەسەری .

هەروەها "ئیبنوعەبباس"یش دەفەرموێت: شەیتان نەیگوتووە: (ومن فوقهم) چون شەیتان زانیویەتی کە خوا لە سەروویانەوەیە.

یاخود "شوعبی" دەڵێت: چون خوا ڕەحمەتی خۆی بۆ سەریان دائەبەزێنێت. وە قەتادەش (بەڕەحمەتبێت) دەڵێت: ئەی بەنی ئادەم شەیتان لەهەموو لایەکەوە بۆتان دێت، تەنها لە

سەرووتانەوە نەبێت، چون شەیتان ناتوانێت پەرچ بخاتە نێوان خۆتان و ڕەحمەتەکانی خوا.

"زەمەخشەری" (بەڕەحمەتبێت) دەڵێت واتە: پاشان لە هەر چوار لاوە بۆیان دێم، چونکە هەمیشە دوژمن لە چوار لاوە بۆ دوژمنی خۆی دێت، ئەمەش زۆربەی لە وەسوەسەکانەوە تەحقیق دەبن، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاسْتَفْزِزْ مَنِ اسْتَطَعْتَ مِنْهُمْ بِصَوْتِكَ وَأَجْلِبْ عَلَيْهِمْ بِخَيْلِكَ وَرَجِلِكَ وَشَارِكْهُمْ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ وَعِدْهُمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلَّا غُرُوراً﴾ (الإسراء: ٦٤). واتە: بڕۆ چیت لە دەست دێت دریغی مەکە، هەرکەس کە توانیت (لەو بەدبەختانە) بە بانگ کردن و هاندانیان بۆ تاوانکاری، دایانبڕە، بەهۆی لەشکری سوارەو پیادەی خۆتەوە هێرشیان بۆ بەرەو هاوبەشییان بکە لە ماڵ و سامان و منداڵ و نەوەیاندا (بەسامانی حەرام و منداڵی زۆڵ...هتد)، ئەوەندەش بەڵێن و ئومێدیان پێ بدە، سەریان لێ بشێوێنە، هەرچەندە بەڵێن و هاندانی شەیتان جگە لە فریودان و فێڵکردن و ساختە، شتێکی تر نییە.

ئەمەش هاوتایە لەگەڵ قسەکەی قەتادە کە دەفەرموێت: لەهەموو لایەکەوە بۆت دێت تەنها لە سەرەوە نەبێت.

"شەقیق" دەڵێت: هەر کە بەیانی بووەوە شەیتان لە چوار لاوە لە سەر ڕێگەم دەوەستێت، لە لای پێشەوەم، لە لای دواوەم، لە لای ڕاستەم، لە لای چەپەم، دێت و پێم دەڵێت: مەترسە خوا لێخۆشبووو بە ڕەحمە، ئینجا ئەم ئایەتەم بۆ دەخوێنێ کە دەفەرموێت: ﴿وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِمَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحاً ثُمَّ اهْتَدَى﴾ (طه: ٨٢). واتە: دڵنیاش بن بەڕاستی من زۆر لێخۆش بووم لەو کەسەی کە تۆبە دەکات و باوەڕ دەهێنێت و کاروکردەوەی چاکە دەکات، لەوەودوا (تا دوا هەناسەی ژیانی) بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو ڕێبازە.

هەروەها لە دواوە دەمترسێنێت و دەڵێت: کە لە دوای تۆ کەس نییە، ماڵ و منداڵت بە خێو بکات، پاشان ئەم ئایەتە دەخوێنێ کە دەفەرموێت: ﴿وَمَا مِنْ دَابّةٍ فِى الأرْضِ إلا عَلَى اللهِ رِزْقُهَا﴾ (هود: ٦). واتە: هیچ زیندەوەرێك نییە لەم زەوییەدا ڕزق و ڕۆزیەکەی لەسەر خوا نەبێت.

هەروەها لە لای ڕاستمەوە لە تەرەف ئافرەتانەوە دێت و ئەم ئایەتە دەخوێنێتەوە کە دەفەرموێت: ﴿وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ﴾ (الأعراف: ١٢٨). واتە: چارەنووسی ڕاستەقینەش هەر بۆ پارێزکارانە.

وە لە لای چەپیشمەوە دێت لە ڕێگەی شەهوەتەکانەوە ئەم ئایەتە دەخوێنێتەوە، کە دەفەرموێت: ﴿وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ﴾ (سبأ: ٥٤). واتە: ئەوسا ئیتر) لەنێوان ئەمان و ئارەزوکانیاندا (بەربست دانرا).

هەروەها قسەیەکی تر ئەوەیە کەوا فریشتەی چاکەکان لە لای ڕاستی بەندەکانەوەن و چاکەکان دەنووسن، شەیتان ئەو کاتەی کە لە لای ڕاستی بەندەکانەوە بۆ بەندەکانەوە دێت و لە کردنی چاکەکان سست و تەمەڵیان دەکات! لای چەپەش کە فریشتەی بنووسی خراپەکانەوە بەرهەڵستی لە خراپەکانیان دەکات، لەوێوە شەیتان بۆی دێتە پێش و هانی خەتاو خراپەکانیان ئەدات تا بەردەوام بن لەسەری!!

ئەمانەی کە باسمان کردن تێکرا لە تەفسیری ئایەتی ﴿فَبِعِزَّتِكَ لأغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ (ص: ٨٢) جێگەی دەبێتەوە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنْ يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ إِلا إِنَاثاً وَإِنْ يَدْعُونَ إِلا شَيْطَاناً مَرِيداً * لَعَنَهُ اللهُ وَقَالَ لأَتَّخِذَنَّ مِنْ عِبَادِكَ نَصِيباً مَفْرُوضا * وَلأضِلَّنَّهُمْ وَلأُمَنِّيَنَّهُمْ وَلآمُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ آذَانَ الأَنْعَامِ وَلآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللهِ وَمَنْ يَتَّخِذِ الشَّيْطَانَ وَلِيا مِنْ دُونِ اللهِ فَقَدْ خَسِرَ خسرَاناً مُبِيناً * يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ وَمَا يعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلا غُرُوراً﴾ (النساء: ١١٧- ١٢٠). واتە: ئەوەی هاناو هاواری بۆ دەبەن و دەیپەرستن ـ جگە لەخوا ـ چەند پەرستراوێکی کار تێکراون (پەرستراو دەبێت کارتێکەر بێت نەك کارتێکراو، بۆیە بتەکانیان بەمێینە ناوناوە وەك: لات و عوززا)، تەنها هاناو هاواریشیان هەر بۆ شەیتانی سەرکەش و یاخییە کە لە هەموو خێرێك داماڵراوە، ئەو شەیتانەی کە خوا نەفرینی لێکردووە گوتوویەتی: سوێند بێت بە تۆ ئەی خوا بەشێکی دیاریکراو لە بەندەکانت دائەبڕم لە ئیمان و خواناسی، سوێند بێت بە تۆ گومڕایان دەکەم و

بە ئاوات و خەیاڵی پووچەوە سەرگەرمیان دەکەم و خۆم فەرمانیان پێدەدەم و هانیان دەدەم و ئەوجا ئەوانیش بێگومان گوێی ئاژەڵەکانیان دەبڕن، هەروەها فەرمانیان پێ دەدەم ئەوانیش دروست کراوانی خوا دەستکاری بکەن و بیگۆڕن، جا ئەوەی لە جیاتی خوا شەیتان بکاتە پشتیوانی خۆی، ئەوە بەڕاستی دووچاری زیان و خەسارەتمەندییەکی ئاشکرا بووە، (شەیتان) بەڵێنیان دەداتێ و ئاوات و ئارەزوو دەڕازێنێتەوە بۆیان، دیارە کە شەیتانیش هیچ بەڵێنێکیان پێنادات جگە لە فریودان و خەڵەتاندن نەبێت..

"ئیبنولقەییم" (بەڕەحمەتبێت) دەفەرموێت: ئەوە دەگەیەنێت کە هەرکەسێکی شوێن شەیتان بکەوێت ئەوە بەشی خۆی لەشەیتان بەرکەوتووە، هەموو ئەوانەی گوێڕایەڵی شەیتان دەکەن ئەوە بەشی شەیتانی داوە، خەڵکیش دوو بەشن، یەکیان ئەبن بە بەشی خوا، ئەوی تریان ئەبن بە دۆست و پیاوانی خودا.

وەك دەفەرموێت: ﴿وَلأُضِلَّنَّهُمْ﴾ واتە: لە هەق لایان دەدات، هەروەها ﴿وَلأُمَنِّيَنَّهُمْ﴾ "ئیبنوعەبباس" دەفەرموێت: دەیەوێ یەکی تۆبەی بخات یا دوای بخات.

کیلەبی دەڵێت: ﴿وَلأُمَنِّيَنَّهُمْ﴾ واتە: پێیان دەڵێت: کە نە بەهەشت و نە دۆزەخ و نە زیندووبوونەوە نییە.

"زەججاج" دەڵێت: واتە: گومڕایان دەکات و پاشان وایان حاڵی دەکات کە بێخەم بن چون بەشی خۆیان لە قیامەت هەر پێ دەبڕێت.

هەروەها دەڵێن ﴿وَلأُمَنِّيَنَّهُمْ﴾ واتە: ئومێدی نیعمەتێکی زۆرو ئومێدرێژییەکی زۆریان پێ ئەدات، تا ئاخیرەتیان لا فەرامۆش دەکات.

هەروەها کە دەفەرموێت: ﴿وَلآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللّهِ﴾ (النساء: ١١٩). ئیبنوعەبباس دەفەرموێت: مەبەستی پێ ئایین و بەرنامەی خوایە، ئەمەش قەولی (ئیبراهیم و موجاهیدو حەسەن و زەححاك و قەتادەو سوددو سەعیدی کوڕی موسەییب و سەعیدی کوڕی

جوبەیر)ە (ڕەحمەتی خوایان لە سەر بێت).

ماناکەشی ئەوەیە کە خوا بەندەکانی لە سەر فیترەتی ڕاست و درووست فەراهەم هێناوە، کە بریتییە لە میللەتی ئیسلام، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفاً فِطْرَتَ اللهِ الَّتِي فَطَرَ النّاسَ عَلَيْهَا لا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللهِ ذلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ * مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَاتَّقُوهُ..﴾ (الروم: ٣٠- ٣١). واتە: (ئەی ئینسان بەدڵێکی پاك و بێگەردەوە) ڕوو بکەرە بەرنامەو ئاینی خواو ئەملاولا مەکە، خەڵکینە ئێوەش پابەندی ئەو نەخشەیە بن کە خوا ئێوەی لەسەر دروست کردووە، هیچ جۆرە گۆڕانکارییەك لە هیچ نەخشەو دروستکراوێکی خوادا نییە، ئا ئەوەیە دینی ڕاست و دروست، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانە نازانن. خەڵکینە: ڕوو بکەنە پەروەردگارتان، بەملکەچی بگەڕێنەوە بۆلای، لەو بترسن. بۆیە پێغەمبەری نازداریش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «مَا مِنْ مَوْلُودٍ إلا يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ، فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أَوْ يُنَصِّرَانِهِ أَوْ يُمجِّسَانِهِ كَما تُنْتَجُ الْبَهِيمَةُ بَهِيمَةً جَمْعَاءَ، فَهَلْ تُحِسُّونَ فِيهَا مِنْ جَدْعَاءَ، حَتَّى تَكُونُوا أَنْتُمْ تَجْدَعُونَهَا» پێغەمبەری خواش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لەم فەرموودەیەدا دووشتی کۆکردۆتەوە، ئەویش بریتین لە گۆڕینی فیترەتیان، کە بریتییە لە بە گاور یان بە جوو کردنیان، دووەمیان بریتییە لە گۆڕینی شێوەی درووستکراوانی خوا بەکموکوڕ خستنیان، ئەم دوو شتەی کە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" باسیان دەکات، ئەوە شەیتان بەڵێنی داوە بە گۆڕینیان، دەبینین یەکەمیان شەیتان دەیەوێت فیترەتی بەندەکان بە کافر کردنەوەیان بگۆڕێ، کە بریتییە لە گۆڕینی ئەو فیترەیەی کە بەندەکانی لەسەر پێکهاتووە، هەروەها گۆڕینی شێوەیان بە گۆڕینی خیلقەتی گیانیان، کە بریتییە لە گۆڕینی شێوەیان.

پاشان خوای گەورە فەرمووی: ﴿يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلا غُرُوراً﴾ (النساء: ١٢٠). واتە: بەڵێنیان پێ دەدات بەو شتەی کە دەچێتە دڵەکان، وەك ئەوەی پێیان بڵێت: خوا تەمەنت درێژ دەکات و لە دونیا بەشی باشت چنگ دەکەوێت و بەسەر دوژمنانتدا زاڵ دەبیت.. بەم شێوە ئومێدێکی خراپیان وەبەر دێنێت.. ئەو بەندەیەش کاتێ کە ئەو ئومێدەی پێ ئەدات ئیتر بێباك دەبێت لەوە کە شەوو ڕۆژ خەریك تاوان و سەرپێچییەکانی

بێت و لە ئاقیبەتی خۆی نەپێچێتەوە. چون بە بەڵێن و گفتەکانی شەیتان فریوی خواردووەو لە خۆ بایی بووە!!

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الفَقْرَ وَيَأْمُرُكُمْ بِالْفَحْشَاءِ وَاللهُ يَعِدُكُمْ مَغْفِرَةً مِنْهُ وَفَضْلا﴾ (البقرة: ٢٦٨). واتە: شەیتان بەڵێنی هەژاری و نەداریتان پێ دەدات (دەتانترسێنێت بە هەژاری) و فەرمانتان پێ دەدات بەگوناهو تاوان و خراپە و نەبەخشین، خوای گەورەش بەڵێنی لێخۆشبوونێکی تایبەتی خۆیتان پێدەدات لەگەڵ زۆری ڕۆزی و بەهرەی فراواندا‌و خوا فراوانگیرو زانایە

دەڵێن: ﴿يَعِدُكُمُ الفَقْرَ﴾ واتە: بە فەقیربوونییان دەترسێنێت، پێیان دەڵێت: ماڵی خۆتان خەرج دەکەن سەرەنجام هەژارو نەدار دەکەون. هەروەها ﴿يَأْمُرُكُمْ بِالْفَحْشَاءِ﴾ دەڵێن: لێرە مەبەستی پێ ڕەزیلییە، هەروەها موقاتیل و کیلەبی دەڵێن: هەموو وشەیەکی (فحشاء) لە قورئاندا بە مانای زینا دێت، تەنها لێرە نەبێت کە بە مانای ڕەزیلی و چرووکی دێت.

هەروەها (والفضل، فالمغفرة)پەرژینی شەڕەکانە. بگرە (الفضل) بریتییە لە دەستکەوتنی خێرەکان، هەروەك لە فەرموودەیەك هاتووە کە دەفەرموێت: «إِنَّ لِلشَّيْطَانِ لَمَّةً بِابْنِ آدَمَ وَلِلْمَلَكِ لَمَّةً فَأَمَّا لَمَّةُ الشَّيْطَانِ فَإِيعَادٌ بِالشَّرِّ وَتَكْذِيبٌ بِالْحَقِّ وَأَمَّا لَمَّةُ الْمَلَكِ فَإِيعَادٌ بِالْخَيْرِ وَتَصْدِيقٌ بِالْحَقِّ فَمَنْ وَجَدَ ذَلِكَ فَلْيَعْلَمْ أَنَّهُ مِنَ اللَّهِ فَلْيَحْمَدْ اللَّهَ وَمَنْ وَجَدَ الْأُخْرَى فَلْيَتَعَوَّذْ بِاللَّهِ مِنْ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ ثُمَّ قَرَأَ الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمْ الْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُمْ بِالْفَحْشَاءِ» (البقرة: ٢٦٨). (رواه الترمذي/ ٢٩٨٨ قال حسن غريب) واتە: شەیتان لە دڵی مرۆڤەکان هیممەت و گوڕو تینی هەیەو فریشتەکانیش هەروەتر، هەرچی شەیتانە ئەوە هانیان دەداو دەستیان دەگرێ بۆ خەتاوخراپەو بە درۆخستنەوەی هەقەکان، بەڵام هەرچی فریشتەیە ئەوە هانییان ئەدات بۆ کاری خێرو بە ڕاست گەیاندنی هەقەکان، هەرکەسێکی ئەم هەقەی لە خۆیدا بینی ئەوە با سوپاسی خوا بکات، ئەگەریش غەیرەز ئەوەی بینی، ئەوە با پەنا بۆ خوا بەرێت لە شەیتانی نەفرەت لێکراو، پاشان ئەو ئایەتەی خوێندەوە کە دەفەرموێت: شەیتان بەڵێنی هەژاری و نەداریتان پێ دەدات و فەرمانتان پێ دەدات بە گوناه و تاوان.

فریشتەو شەیتان شەووڕۆژ ئاراستەی دڵەکان دەکەن، خەڵکی هەن شەویان درێژترە لە ڕۆژ، هەیشە ڕۆژی درێژترە لە شەو، هەیە هەموو ژیانی ڕۆژەو هەیشە هەموو ژیانی شەوە، بۆیە لەسەرمانە کەبەردەوام پەنا بۆ خوا بەرین لە شەیتانی نەفرەت لێکراو.

## فێڵەکانی شەیتان

۞ فێڵێك لە فێڵەکانی شەیتان ئەوەیە کە بەندەکان دەخاتە سەر ڕێگەیەکەوە وایان **پێنیشان ئەدات کە ئەم ڕێگە ڕێگەی بەختیاری و خۆش گوزەرانییە**. وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ وَقَالَ لا غَالِبَ لَكُمُ الْيَوْمَ مِنَ النَّاسِ وَإِنِّي جَارٌ لَكُمْ فَلَمَّا تَرَاءَتِ الْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَى عَقِبَيْهِ وَقَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِنْكُمْ إِنِّي أَرَى مَالا تَرَوْنَ إِنِّي أَخَافُ اللهَ وَاللهُ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ (الأنفال: ٤٨). واتە: کاتێکیش شەیتان (بەوەسوەسە و خەیاڵ) هەموو کردەوە ناپەسەندو ناڕەواکانی بۆ ڕازاندنەوە، وتی: ئەمڕۆ هیچ کەس دەرەقەتی ئێوە نایەت و دڵنیابن منیش پشت و پەنام بۆ ئێوە، جا کاتێك ئەو دوو لەشکرە یەکتریان بینی، دەستبەجێ شەیتان پاشەو پاش گەڕایەوەو وتی: بەڕاستی من بەریم لە ئێوە! چونکە بەڕاستی ئەوەی من دەیبینم ئێوە نایبینن، (دیارە کە شەیتان بینوویەتی چۆن فریشتە دەستە دەستە دادەبەزن بۆ یارمەتی ئیمانداران، بۆیە لە ترسا گوتی): بێ گومان من لە خوا دەترسم، خوایش زۆر سەخت و بە زەبرە لە تۆڵەدا. هەروەك بینیمان ئەو کاتەی کە بێباوەڕانی مەککە لە شەڕی بەدر بۆ پێغەمبەر "صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"و بڕوادران هاتنە مەیدان، شەیتان لەسەر شێوەی سوڕاقەی کوڕی مالیك دێت و پێیان دەڵێت: من دراوسێی ئێوەم لە بەنی کینانە، بێباکبن ئێمەش لەگەڵ ئێوەین و مەترسن، کاتێ کە ئەم دوژمنەی خوایە سەربازانی خوا لە مەیدانەکەدا دەبینێت کە بۆ سەرخستنی بڕوادارن دابەزیون (کە فریشتەکانن)، ترس دایدەگرێ و پاشەکشە دەکات لە مەیدانەکەدا، هەروەك حەسسان دەڵێت:(دَلاهُمْ بِغُرُورٍ، ثُمَّ أَسْلَمَهُمْ) واتە: لە خشتەی بردن و پاشان تەسلیمی کردن.

یان ئەبینین کە چی کرد بە گۆشەنشین (راهب)ەکە کە ئافرەت و منداڵەکەی پێ بەکوشتدا،

شەیتان دێت و فەرمانی بە زینا پێ دەدات و پاشان فەرمانی کوشتنی پێ دەدات، پاشان شەیتان دەچێتە لای کەس و کاری کوژراوەکەو جینایەتی گۆشەنشینەکەیان لا ئاشکرا دەکات، ئینجا دێتەوە لای و فەرمانی پێدەکات کە سوژدەی بۆ بەرێت، کاتێکیش کە بۆی دەچێتە یەکسەر تێی دەتەقێنێ و پشتی لێدەکات و ڕادەکات. هەروەك خوای گەورە فەرمووی: ﴿كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ إِذْ قَالَ لِلإِنْسَانِ اكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِنْكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ﴾ (الحشر: ١٦). وەك شەیتان وایە کە هانی ئادەمیزاد دەدات لە ڕێی خەیاڵ و وەسوەسەوە" پێی دەڵێت: وەرە کافربە! جا کاتێك کە کافر پێی دەڵێت: بەڕاستی من بەریم لە تۆ من لە پەروەردگاری جیهانیان دەترسم!!. واتە: دیارە ئەوەی کە باسم کرد تەنها تایبەت نەبوو بەو کەسەی کە شەیتان تەفرەی لە خشتەی برد، بەڵکوو هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە گوێڕایەڵی شەیتان دەکەن و شەیتان فەرمانی کافربوونیان پێ دەکات، کاتێکیش کە کافریان دەکاتەوە، ئینجا لەو سەر کە قیامەتە پێی ئێژێت: ﴿إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِنْ قَبْلُ﴾ (إبراهيم: ٢٢). واتە: بێ گومان من باوەڕم نەبوو بەوەی کە کاتی خۆی منتان کردبوو بەشەریك و هاوبەش لە پێشدا. کاتێ کە خەڵکی ئەوێ ڕۆژێ سەرکۆنەی دەکەن، ئەویش پێیان دەڵێت: ﴿إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ﴾!! (الأنفال: ٤٨). قەتادە و ئیبنو ئیسحاق دەڵێن: دوژمنی خوا ڕاستی وت کە گوتی: ﴿إِنِّي أَرَى مَا لا تَرَوْنَ﴾ (الأنفال: ٤٨). وە درۆی فەرموو کاتێ گوتی: ﴿إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ﴾ (الأنفال: ٤٨). بەوخوایە ئەو لە خوا نەترساوە، بەڵکوو ئەو زانی کە هیچ دەسەڵاتێکی بەرامبەر بە سەربازانی خوا نییە، هەر ئەمەش دابونەریتی شەیتانە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە شوێنی دەکەون و گوێڕایەڵی دەکەن.

هێندێك دەڵێن: بەڵکوو شەیتان لە دونیا لە دەسەڵاتی خوا ترسا، هەروەك باقی کافران و پیاوخراپان چۆن لە ئاقیبەتی تاوانیان دەترسن.

"کیلەبی" دەڵێت: شەیتان لەوە ترسا کە جوبریل بێت و کارەکەی لێ ئاشکرا بکات و ئەوانیش گوێڕایەڵی نەکەن.

"عەتا" دەڵێت: لەوە ترسا کە خوا بە هیلاکی بەرێت وەك ئەوانەی کە بە هیلاکیان دەبات.

❁ **فێڵێكی تر لە فێڵەكانی ئەوەیە كە بڕواداران و دۆستانی خوا دەترسێنێت**: ئەمەش گەورەترین فێڵی شەیتانە لە بڕواداران، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ فَلاَ تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ (آل عمران: ١٧٥). واتە: ئەوە بەڕاستی تەنها شەیتانە یاوەرەكانی خۆی دەترسێنێت، ئێوەی (ئیماندار) لێیان مەترسن، بەڵكوو هەر لە من بترسن ئەگەر ئیماندارن. لای زۆربەی ڕاڤەكارانی قورئان تەفسیری ئەم ئایەتە ئەوەیە كە شەیتان دۆستانی خوا بە دۆستانی خۆی دەترسێنێ.

"قەتادە" دەڵێت: دۆستانی شەیتان لە دڵی بڕوادارن گەورە دەكات، بۆیە خوا فەرمووی: ﴿فَلاَ تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ هەركاتێك بڕوای ئیمانداران لە دڵیاندا بەهێز بوو، ئەوە ترسی بێباوەڕانیان لەدڵدا دەسڕێتەوە، هەركاتێكیش بڕواكان لەدڵدا كزبوون ئەوە ترسی بێباوەڕانیان لەدڵدا زیاد دەبێت.

❁ **فێڵێكی تر لە فێڵەكانی، هەمیشە فێڵكردنە لە ئەقڵیان**:

كەم كەس هەیە لە فێڵە ئەقڵییەكانی شەیتان دەروەست ببێت، مەگەر ئەو كەس كە خوا نەیەوێت، شەیتان دێت خراپەو خەتاكان لە بەر چاوی بەندەكان شیرین دەكات، خەڵكەكە وا دەزانن شتی باش دەكەن كەچی شەیتان هەندەی تر لە بەرچاویان گەورەتر دەكات، لەوانە دەبینین بوتپەرستی لە بەرچاوی بێباوەڕان شیرین دەكات، هانیان دەدات كە سیلەی ڕەحم بپچڕێنن، هانیان دەدات ڕقیان لەكچ بێت تا زیندە بە چاڵیان بكەن، بەڵێنی بەهەشت بە كافران و فاسیقان و تاوانباران دەدات، شیرك و هاوتادانانیان لەبەر چاوان شیرین دەكات، هانیان دەدات كە پشت لە فەرمان بە چاكەو بەرهەڵستی لە خراپە بكەن.

نابێ ئەوەمان بیر بچێتەوە كە شەیتان هانی دایكوباوكی داین تا لە بەهەشت وەدەرینان، هاوڕێی قابیل بوو تا هابیلی پێ بكوژێت، هاوڕێ و هاودەمی گەلی نووح بوو تا بە غەرقی

ئاوی دان، دۆست و پشتیوانی گەلی عاد بوو تا وە بەر ڕەشەبای دان، پشتیوانی گەلی ساڵح بوو تا بەر هەورە تریشقەی دان، دۆست و خۆشەویستی گەلی لووت بوو تا بە عەرزخواردوو و بەردەبارانکردنی دان، هاوڕێ و هاندەری گەلی فیرعەون و گەلەکەی بوو تا بەر دەمی نیلی دان، هاوڕێ و هاودەمی قورەیشیەکان بوو کە لە شەڕی بەدرا تا بە تەفروتووناى دان، شەیتان خاوەن و دۆست و پشتیوانی هەموو بە هیلاك چووێك و لە ناوچووێکبووەو بەردەوامیشە.

یەکەم فێڵێك کە کردی، سوێندی بە درۆ بوو کە باوکە ئادەم و دایکە حەوای پێ تەفرەدا، پێی گوتن: من ئامۆژگاریکەرو دڵنیاکەری ئێوەم، وەك خوای گەورە فەرمووی: ﴿فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشّيْطَانُ لِيُبْدِىَ لَهُمَا مَا وُورِىَ عَنْهُمَا مِنْ سَوْءَاتِهِمَا وَقَالَ مَانَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هذِهِ الشّجرَةَ إلا أَنْ تَكُونَا مَلَكَيْنِ أوْ تَكُونَا مِنَ الخالِدِينَ * وَقَاسَمَهُمَا إِنِّى لَكُمَا لَمِنَ النّاصِحِينَ * فَدَلاهُمَا بِغُرُورٍ﴾ (الأعراف: ٢٠ – ٢٢). واتە: شەیتان (ئەو سنوورەی بۆ ئادەم و حەوا بەفرسەت زانی) و ئینجا کەوتە فرێدانی وەسوەسەو خەتەرە و خەیاڵ بۆ ناو دڵ و دەروونیان تا ئەو عەیب و عارەیان دەربخات کە شاراوەبوو لێیان (دوایی خۆی ئاشکراکرد) و پێی گوتن: پەروەردگارتان ئەم درەختەی لێ قەدەغە نەکردوون تەنها لەبەر ئەوەیە نەوەکوو ببنە فریشتە، یاخود بۆ ئەوەیە نەوەکوو لە نەمران بن!! سوێندی بۆ خواردن کە من بەڕاستی لە ئامۆژگارانم بۆ ئێوەو دڵسۆزتانم!! ئیتر شەیتان بەفێڵ و پیلان فریوی دان..

وەسوەسە بریتییە لە ئاخاوتنی نەفس و دەنگی پەنهان، بۆیە بە دەنگی ملوانکە دەڵێن: ویسواس، وە کە دەڵێن: (ورجل مُوسْوِس) واتە: نەفسی ئەو کەسە چرپەی دڵی بۆ درووست دەکات، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ﴾ (ق: ١٦). واتە: وە ئێمە دەزانین کە چی بەدڵ و دەروونیدا دێت ... ئێمە لەشاڕەگی دڵی لێی نزیکترین. بۆیە شەیتان دەیزانی ئەگەر بێت و ئادەم و حەوا لە دارەکە بخۆن تا پەردەی شەرمیان لێ لادا!! مەبەستیش لە ڕووتبوونەوەو پەردەلادان مەعسییەتکردن و بێفەرمانی کردنی خوایە، چونکە خەتاو تاوانەکان ئەو سەترە ئەدڕن کە دەکەوێتە نێوان خوداو بەندەکانەوە، **کاتێ کە بەندە خەتایەکی کرد ئەو پەردەیە لا**

**ئەچێت، ئەو دەم ئەو کەسە لە حەیاو تاعەتی خوا ڕووت دەبێتەوە**. بۆیە دەبینین کە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لە خەونیدا زینا کاران و دامێن پیسانی بە ڕووتی بینی، بۆیە ئەگەر هەر کەسێك لە خەویا خۆی بە ڕووتی بینی ئەوە با بزانێت بێکەڵکی لە دینەکەیدا پەیا بووە. وەك شاعیر دەڵێت: (إِنِّى كَأَنِّى أَرَى مَنْ لا حَيَاءَ لَهُ وَلا أَمَانَةَ وَسْطَ النَّاسِ عُرْيَانَا). واتە: من وا ئەبینم کە ئەوانەی نە شەرم و نە ئەمانەتیان لا گرنگە لە نێو خەڵکی ڕووت و قوتن.

بۆیە خوای پەروەردگار دوو جۆر جلی دابەزاندووە، جلوبەرگێکی بینراو کە بەندەکان لە دونیادا خۆیان پێ دا ئەپۆشن، جلوبەرگێکی پەنهانیش کە بریتییە لە تەقوا. بۆیە ئەگەر جلوبەرگی ناوەوە لەو کەسە داماڵدرا ئەوە دیوی ناوەوەی ئەو کەسە ڕووت دەبێتەوە، هەروەك داماڵینی جلی دەرەوەی ئینسانیش ئەو کەسە ڕووت دەکاتەوە. پاشان خوا دەفەرموێت: ﴿مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هذِهِ الشجَرَةِ إِلا أَنْ تَكُونَا مَلَكَيْنِ﴾ (الأعراف: ٢٠). یانی: پەروەردگارتان تەنها بۆ ئەوە بەرهەڵستی لە خواردنی دارەکەتان لێ دەکات لەبەر ئەوە نەکا ببن بە دووفریشتەو بە نەمری لە بەهەشتدا بمێننەوە، شەیتانی نەفرەت لێکراو لە ڕێگەیەکەوە بۆیان دێت کە ئەوان مەیلی بۆ دەکەن، ئەوان حەزیان بەوە بوو کە هەمیشە لە بەهەشت و وەك فریشتەکان وا بن و نەمر بن. ئەمەش گەورەترین کەیدو فێڵی شەیتانە کە لە گەڵ بەنی ئادەما ئەنجامی ئەدا، شەیتان وەك خوێن بە نێو دەمارییانا هاتووچۆ دەکات، شتێك کە بەندەکان پێیان خۆشە لە چوارچێوەی خۆشی ئەوانەوە لێیان دێتە پێش. بۆیە دەبینین شەیتان دەیبینی لە ڕێگەی حەزو ویستی ئادەم و حەوا نەبێت کە حەزیان بە نەمری بە مانەوەیان بوو لە بەهەشت بۆیان نەهاتە پێش. کەچی دەبینین شەیتان پێیان دەڵێت: دەتانەوێ ئێوە ببن بە دوو فریشتەو بە نەمریش لە بەهەشت بمێننەوە؟ کەواتە لەو دارە بخۆن!! وەك پێی گوتن: ﴿قَالَ يَا آدَمُ هَلْ أَدُلكَ عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لا يَبْلَى﴾ (طه: ١٢٠). واتە: پێیگوت: ئەی ئادەم پێت بڵێم و نیشانت بدەم درەختی نەمری و موڵك و دارایییەك کە بەسەرناچێت کامەیە؟!! بۆیە دەبنین شەیتان هەتا خەسڵەت و سیفەتی ئینسانەکانیش ئەقۆزێتەوە، چون کە خوا باسی ئادەم دەکات و دەفەرموێت: ﴿فنسي﴾، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە بیرچوونەوە (النسيان) سیفەتی ئینسانەکانە، ئادەمو حەواش ئەو

کاتەی کە شەیتان ئەم هەموو بەڵێنەی پێدان، چۆن شەیتان ئەم هەموو تەماعەی بە وە بەردان تاکو لە دارەکە بخۆن تا ببن بە دوو فریشتە، لە کاتێکدا شەیتان خۆی زۆر چاکی دەزانی کە فریشتەکان نە دەخۆن و نەدەخۆنەوە، بەڵکوو ئادەمیش لەویش باشتر دەیزانی کە ئەمە حاڵی فریشتەکانە.

هێندێك دەڵێن: ئادەم و حەوا (سەلامی خوایان لێ بێت) ئەسڵەن تەماعی خواردنی دارەکەیان هەر نەبوو، بەڵام شەیتان هات و فریوی دان، هات و ناوی لە دارەکە نا (شجرة الخلد)ن ئەمەیان یەکەم فێڵی شەیتان بوو لەبەرامبەر دایك و باوکمان، بۆیە ئێستا دەبینین کە شوێنکەوتوانی شەیتان هەمان ڕێگەی شەیتان دەگرنە بەر و ناوە بنەڕەتییەکان دەشێوێنن و خەڵکی پێ تەفرە دەدەن، لەوانە ناو لە ئارەق دەنێن: دایکی دڵخۆشییەکان، ناو لە ڕیبا دەنێن مامەڵە، بە جگەرە کێشان دەڵێن: گوڵی مەجلیس.. هتد.

شەیتان دێت و پێیان دەڵێت: ئەگەر لە دارەکە بخۆن ئەوە وەك فریشتەکان نەمر دەبن و نامرن، بۆیە ئادەم لێرە کە بە گفتی شەیتان فریودرا نەیدەزانی کە لە دواییا دەمرێت، بۆیە حەزی بەوە بوو کە نەمرو هەتا هەتایە هەر لە بەهەشت بمێنێتەوە، بۆیە لێرەوە گومانەکە لای ئادەم و حەوا دروست کرا.

بە کورتی دەتوانین بڵێین: گرەوی سەرکەوتنی فرۆفێڵەکانی شەیتان لای ئادەم چەند خاڵێك بوون:

١. شەیتان بە سوێند خواردن بۆی تەئکید کردنەوە کە هەق ئەوەیە ئەو دەیڵێت.
٢. جارێکی تر بە بەکارهێنانی وشەی (إن) تەئکید لەسەر قسەکەی خۆی دەکاتەوە.
٣. شەیتان وا لە ئادەم و حەوا دەگەیەنێت کە ئەم نەسیحەتەم تەنها بۆ ئێوەیە.
٤. تێیان دەگەیەنێت کە من نەسیحەتکارێکی دەستپاك و ئەمینم.
٥. بەکارهێنانی (لام)ی تەوکید بۆ جەوابی سوێندەکەی بە کارهێنا.

ئەم سیفەت و شێوازگەلەی شەیتان کە لەگەڵ ئادەم و حەوادا بەکاری هێنا شوێنکەوتووانی لە بێباوەڕان و مونافیقان لەسەر هەمان شێواز ڕاهێناوە، هەروەك مونافیقان بە پێغەمبەریان

دەگوت: ﴿نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللهِ﴾ (المنافقون: ١). واتە: شایەتی دەدەین کە تۆ پێغەمبەری خودایت. بۆ پێغەمبەریان بە لامی تەوکید دووپات کردەوە کە ئەی موحەممەد! بە ڕاستی تۆ پێغەمبەریت، یاخود خوا باسیان دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَيَحْلِفُونَ بِاللهِ إِنَّهُمْ لَمِنْكُمْ وَمَا هُمْ مِنْكُمْ﴾ (التوبة: ٥٦). واتە: سوێن دبە خوا دەخۆن کە ئەوان لە ئێوەن، (بەڵام هەرگیز ئەوان لە ئێوە نین.

پاشان خوا فەرمووی: ﴿فَدَلاهُمَا بِغُرُورٍ﴾ (الأعراف: ٢٢).

"ئەبووعوبەیدە" دەڵێت: (غروور) واتە: ملی پێ کەچکردن و بەرهەڵدای کردن.

"موترەڕفی کوڕی عەبدوڵڵا" دەڵێت: واتە: شەیتان پێی گوتن: من لە پێش ئێوە درووستکراوم، کەوابوو من ئەزموونم لە ئێوە زیاترە، کەوابوو بەگوێم بکەن، بۆ ئەمەش سوێندی بۆ خواردن، واتە بە خوا فریوی دان، بۆیە "قەتادە" دەڵێت: هێندێ لە زانایان دەڵێن: کەسێ بە خوا فریومان بدات فریو دەخۆین، وەك دەڵێن: (فالمؤمن غر كريم والفاجر خب لئيم) واتە: بڕوادار هەڵخەڵەتێنراوو بەڕێزە، بەڵام خراپکار دوابڕاوو بێڕێزە ، هەروەك لە سەحیحیشدا هاتووە: کەوا "عیسای کوڕی مەریەم" پیاوێکی بە سەر دزیەوە بینی، پێی فەرموو دزیت کرد، ئەویش گوتی: نا بە (لا اله الا الله) دزیم نەکردووە، مەسیحیش فەرمووی: (آمنت بالله وكذبت بصري). چونکە گەورەیی خوا لە دڵی مەسیحدا زۆر بەرقەراربوو، زۆر چاك دەیزانی کە کابرا دزییەکەی کردووە، کاتێ کە کابرا سوێندی بە درۆی بۆ خوارد، "عیسا" کەوتە نێوان ئەو تۆمەتەی کە داویەتی پاڵ دزەکەو ئەوەی کە باچاوی خۆی بینیویەتی، کەچی لەوەی کە بەچاوی خۆی بینی خۆش بوو لە بەر سوێندێك کە کابرای دز خواردبووی. هەروەك ئادەمیش نەیتوانی قسەی ئیبلیس بە درۆ بزانێت کاتێ کە سوێندی بۆ خوارد، بۆیە لە دواییدا گوتی: نەمزانیوە کەسێك سوێن بە درۆ بە خوا بخوات.

### ❁ فێڵێکی تر لە فێڵە سەرسوڕهێنەرەکانی شەیتان ئەوەیە کە نەفسەکان ڕەشبین دەکات:

وا لە نەفسەکان دەکات کە هەر یەك لەو دوو جووتە هێزە وەسەری دا زاڵ بن، کە هێزی چاو نەترسی و ئازایەتییە، یان هێزی دەروەستبوون و تەنگبوونەوەیە لێی.

کاتێ کە ئەو نەفسە هەست بە لاوازی و بێدەسەڵاتی خۆی دەکات، ئەوە وای لێدەکات کە

سست و تەمەڵ بێت و بە ورە ڕوخاوو ئەژنۆ شكاو خۆی ببینێتەوە، بۆیە ناتوانێت كە ئیقدام بۆ هیچ شتێك بكات، تا وای لێ دێت بیر لە هیچ گۆڕانكارییەك نەكاتەوە.

كاتێكیش كە خۆی دەبینێت كە دەسەڵاتی هەیە و بەرەو پێش دەچێ‌و هیچ شتێك لە دەستی ماتەڵ نابێت، بۆیە ئەو كارانەی كە پێی دەسپێردرێت بە كەمیان دەگرێ! چون پێی وایە كە شتێك نین تا خۆیان پێوە خەریك بكات و كاتیان پێ بكوژێت، بۆیە هێندێ لە سەلەف دەڵێن: (ما أمر الله سبحانه بأمر إلا وللشيطان فيه نزغتان: إما إلى تفريط وتقصير، وإما إلى مجاوزة وغلوّ. ولا يبالي بأيهما ظفر) واتە: خوا هەر فەرمانێكی بە بەندەی خۆی كردبێت ئەوە شەیتان هاتووە، دوو نەزغەی خستۆتە دڵ و دەروونی ئەو كەسەوە، كە ئەویش یەكیان تەفریتە و ئەوی تر ڕۆچوون و زێدەڕەوییە، كە وایش بوو شەیتان باكی بەو كەسە نییە كە كامیان بەجێ بگەیێنێت، چون هەردووكیان تەڵەو داوی ئەون بۆ ئەو كەسە.

**بۆیە ئەمڕۆ دەبینین كە زۆربەی زۆر خەڵكەكە لە نێوان ئەم داوەی شەیتان یاری دەكەن،** دەبینین هێندێك لە ڕاپەڕاندنی واجبەكان كەمتەرخەمن، هێندێكیش زێدەڕەوی تیا دەكەن، **هێندێكیان كەمتەرخەمن لە دەركردنی زەكات لە ماڵەكانیان، هێندێكیشیان وێڕای زەكاتی** ماڵیان ماڵی تریشیان كە هەبێ خەرجی دەكەن و هیچ بۆ ماڵ و منداڵیان ناهێڵنەوە، **هێندێكیان كەمتەرخەمن لە خواردن و بژێوی ژیان و شمەك و جل و بەرگی ڕۆژانەی خۆیان و** ماڵ منداڵیان، هەیشیانە هێندە بۆ نەوسیان لە ماڵیان خەرج دەكەن و لە گەروویان **دەپەستن تا زیان بەدڵ و بە لەشیشیان دەگەیەنن.**

یاخود دەبینین هەتا لە سەردەمانی پێشوو، هەبوو كەمتەرخەمبوو لە دەرهەق هەقی **پێغەمبەران و میراتگرانیان تاكوو بێدەنگیان لە بەرامبەر كوشتنیان هەڵبژارد، هەیشبوو** هەندە لە پێغەمبەران نزیك ببوونەوە تا گەیشت بە پەرستنیان!! هەبوو هەندە لە خەڵكی **خۆیان وەدووركرت، تا تەركی جومعەو جەماعات و جیهادو زانستی شەرعییان كرد،** هەیشبوو هەندە تێكەڵاوی خەڵك بوون تا لەگەڵ زوڵم و خراپەكارییەكانیشیان بەشدار بوون.

**هەبوو هەندە كەمتەرخەمبوو هەتا لە كوشتنەوەی چۆلەكەیەك یا مەرێك بۆ خواردنی** ڕۆژانەیان دەستەوسان بوو، هەیشبوو هەندە زێدە ڕەویان كرد هەتا خوێنی خەڵكیشیان بە **حەڵاڵ زانی.**

**هەبوو هەندە کەمتەرخەم بوو تاکوو ڕێگریان لەوانەش دەکرد تا عیلمی شەرعی فێر بن،** هەیشبوو هێندە زێدەڕەوییان کرد لە وەرگرتنی زانستی شەرعیی، بەڵام لە ئاکام کارنەکردن **بە زانستە شەرعییەکەوە گشتیان بیر چووەوە، هەبوو هەندە کەمتەرخەم بوو لە بەرامبەر** زانایان تا گەیشت بە ئاستی موقاتەعەکردن و دابڕان لێیان، هەیشبوو هەندە لێیان دەچوونە **پێش تا گەیشت بە پەرستنیان، هەبوو دەیانگوت: ئیمانی فاسقترین کەس وەك ئیمانی** جوبریل و میکائیلە، هەیشبوو هەندە ئایینەکەی توند وەرگرتبوو تا ئینسانەکانی بە **تاوانێکی کەبیرە لە ئیسلام دەهانیە دەر.**

بۆیە بینیمان کە جوولەکەکان هێندە لە بەردەم مەسیح کەمتەرخەم بوون و بە درۆیان زانی تا گەیشت بە هەوڵی کوشتنیان، هەیشبوو هەندە زێدەڕەویان لە دەرهەقیدا کرد دا تا گوتیان عیسا کوڕی خوایە... هتد.

### ❁ فێڵێکی تر لە فێڵەکانی شەیتان کردنی قسەی ناهەق و بیرکردنەوەی هیچ و خەیاڵی پڕوپووچە:

کە ئەمانە لە ڕاستیدا زبڵدانی زیهنەکانن بە تێکڕا. ئەمانە فێڵگەلێکن کە بکەونە دڵی هەر کەسێك تاریکی دەکات، بچێت بە مێشکی هەر کەسێك لە کاری دەخات، کە وایشبوو هەق و ناهەقی لا وەك یەك لێدەکات، هەڵەو درووستان لێك هەڵناوێرێ، شوبوهات و گومانە گەنیوەکان وەك شەپۆڵ بەسەر دڵ و دەروون و هەست و نوست و کردەوەو ڕەفتاری ڕۆژانەیاندا دێت، بۆیە دەرهاویشتەی ئەم فێڵ و تەڵەکەیە کە وای لە زۆرێك لە بەندەکان کردووە کە شوێن قسەو قسەڵۆك شەك و گومان و مشت و مڕو دمەدمێی (الجدال)ی بێئاکام کەون!!

### ❁ فێڵێکی تر لە فێڵەکانی دەستگرتنی سۆفییە نەفام و بیدعە چییەکانە تا شەق لە دەموچاویان بگرن و لە خۆ هەڵدەن و بەڕۆك بدڕن:

دەستیان دەگرێ کڵاوی وایان بۆ ئەدروێ تا دەیان خەیاڵپڵاویان پێ بکاو لە جیهانی ئەقڵ و مەنتیقیان وەدەربێنێ، نیگایان بۆ دەهێنێ و وایان بە ئاشنا دێنێ کە لە دوای هەر علیم و

زانستێکا ڕێگەی ئەوتۆ شك ئەبا كە دەیان كاری ئەو دیو پەردەی غەیب و پەنهانیان بۆ ئاشكراو پێ ئاشنا دێنێ. بەم دەرو فێڵەی خۆشیەوە بابای سۆفیلكەو دەیانی تر لە قورئان و سوننەتی پیرۆز بێنیازو بێ منەت دەكا، بەم پێیە دێت وەرزشی دەروون و تەزكییەی نەفس و پاكبوونەوەیان بە چەشنێ لای دەنەخشێنێ، كە شێتیان كاو بۆ شێخێكی سیحربازو فێڵباز بە چۆك دابێ و عالیان پێ بێنێ، ئەویش لە سەر حسێبی خوراِفیات و قسەی نێو دەفتەری فالگرەوان نەك لە سەر حسێبی تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆزو سوننەتە بە بەپێزەكەی نازدارمان "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم". دێ بە حسێب دەیانخاتە گەر كاروانی تێگەیشتوان و عاریفینانی ئەم ئوممەتە، هەق و ڕاستییەكانیان بە شێویەك لا مەتڵەب ئەكا كە هەر كەس بەبێ ماندووبوون و زانستی شەرعیی دەتوانێ زۆر ئاسان دەستگیرو پەیایان كا، كاتێ كە كەوتنە سەر ئەو ڕێگایە، ئینجا زۆر ئاسان سەدان ناهەقیی ئەخاتە نێو كارو فەرهەنگییان، وایان لە نەفسیان ئەكا كە بێنیازو بێمنەت بن، كە نەفسیان هەندە پاكو بێگەرد بووە دەیان كاری ئەودیو غەیبیان پێ ئاشنا دەكا، پێیان ئەڵێ: ئێوە شوێن ڕواڵەتەكانی ئەم شەریعەتە كەون، ئێمەش ناخ و ناوەرۆكەكەیتان پێ ئاشنا دەكەین، لە ئێوە توێكڵ و لە ئێمەش ناوكی.. بەم پێیە هێدێ هێدی لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەرمان "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" تەفرەیان دەداو دووریان دەخاتەوە.

**۞ فێڵێكی تری لە فێڵەكان ئەوەیە فەرمان بە بەندە دەكات كە بڕۆ لە گۆشەی مزگەوتێكا خەریك بە بەندایەتییەكان بێ كە هەموو هەمم و خەمێكی پەرستش و خوا پەرستی بێ، و ولێ نەكا لە مزگەوت دەرچێ و مەقام و پلەی لای خوا لە دەست دەرچێ!!**

پێی دەڵێت: ئەگەر لە مزگەوت دەرچیت لە ڕێگا تووشی خراپەو خراپەكاری دەبیت، ئەو دەم لە بەرچاوی خەڵكەكە دەكەویت و شان و شكۆت لە دڵیاندا كز دەبێت، ئەگەر لە گەڵ خەڵكی تێكەڵ ببیت ئەوە كەسایەتی بەرزو خواناسیت لەدەست دەدەیت، تا وای لێدەكات ئەو جارە خەڵكی بێن و لە مزگەوت ڕووی تێبكەن و بە گەورەو پیرۆزی بزانن و دەستی ماچكەن، وای لێدەكات كە زۆرێك لەو پاداشت و چاكانەی كە لە غەیرەز مزگەوت بەندەكان دەستیان دەكەوێت لە دەستیان بدات، لە كاتێكدا دەبینین كەوا پێغەمبەری خوا "صَلّی اللهُ

عَلَيْهِ وَ علَى آلِهِ وسَلَّم" هاتوچۆی بازاڕی دەکرد، هەروەك هەندێ لە حوففاز دەیانگوت: پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ علَى آلِهِ وسَلَّم" دەچوو بۆ بازاڕ پێویستی خۆی دەکڕی و بەشانی خۆی دا ئەداو دەڕۆیشت. (هەروەك "ئەبولفەرەجی ئیبنوجەوزی" –ڕەحمەتی خوا لێ بێت– بۆمان باس دەکات).

یان "ئەبوبەکری سەددیق" (خوا لێی ڕازی بێت) دەچوو بۆ بازاڕ جلوبەرگی دەبرد بۆ بازاڕو هەم دەیکڕی هەم دەیفرۆشت.

یاخود ڕۆژێك "عەبدوڵڵای کوڕی سەلام" (خوا لێی ڕازی بێت) لە بازاڕ بارەدارێکی خستبووە سەر شانی خۆی، کاتێ کە دەیبینن پێی دەڵێن: بۆ ئەو بارە دارەت خستۆتە سەر شان ئەی عەبدوڵڵا؟ لە کاتێکدا خوا دەوڵەمەندی کردوویت؟ ئەویش گوتی دەمەوێ کیبری پێ بڕەوێنمەوە، چون گوێم لە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ علَى آلِهِ وسَلَّم" بوو کە دەیفەرموو: «لا يَدْخُلُ الجنَّةَ عَبْدٌ فِي قلبه مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنَ كِبْرٍ» واتە: ناچێتە بەهەشت بەندەیەك بە ئەندازەی تۆزقاڵێك گەورەیی لە دڵا هەبێت.

هەروەها "ئەبووهورەیرە" (خوا لێی ڕازی بێت) بۆ پێویستییەکانی ڕۆژانەی خۆی داری دەخستە سەرشانی خۆی، لە کاتێکدا کە ئەو ئەمیری شاری مەدینە بوو، دەیگوت: ڕێگەی ئەمیرەکەتان بدەن، ڕێگەی ئەمیرەکەتان بدەن.

یان ڕۆژێك "عومەری کوڕی خەتتاب" (خوا لێی ڕازی بێت) بە پێ دێتە دەرەوە لە کاتێك کە خەلیفەی مسوڵمانان بوو، ماندوو دەبێ، لە ڕێگە منداڵێك بە سەر کەرێکەوە دەبینێت، پێی دەڵێت: ئەی منداڵ لە ڕێگا ماندوو بووم، هەڵم دەگریت؟ ئینجا یەکسەر منداڵەکە دێتە خوارو دەڵێت: سواربە ئەی پێشەوای بڕواداران، عومەریش دەڵێت: نەخێر، ئەبێ خۆشت سوار بیت و منیش لە دواوە سوار دەبم، ئینجا عومەر ڕەگەڵی دەکەوێ و لە پشتی سوار دەبێت، عومەر بەم شێوە دەمێنێتەوە تاکوو دەگاتەوە شار و خەڵکیش دەیبینن.

**❁ فێڵێکی تر لە فێڵەکانی: وات لێ ئەکات کە زۆر بە ڕووێکی گرژو تاڵەوە وەڵامی هەژارو لێقەوماوان بدەیتەوە:**

وات لێ ئەکات کە هەمیشە ڕووشکێن و تەریقکەرەوەیان بیت، تا ئەوانیش لە بەرامبەر ئەمە

ڕقت لێ بگرن و بیر لە تۆڵەو تەریق کردنەوەت بکەنەوە، تا وای لێ دێت لە بەرچاوی خەڵك سووك و ڕیسواو بێکەڵك دەرکەویت، تاکوو لە دوعای خێری پیاوچاکان بێبەش و مەحرووم ببیت و کەس بە خێرو چاکە ناوت نەهێنێت. بەم پێیە هەموو دەرگایەکی خێرت لێ ئەگیرێ و ڕوو لە هەر کێ کەیت و تف و نەفرەتت بۆ بنێرن.

**❁ فێڵێکی تر لە فێڵەکانی: وات لێ ئەکات کە خۆت زۆر بە گەورەو زل بزانیت لەو شوێنانەی کە پێویستە خۆتی تیا بەکەم بگریت: یان وات لێ ئەکات کە خۆت بە کەم و نزم بزانیت لەو شوێنانەی کە پێویستە عەزیزو سەر بەرز وە دیار کەویت.**

تا وات لێ ئەکات کە لە بەرچاوی پیاوچاکان و چاکەکاران سووك و ڕیسواو ناشیرن دەرکەویت. وە دێت فەرمانت پێ دەکات کە خۆت لە بەرامبەر دەسەڵاتداران و بەرپرسان سووك و بەکەم بگریت، تا شەڕ بە نەفست بفرۆشێ وەبەرۆکییەوە بنووسێ، وەلێ لەو سەر پێت وا ببێت کە بە هۆی ئەم کارەتەوە عیززەت و سەربەزیت چنگ دەکەوێت!! تا ئەم دێرە شیعرەت هەردەم بێنێتەوە بیر کە دەڵێت:

(أُهِينُ لَهُمْ نفسى لأرْفَعها بِهِمْ وَلَنْ تُكْرَمَ النَّفْسُ الَّتِى لا تُهِينُهَا) واتە: نەفسی خۆم بۆیان شکان تا پێی بەرزبێ.. ڕێزداریش نابێ تا ڕیسوا نەبێ..

هەڵەی ئەم دێڕە شیعرەش لەوەیە کە ئەم نەفسە تەنها ئەبێ بۆ خوا بشکێنرێت، چەندی بەندە لە بەر خوا نەفسی خۆش بشکێنێت ئەوە خوا عەزیز و بڵندی ئەکات، بە پێچەوانەی مەخلووقەکان، کە چەندی نەفست بۆیان بشکێنیت بێگومان لای خوا هەر سووك و لای پیاوچاکان و بێ بایەخ دەبێ.

**❁ فێڵێکی تر لە فێڵەکانی شەیتان ئەوەیە کە خەڵکی تەفرە ئەدات کە بێت دەستت ماچ بکەن و لە پیرۆزیتا خۆت پێ هەڵسوون!!و خەڵکی مەدح و سەنات بکەن و داویا دوعای**

**خێرت لێ بکەن!**

تا ئەو نەفسە وای لێ دێت کە تەنها خۆی ببینێت و بەخۆیەوە بنازێت! کاتێکیش کە پێی دەگوترێت: قوربان گیان هەر تۆیت کۆڵەگەی ئەم زەویە، هەر بەتۆوە بەڵاو گۆبەندەکان ئەڕەونەوە، ئەو وا ئەزانێت کە بەڕاستی ئەو خەڵکە ڕاست دەکەن کە ئەو لەو پلەو مەقامەدایە!! ڕەنگە بێن پێی بڵێن: هەر تۆ ئەتوانیت کە شەفاعەتمان لە لای خوا بۆ بکەیت!! بەمجۆرە هەندە حەمدو سەنای دەکرێت تا لە پێستی فریشتانی دەردەخەن، بە دەردی مەلا موحەممەدی کۆیی گوتی:

**ئەیگوت: شێخێ هەیە صاحب کەڕامەت**

تکاتان بۆ ئەکا ڕۆژی قیامـــــــــــــەت

**شەوو ڕۆژا بە زیکری خوا خەریـــــکە**

دیارە زۆر لە خزمەت خوا نزیـــــــکە

**گەلێ جاران دەچێتە فەوقی عەرشـــی**

ئەگەر حەزکا لەلای خوا دا ئەنەیشـــی

(خوا پەنامان بدات).

**❁ فێڵێکی تر لە فێڵەکانی: زاهیدان و تەزکییە کارانی نەفس هان ئەدات کە کار بە خەواتیرو خەیاڵ و ئەندێشەکانی خۆیان بکەن بە بێ ئەوەی کە بگەڕێنەوە لای سەرچاوەکانی شەریعەتی!**

دێن و دەڵێن: ئەگەر کاری دڵ لەگەڵ خوا پارێزراوو تۆکمە بوو، ئەوە خەواتیرو وەبیرداهاتەکان (الخواطر والهواجس) بێ پشك دەبن لە تاوان.. دیارە ئەمەش گەورەترین فێڵە کە ڕووبەڕووی نەفسیان بۆتەوە!

ئاشکرایە کە خەواتیریش سێ بەشە، خەواتیری خوایی، خەواتیری شەیتانی، خەواتیری نەفس (وەك خەون)، کاتێ کە بەندە گەیشتە حاڵی زوهدو بەندایەتی ساغ، ئەوە هەمیشەو بەردەوام شەیتان و نەفس لێی نزیك ئەبنەوەو لێی جیا نابنەوە، چون شەیتان وەك خوێن بەدەماری بەندەکانا هاتوچۆ دەکات، عیسمەت و بێتاوانیش تەنها پشکە بە پێغەمبەران "صلوات الله وسلامه عليهم". ئەو پێغەمبەرانەی کە واسیتەی نێوان خواو بەندەکان بوون لە فەرمان و ڕاگەیاندنی بەڵێنەکانی خوا، بەڵام هەرچی غەیرەز ئەوانە هەڵە ئەکەن و ڕووبەڕوی تاوان و سەرپێچییەکان دەبنەوە. بۆیە هەموو کەس قسەی ڕاستی لێ ئەپشکوێ و خراپیشی لێ دیار دەکەوێ، هەموو کەس لێ وەردەگیرێ و لێشی ڕەت دەکرێتەوە، تەنها پێغەمبەران نەبن "صلوات الله وسلامه عليهم". ئەوان نەبن، باقی تر هەرچی خەواتیرو بەدڵداهاتنێکیان هەیە ئەوە دەخرێنە بەردەم قورئان و سوننەت و پێیانەوە ئەکێشرێن و لە مەحەك ئەدرێن.

جا ئەو نەفامانە بچووکترین شك بە مێشك و دڵیاندابێت  ئەوە بەسەر قورئان و سوننەتی ڕاناگەیەنن، بەڵکوو بە خاتیرو ئەندێشەکانیانەوە قورئان و سوننەت هەڵدەکێشن نەك بە پێچەوانەوە. لەوانە: دێت و دەڵێت: دڵم دەربارەی خوا پێم دەڵێت، نەك خوا دەربارەی دڵم پێم دەڵێت!! وێنەی ئەم قسە پڕوپووچانە قسەی بێباوەڕو مولحیدانە، مەگەر ئەو کەس نەفام بێ و عوزری بە جەهیلیان بۆ بهێنرێتەوە، دەنا حاڵیان شڕە (خوا پەنامان بدات). وەك بە یەکێك لەو نەفامانەیان گوت: ناچیت گوێ لە عەبدولڕەزا بگریت؟ ئەویش ئەڵێت: چۆن گوێ نەگرین لە عەبولڕەزاق لە کاتێ کە ئەو گوێی لە خوا بووەو لە گەڵ خوا قسەی کردووە؟!!

ئەمەش ئەو پەڕی نەفامییە، چون ئەوەی کە لەگەڵ خوا قسەی کردووە "موسای کوڕی عیمرانە"، بەڵام ئەو کەسە هەتا گوێی لە میراتگرێکی پێغەمبەریش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" نەبووە، ڕەنگە ئەو کەسەی کە دانیشتووەو قسان بۆ خەڵك دەکات تەنها گوێی لە شەیتان بووبێ، یا گوێی لە نەفسی خراپی خۆی بووە! یان هەردووکیان.

ئەو کەسەی گومان ببات کە بێ باکە لە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لەو هەموو

خەواتیرەی کە لە دڵیدا هەر دەقوڵێت ئەوە بێباوەڕترینی خەڵکییە.

لە "عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود"یان پرسی، ئەویش گوتی: مانگێکی تر وەڵامتان ئەدەمەوە، ئەو کات ئەگەر ڕاستم وەڵام دایەوە، ئەوە لە خواوەیە، ئەگەریش هەڵە بوو ئەوە لە خۆم و لە شەیتانەوەیەو خواو پێغەمبەریش "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" بەرین لێی.

یان یەکێك لەلای "عومەر" نووسیبووی: ئەمە ئەوەیە کە خوا وا لە عومەر دەبینێ، عومەریش فەرمووی: نا، بیسڕەوە، بەڵکوو بنووسە: ئەمە ڕای عومەرە. ئینجا فەرمووی: خەڵکینە ڕاو بۆچوونی من بە پێوەری دین تۆمەتبار بکەن، منتان بینی لە شەڕی (ابی جندل)، خۆ ئەگەر بمتوانیبایە کە بەرپەرچی پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" بدەمەوە، ئەوە ئەمدایەوە.

تۆ وەرە دیقەتی یارانی پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" بدە، کە چەندە دڵیان پاك بووە، چەندە خاوەن زانست بوو ون، چەندە لە شەیتان و شەیتان سیفەتییەوە دوور بوون، چەندە پابەند بوون بە سوننەتی پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" و شوێن سوننەتەکەی دەکەوتن، کەچی ئەبینین کە چەندە لە دژی ئەم جۆرە منگەڕایی و نەفس زلی و خەواتیری نەفسیان بوونە.

ئەوان ئەهلی سەقامگیری و ڕاستەی ڕێی بوون، چەندە بەم ڕێگە ڕۆیشتوونە ئەبینین کە قەت ئاوڕیان لە خورپەی دڵ و خەواتیری نەفسیان نەداوەتەوە.

"جونەید" ئەڵێت: شئەبووسولەیمانی دارانی" دەڵێت: ڕەنگە هەندێ جار شتێ لە کاری ئەو گەلەم کەوتۆتە دڵ، کەچی وەرم نەگرتووە تا دوو شایەتم بۆی بڕیار نەدابێ لە قورئان و سوننەت.

"ئەبووزەید" دەڵێت: ئەگەر پیاوێکتان بینی کە هێندە کەرامەتی پێدرابوو تا چوار مشقە لەسەر هەوا دانیشتبوو، ئەوە پێی هەڵنەخەڵەتێن، تا سەرنج نەدەن کە داخوا چەندە

سنووری خوای ڕاگرتووەو لە ئەمرو نەهییەکانەوە کارامە دەرکەوتووە.

هەروەها دەڵێت: هەرکەسێك واز لە قورئان خوێندن و کۆمەڵی مسوڵمانان و سەردانی نەخۆشەکان بێنێت و پاشان بانگەشەی ئەم خەواتیرە بداتە پاڵ نەفەسی خۆی، ئەوە بزانە ئەو کەسە ڕاست ناکاو تەنها کارەکەی بانگەشەیەو هیچی تر.

"سیرِی سەقەتی" دەڵێت: کەسێك بانگەشەی زانستی دەروون بکات و کارەکانیشی پێچەوانەی کارە دەروونییەکانی بێت، ئەوە هەڵەی کردووە.

هەروەها "ئەبووسەعیدی خەرازی" دەڵێت: هەر کەسێك ناخی نەفسی پێچەوانەی کردەوەکانی بێت ئەوە ناهەقە.

هەروەها "جەریری" دەڵێت: هەموو کارو فەرمانەکان تێکڕا لەسەر یەك شت ئەوەستنەوە، ئەویش دڵت بە هەستکردن بە چاودێری خوا پەیوەند بکەیت و عیلم و زانستیشت لە ڕواڵەتدا دەرکەوێ.

هەروەها "ئەبوحیفس" دەڵێت: هەرکەسێك کاروکردەوەکانی بە قورئان و سوننەت جوان نەکات و خاتیرو بەدڵداهاتەکانی تۆمەتبار نەکات، ئەوە ناچێتە نێو بازنەی کەڵەپیاو (الرجال)انەوە.

چەند جوانبوو ئەم قسەی "ئەبووئەحمەدی شیرازی"ش کە دەیگوت: کاتی خۆی سۆفییەکان گاڵتەیان بە شەیتان دەکرد، کەچی ئێستا شەیتان گاڵتەیان پێ ئەکات.

بۆیە هێندێ لە ئەهلی عیلم دەیانگوت: شەیتان کاتی خۆی لە خەڵك داوای دەکرد، کەچی ئێستاخەڵکی لە شەیتان داوا دەکەن!!

**۞ یەکێکی تر لە فێڵەکانی: فەرمان بە بەندەکان ئەکات، کە یەکجۆر پۆشاك بپۆشن و**

**یەك جۆر ڕۆیشتن بە ڕێدا بڕۆن و وەدوای یەك شێخی دیارکراوو یەك تەریقەت ڕێبگرن:**

شێخی بێخێریش چیان پێ بڵێت: ئەوان وەك فەرزی خواو پێغەمبەر وەری دەگرن، بە ئەندازەی یەك تاڵە موو لێی دەرناچن و بێ فەرمانیی ناکەن.. ڕەنگە هانیان بدات کە تەنها یەك گۆشە بگرن و نوێژی تیا بکەن، لە کاتێکدا دەفەرموون: «وقد نهى رسول الله " صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَم " أنْ يُوَطِّنَ الرَّجُلُ المَكانَ لِلصَّلاةِ كَمَا يُوَطِّن الْبَعِيرُ»، یان دەبینی زۆر کەس هەن نوێژ ناکەن تەنها لە سەر بەرماڵ نەبێت، کەچی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" قەت لە سەر بەرماڵ نوێژی نەکردووە، بەڵکوو تەنها لەسەر زەوی یا لە مزگەوت لە سەر قوڕ نوێژی کردووە، یان لە سەر حەسیر یان هەر ڕایەخێك کە شك بردرابێت نوێژی لە سەر کردووە، ئەگەر ئەمانەش نەبووبن، ئەوەتا لەسەر زەوییەکە کردویەتی و هیچی تر.

کەچی ئەم بێ ئاگایانە تەنها خۆیان بە ڕووکەشی دینەکە سەرقاڵ کردووە، لەگەڵ کەسانێ بەڕێدا دەڕۆن کە موبتەدیعن و دوورن لە ئەهلی فیقهو زانستە شەرعییەکان، کەسانێکن کە تەنها لەگەڵ ناهەقان بە ڕێدا ڕۆیشتوون.

بەڵام هەر کەس لە ژیانی پڕ سەروەری نازدارمان "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" وردبێتەوە، ئەوە ئەبینێ کە ژیانی پڕ شکۆی چەندە جیاوز بووە لە ژیانی ئەو کورگەلانەی کە باسمان کردن، ئەبینین کە پێغەمبەر خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" جاری وا بووە، بە تەنها کراسێکی لە بەر بووە، هەندێ جار کڵاوی لە سەر بووە، هەندێ جار تەنها جوبەی لە بەرا بووە، هەندێ جاریش بە تەنها ئیزاری لە پا بووە، هەندێ جار سواری ئەسپ ئەبوو هەندێ جاریش سواری حوشتر یا گوێدرێژ ئەبوو، هەندێ جاران لە سەر زەوی دانیشتووە، هەندێ جاریش لەسەر ڕایەخ، جاری واشبوو تەنها لە سەر حەسیر دانیشتووە، هەندێ جار بە تەنها ئەڕۆیشت هەندێ جاریش لە گەڵ یارانی.. لە ڕێگەی ئاکارو ڕەفتاری شیرینییەوە سوننەت و ڕێبازە ڕۆشنەکەی ڕۆشنترو ئایینە ڕاستەقینەکەی خوای جوانترو روونتر دەکردەوە.

**❁ فێڵێکی تر لە فێڵەکانی کە ئەمڕۆ خەڵکانی بێئاگای نەفام بۆ ئەم مەبەستە بوونەتە دەست کەلای شەیتان و فرووفێڵەکانی ئەویش وەسوەسەیە !**

خەڵکێکی زۆر دەبینین کە لەم ڕووە گرفتار و ناڕەحەت بوونە، لە ڕووی پاکوخاوێنییەوە، لە ڕووی ڕۆیشتن و دەستنوێژو نوێژکردنەوە، کەسانێك دەبینین خۆ لە حەوزی ئاو هەڵدەهێنن کەچی هەر وا دەزانن نە غوسلیان دەرچووە نە دەستنوێژیان گرتووە!! یاخود کە ئی وا هەیە بۆ کردنی نوێژێکی دوو ڕکاتی دە جاران نییەت دەهێنێ و لە دواییشا لە پڕ نوێژەکەی دەبڕێ و وا دەزانێت کە نیەتهێنانی بیرچووە!! هەڵبەت ئەمەش کۆت و پێوەندێکی زۆر قاییمی شەیتانە کە خستوویەتییە دەست و قاچ و ملی ئەو کەسە تاکوو لە سوننەتی پێغەمبەری "صَلّی اللّٰهُ عَلَیْهِ وَ علَی آلِهِ وسَلَّم" وەربگێڕێت. هەر بۆیە ئەو کەسە لە کۆتاییدا دەبینین لە ماندوو بوون و شەکەت قاچ شل بوون هیچ شتی تری پێنەبڕاوە، ئەوە جگە لەوە کە ڕەنگە نوێژەکەشی لای خوا وەرنەگیرابێت!!

گومان لەوە دانییە کەوا شەیتان یەکێ لە شێوازی بانگەوازەکانی برتییە لە وەسوەسە خستنی دڵەکانەوە، دەبینین کە چۆن بەندەکانی خوا لە تاعەت و بەندەکانی سەر قال دەکات، وای لە زۆرێك لە خەڵك کردووە کە وابزانن ئەگەر نوێژی پێغەمبەریش بکەن و دەستنوێژی پێغەمبەرانیش بگرن هەرپاك نەبوونەتەوەو دەستنوێژیان نەگیراوەو نوێژیان قەبوول نەبووە؟!! کەچی دەبینین کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّی اللّٰهُ عَلَیْهِ وَ علَی آلِهِ وسَلَّم" لە قاپێ ئاو دەسنوێژی گرتووە، لە قاپێك ئاو غوسلی لە خۆ دەرکردووە، کەچی بابای موەسویس وا دەزنێ کە بەو قاپە ئاوە دەستیشی تەڕ ناکات، یا دەبینین کە پێغەمبەر خوا "صَلّی اللّٰهُ عَلَیْهِ وَ علَی آلِهِ وسَلَّم" لە گەڵ "عائیشە"دا –خوا لە خۆی و لە باوکی ڕازی بێت– لە یەك تەشتە ئاو بە یەکەوە خۆیان شتووە، بە جۆرێك کە تەشتە ئاوەکە شوێنەورای هەویری هێشتا پێوە مابوو، کە پێشتر هەوری تیا شێلدراوە ، کەچی موسەویسەکان دەبینین دوو دانە سەعات خۆیان لە بەردەم دووشی حەمامەکە ڕادەگرن، دوایی کە دێنە دەر دەڵێن: بە خوا غوسلم دەرنەچووە!! بۆیە دیسان خۆی ڕووت دەکاتەوەو خۆی دەخاتەوە بەر دووشەکە!! (**لەوە زیاتر لە سەر باسی وەسوەسە ناڕۆین چونکە باسێکی تایبەتی بۆ**

تەرخان کراوەو لە وێدا بە تێرو تەسەلی ڕوون کراوەتەوە).

❁ **لە گەورەترین فێڵەکانی تری کە لە بەندەکانی خوای کردووەو خەڵکێکی زۆریشی پێیەوە موبتەلا و گرفتار کردووەو تاکو ئێستاش هیچ فیتنەیەك لەو فیتنەیە بۆ سەر بەندەکان گەورەتر نەبووە، ئەویش ڕوو پێکردنی گۆڕەکان بووە بەو شێوەی کە خواو پێغەمبەر نەهیان لێکردووە:**

شەیتانی نەفرەت لێکراوە هەمیشە هانی بەندەکانی داوە تاکوو ڕوو لە خوا وەرگێڕن و غەیرەز ئەو بپەرستن! جا غەیرەز خوا پەرستن زۆر جۆرو چەشنی هەیە، یەکێك لە چەشنەکان گۆڕ پەرستییە، گۆڕەکانیان بۆ دەکات بە بوت هانیان دەدات تا وەێنەی مردووەکان بکێشن و شێوەو شکلیان بۆ دارێژن، پاشان هانیان دەدات تاکو پەیکرەیان بۆ دروست بکەن تا هەمیشە لە یادیان بێ و بیریان نەچێت و بیپەرستن.

ئاشکرایە کە یەکەم دەردی بوت پەرستیش لە گەلەکەی نووح سەری هەڵدا، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالَ نُوحٌ رَب إنهم عَصَوْنِي وَاتَّبَعُوا مَنْ لَمْ يَزِدْهُ مَالُهُ وَوَلَدُهُ إِلا خَسَارًا * وَمَكَرُوا مَكْرًا كبَّارًا * وَقَالُوا لا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلا تَذَرُنَّ وَدا وَلا سُوَاعًا وَلا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا * وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيرًا﴾ (نوح: ٢١-٢٤). واتە: سەرئەنجام، نوح نائومێد بوو بۆیە گوتی: پەروەردگارا بەڕاستی ئەوان یاخی بوون لێم، شوێنی ئەو کەسانە کەوتن کە ماڵ و نەوەکانیان قازانجی پێنەگەیاندن زیان نەبێت. خوانەناسان پیلانی گەورەو نەخشەی سامناکیان دارشت. گوتیان: خەڵکینە نەکەن واز لە خواکانتان بهێنن!! نەکەن واز لە (ودو سواع و یەعوق و نەسر) بهێنن. بێگومان ئەوانە زۆر کەسیان گومڕا کرد..

"ئیبنوجەریر" (بەڕەحمەتبێت) دەڵێت: لە "ئیبنوئەحمەد" ئەویش لە "مەهران" ئەویش لە "سوفیان" ئەویش لە "موسای کوڕی موحەممەدی کوڕی قەیس" دەگێڕنەوە، کەوا (یەغوس و یەعوق و نەسر)، کۆمەڵە خەڵکێکی چاکەکار بوون لە بەنی ئادەمدا، ئەوانیش کۆمەڵە خەڵکێکیان هەبوو کە شوێن ئەوان کەوتبوون، کاتێ کە دەمرن، شوێنکەوتووەکانیان دەڵێن:

ئەگەر بێت و وێنەیان بکێشین و هەمو جار سەیریان بکەینەوە ئەوە گورو تینێکی باشترمان پێ ئەدەن لە بەجێ گەیاندنی تاعەت و بەندایەتییەکانەوە، بۆیە چوون و وێنەیان کێشان، کاتێ کە ئەوانیش مردن خەڵکیتر لە دوای ئەوانەوە دێن و ئیبلیسی نەفرەت لێکراویش خوا خوایەتی بۆ ئەمە، بۆیە دێت هانیان دەدات کە بچن سوژدەیان بۆ ببەن و بیانپەرستن، ئەوانیش دەچن و دەست دەکەن بە پەرستنیان!!

"سوفیان" ئەویش لە باوکی و ئەویش لە "عیکرمە" دەگێڕنەوە کەوا فەرموویەتی: نێوان ئادەم و نووح هەزار ساڵ بوو، هەر هەموویان لەسەر ئیسلام بوون. (واتە: هەموو ئەو ماوەیە خەڵکی نەیاندەزانی شیرك چییە، بەو مانایە شیرك لە بەندایەتییەکانیاندا نەبووە، کاتێ کە نوح هاتووە لەو سەردەمەی خەڵکی ڕوویيان لە بەندایەتییە ڕاستەقینەکان وەرگێڕاوە لە گەڵ پەرستنی خوا شتی تریشیان پەرستووە!!).

"ئیبنو عەبدولئەعلا"، ئەویش لە "عەبدولڕەزاق" و ئەویش لە "موعەممەر"و ئەویش لە "قەتادە" دەگێڕنەوە کەوا سەبارەت بەو ئایەتە فەرموویەتی: چەند ئالیهەیەك هەبوون کە گەلی نووح پەرستشیان بۆ دەکردن، پاشان لە دوای ئەوانە کۆمەڵە خەڵکێکی تر لە عەرەبەکان پەیا بوون و درێژەیان بەم بوت پەرستییەدا.

کاتی خۆی (ود) لە کیلەب بوو لە (دومة الجندل)، (سواع)یش ئی هەزیل و (یەغوس)یش ئی بەنی غەتیف و (یەعوق) لە هەمەدان و (نەسر) لە زیلکلاع بوو لە حومەیر.

هەروەها "والیبی" دەڵێت: کە لە "ئیبنوعەبباس" –خوا لێی ڕازی بێت– دەگێڕنەوە دەفەرموێت: هەموو ئەو بوتانە لە سەردەمی نوحدا (علیه السلام) دەپەرستران.

پێشەوا "بوخاری" (بەڕەحمەت بێت) دەڵێت: لە "عەتا" ئەویش لە "ئیبنوعەبباس" دەگێڕنەوە دەفەرموێت: (ود) بوتی کیلەب بوو لە (دومة الجندل) و **سواعیش** ئی هەزیل و یەغوس لە ئی موراد و پاشان ئی بەنی غەتیف بوو لە (سبأ)، **یەعوقیش** ئی هەمەدان و نەسریش ئی حومیر بوو لە ئالی زیلکیلاع.

هەموو ئەوانەش لە سەرەتا پیاوچاك بوون و لە قەومی نوحدا بوون، كاتێ كە گەلی نوحیش بە فەتارەت چوون، لە دوای مردنیان شوێنكەوتووانیان دەچوونە سەر گۆڕەكانیان و لەوێ ئیعتیكافیان لا دەكردن، پاشان وێنەیان بۆ كێشان، بەردەوام بوون لەسەر ئەم كارەیان تا هاتن و پەیكەریان بۆ تاشین و لە دواییشا پەرستنیان!!

ئەم كۆمەڵ خەڵكەی كە ئەم كارەیان داهێنا كەوتنە نێو دوو فیتنەوە، ئەویش فیتنەی گۆڕەكان و فیتنەی پەیكەرەكان، هەر ئەم دوو فیتنەیەن كەوا لەفەرموودەیەكی درووستی وەك لە عائیشە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە كەوا "ئوم سەلەمە" (خوا لێی ڕازی بێت) دێتە لای پێغەمبەری "صَلّی اللّهُ عَلَیْهِ وَ علَی آلِهِ وسَلَّم" و باسی كلێسایەكی لا دەكات كە لە حەبەشەیە و پێی دەڵێن: **ماریە**، پاشان چی لەوێ بینیوە بۆ پێغەمبەر "صَلّی اللّهُ عَلَیْهِ وَ علَی آلِهِ وسَلَّم" دەگێڕێتەوە، ئینجا پێغەمبەر "صَلّی اللّهُ عَلَیْهِ وَ علَی آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «أُولئِكَ قَوْمٌ إذَا مَاتَ فِيهِمُ الْعَبْدُ الصَّالِحُ، أوِ الرَّجُلُ الصَّالِحُ، بَنَوْا عَلَى قَبْرِهِ مَسْجِدًا، وَصَوَّرُوا فِيهِ تِلْكَ الصُّوَرَ، أُولئِكَ شِرَارُ الْخَلقِ عِنْدَ اللهِ تَعالَى» واتە: ئەوانە گەلێكن كە ئەگەر بەندەیەكی چاك یا پیاو چاكێكیان تیا بمرێت، ئەوە گۆڕەكەی هەڵدەبەستن و ئەم جۆرە وێنانەیان بۆ دەكێشن، بێگومان ئەوانەش خراترین خەڵكن لای خوای بەرزو بڵند. لە دەستەواژەیەكی تردا دەفەرموێت: "ئوم حەبیبە" و "ئوم سەلەمە" ئەم كەنیسەیان بینیبوو، دەبینین كە لەم فەرموودەدا پێغەمبەری خوا "صَلّی اللّهُ عَلَیْهِ وَ علَی آلِهِ وسَلَّم" كاری پەیكەر پەرستی و زیارەتی گۆڕەكان و پەرستنیان وەك یەك لێك دەداتەوە، ئاخر هەر ئەم هۆكار و شێوازی زیارەتی گۆڕەكانیش بوو كە موشریكەكانی مەككە (**لات**)یان پێ دەپەرست!!

هەروەها لە "ئیبنوجەریر" بە سەنەدی خۆی لە "سوفیان" ئەویش لە "مەنسووڕ" و ئەویش لە "موجاهید" دەگێڕنەوە كەوا لە بارەی ئایەتی ﴿أَفَرَأَيْتُمُ اللَّاتَ وَالْعُزَّى﴾ (النجم: ١٩). فەرموویەتی: (كان رجل یلت لهم السویق. فمات، فعكفوا علی قبره) واتە: پیاوێك هەبووو لە خۆی كردبوو كە سەوەیق (خواردنێكە لە تێكەڵەی گەنم و چۆ دروووست دەبێت) ی بە سەر خەڵكدا دەبەخشییەوە، كاتێ كە مرد، خەڵكی (لە بەر پیاوچاكی) ئیعتیكافیان لای گۆڕەكەی ئەبەست! هەروەها "ئەبولجەوزا" ئەویش لە "ئیبنوعەبباس" دەگێڕێتەوە كەوا

فەرمویەتی: (كان يلت السويق للحاج)، واتە: پیاوێك بوو سوەیقی بە سەر حاجیاندا دەگێڕا.

لێرەدا "ئیبنولقەییم" (بەڕەحمەت بێت) دەڵێت: من وا دەبینم کەوا هۆکاری پەرستنی (**وەد** و **یەغوس** و **یەعوق** و **نەسر** و **لات**) لە بەگەورە گرتنی گۆڕکانیانەوە بوو، پاشان پەیکەریان بۆ درووست کردن ئینجا پەرستنیان!! هەروەك پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" ئاماژەی پێدا.

هەروەها دەڵێت: بۆیە "شێخولئیسلام" فەرمووی: هەر بۆیە لە شەرعدا ڕێگری کراوە لەوە کە مزگەوتەکان بگێڕدرێن بە گۆڕەکان، هەروەك ئێستا بە داخەوە دەبینین کە گۆڕی زۆربەی بە ناو چاکەکاران لە مزگەوتەکاندا نێژراون.

نەفسەکان دووچاری شیرك هاتن بوون بە پەیکەرتاشینیان بۆ چاکەکاران، دیارە کە شیرکیش بە گۆڕی کەسێك کە وا دەزانرێت ئەو کەسە پیاو چاکە نزیکترە لە شیرك بە دارێك یا بەردێك. بۆیە دەبینین کە موشریکەکان زۆربەیان زۆر بەگوڕتر پەرستنی گۆڕەکان دەکەن و زۆر بە نەرمی و بە ئەسپایی و بە ویقارو بە ئەدەبەوە دا ئیعتیکافیان لا دەکێشن و بەدڵەوە دەکڕوزێنەوەو دەپاڕێنەوە؟!! بۆیە هەر لە پێناو ئەمەوەیە کە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" هەتا نەهی کردووە ڕوو بەرەو گۆڕ نوێژ بکەیت، هەر چەند ئەگەر نویچژکەرەکە لە نوێژەکەیدا نیازی گۆڕەکە نەبوبێت. یاخود دەبینین کە ڕێگری کردووە لەوە لە کاتی زەردەتاوی ڕۆژهەڵاتنەوە نوێژ بکرێت، چونکە لەو کاتە دا خۆر پەرستان سوژدەیان بۆ ڕۆژ دەبرد. هەرچەند نویچژخوێن مەبەستیشی پێ ڕۆژهەڵاتن یان تیشکی خۆرەکە نەبێت.

خۆ ئەگەر بابای نوێژکەر لەسەر گۆڕێك لە بەر پیرۆزی پێی وابێت کە لەو شوێنەدا خێری زیاتر دەست دەکەوێت، ئەوە فێڵکردنە لە خواو لە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" و موخالەفەکردنی ئایین و بەرنامەی خوایشە، بەڵکوو بیدعەیەکەو لە دیندا داهێنراوە بە جۆرێك کە خوای گەورە ئیزنی لەسەر نەبووە. بۆیە دەبێ هەموو مسوڵمانێك بزانێت کە نوێژکردن لە گۆڕستان نەهی لێکراوە، بگرە نەفرەت لەو کەسانە کراوە کە گۆڕستانەکان

بکەن بە مزگەوت. بۆیە گەورەترین بیدعە و هۆکاری شریك ئەوەیە کە نوێژ لە گۆڕستان بکەیت و بیگێڕیت بە مزگەوت .. دیارە لە سوننەتی پێغەمبەریش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" زۆر فەرموودەو دەقی ئاشکرا هەن کە ئێژن: ئەم جۆر کارانە درووست نین و موخالەفەی فەرمانەکانی ئایین و بەرنامەی خودان، لەوانە هەروەك "جوندوبی کوڕی عەبدوڵلا" –خوا لێی ڕازی بێت– لەفەرموودەی سەحیحی موسلمدا بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: «سَمعتُ رسولَ الله صلى اللّٰهُ تعالى عليهِ وَآله وسلم قبل أنْ يَموتَ بخمْسٍ وَهوَ يقول: "إني أبْرَأُ إلى الله أنْ يَكُون لِي مِنْكمْ خَلِيلا. فَإنَّ اللّٰهَ تَعَالَى قَدِ اتَّخَذَني خَلِيلا، كما اتَّخذَ إبْرَاهِيم خَلِيلاً، وَلَوْ كُنْتُ مُتَّخِذا مِنْ أُمَّتِي خَلِيلاً لاتّخَذْتُ أبَا بكْرٍ خَلِيلا ألا وَإنَّ مَنْ كانَ قَبْلَكُمْ كَانُوا يَتَّخِذُونَ قُبُورَ أَنْبِيَائهِمْ مَسَاجِدَ، أَلا فَلاَ تَتَّخِذوا الْقبُورَ مَسَاجِدَ، فإِنِي أَنْهَاكُمْ عَنْ ذلِكَ"». واتە: پێنج ڕۆژ بەر لە وەفاتکردنی گوێم لە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بوو کە دەیفەرموو: من بەریم لەوە کە لەگەڵ من خەلیلێك لە ئێوە هەبێت، خوای بەرزو بڵند منی کردووە بە خەلیلی خۆی، هەروەك ئیبراهیمی کرد بە خەلیلی خۆی، خۆ ئەگەر بڕیارپبوایە کە سێ لە ئوممەتی خۆم بکەم بە خەلیلی خۆم، ئەوە ئەبووبەکرم دەگێڕا بە خەلیلی خۆم، بزانن! کە لە پێش ئێوە گۆڕی پێغەمبەرانی خۆیان دەگێڕا بە مزگەوت، وەلێ ئێوە گۆڕەکان مەکەن بە مزگەوت، چون من بەرهەڵستیم لێ کردوون.

هەروەها لە "عائیشە" و "ئیبنوعەبباس"(خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە دەفەرموێت: «لَمَّا نُزِلَ بِرَسُول الله صلى اللّٰهُ تعالى عليه وآله وسلم طَفِقَ يَطْرَحُ خَمِيصَةً لهُ عَلَى وَجْهِهِ. فَإذَا اغْتَمَّ كَشَفَهَا فَقَالَ: وَهُوَ كَذلِكَ، لَعْنَةُ اللهِ عَلَى الْيَهُودِ وَالنَّصارَى، اتّخَذُوا قُبورَ أَنْبِيَائهم مَسَاجِدَ، يُحذرُ مَا صَنَعُوا» (متفق عليه). واتە: کاتێ پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لەسەرەمەرگدابوو، سەرچەفەکەی دەدا بەدەموچاویدا، کاتێ دڵتەنگ دەبوو لایدەبرد لەسەر دەموچاوی، لەوحاڵەدا فەرمووی: (نەفرینی خوا لەجولەکەو لەگاور کە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردووە بە مزگەوت.

هەروەها لە هەردوو سەحیحەکە هاتووە کە لە "ئەبوهورەیرە" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «قَاتَلَ اللّٰهُ

الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى، اتّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ». واتە: خوا جوولەکەو دیانەکان بکوژێت کە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت، هەروەها لە ڕیوایەتی موسلیمیشدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «لَعَنَ اللهُ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى، اتّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ». واتە: نەفرەتی خوا لە جوولەکەو دیانەکان بێت، کە گۆڕی پێغەمبەرانی خۆیان کرد بە مزگەوت.

هەروەها دەبینین کە پێغەمبەری ئەکرەم "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" لە پێش وەختی وەفاتیدا بەرهەڵستی کرد لەوە کە گۆڕەکان بکرێن بە مزگەوت، بگرە نەفرەتی نارد بۆ ئەوکەسانەی کە ئەم کارە دەکەن، لەوانە عائیشەی دایکمان (خوا لە خۆی و لە باوکی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کەوا پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" لە دوا ساتی نەخۆشیدا کە لەدوای ئەمە هەڵنەسایەوەو وەفاتی فەرموو، فەرمووی: «لَعَنَ اللهُ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ، وَلَوْلا ذلِكَ لأبرزَ قَبرُهُ غَيْرَ أَنَّهُ خُشِيَ أنْ يُتَّخَذَ مَسْجِداً» (متفق عليه). واتە: نەفرەتی خوا لە جوولەکەو دیانەکان بێت کە گۆڕی پێغەمبەرەکانی خۆیان گێڕا بە مزگەوت، خۆ ئەگەر لە بەر ئەوە نەبوایە ئەوە گۆڕی پیرۆزیم هەڵدەبەست، بەڵام پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لەوە ترساوە کە گۆڕەکەی بگێڕدرێت بە مزگەوت.

هەروەها "ئیمام ئەحمەد" لە موسنەدەکەی خۆی بە سەنەدێکی باش لە "عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «إنَّ مِنْ شِرَارِ النَّاسِ مَنْ تُدْرِكُهُمُ السَّاعَةُ وَهُمْ أَحْيَاءٌ، وَالَّذِينَ يَتَّخِذُونَ القُبُورَ مَسَاجِدَ». واتە: خراپترینی خەڵك ئەوانەن کە قیامەتیان بە سەر دادێت و هێشتا زیندوون، ئەوانەن کە گۆڕەکانیان دەگێڕا بە مزگەوت.

هەروەها لە "زەیدی کوڕی سابت" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «لَعَنَ اللهُ الْيَهُودَ اتَّخَذُوا قبورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ» (رواه الإمام أحمد). (پێشتر لێکدراوەتەوە)

هەروەها لە "ئیبنوعەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى

اللهُ عَلَيْهِ وَ علی آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «لَعَنَ رَسُولُ اللهِ صلّی اللهُ تعالی عَلَيْه وسَلمَ زَائِرَاتِ القُبُورِ وَالْمُتَّخِذِينَ عَلَيْهَا المَسَاجِدَ وَالسُّرُجَ» (رواه الإمام أحمد وأهل السنن) واته: پێغەمبەری خوا "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَ علی آلِهِ وسَلَّم" نەفرەتی کردووە لە زیارەتکارانی گۆڕو ئەوانەیش کە دەیانگێڕن بە مزگەوت و چراو مۆمیان لەسەر دا دەگیرسێنن.

هەروەها لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە کەوا لە "عومەری کوڕی خەتاب" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا "ئەنەسی کوڕی مالك" دەبێنێ لە لای گۆڕێك نوێژ دەکات، عومەریش ئاگاداری دەکاتەوە دەفەرموێت: (القبر، القبر) واتە: ئەمە گۆڕە گۆڕ! ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە لای سەحابەی کیرام (خوا لێیان ڕازی بێت) شتێکی نەگۆڕ بوو کەوا پێغەمبەرەکەیان بەرهەڵستی کردووە لەوە کە نوێژ لە تەك گۆڕێکەوە بکرێت.

دیارە کە ئەنەسیش ئەم کارەی کرد، یا ئەوەتا پێی وابووە کە درووستە، یان ئەوەتا ئاگای لێ نەبووە، یان نەیبینیوە،، کاتێکیش کە "عومەر" ئاگاداری کردەوە ئەویش بێدار بووەوە.

هەروەها لە "ئەبووسەعیدی خودری" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَ علی آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «الأَرْضُ كُلها مَسْجِدٌ إِلا الْمَقبَرَةَ وَالْحَمامَ» (رواه الإمام أحمد وأهل السنن الأربعة، وصححه أبو حاتم بن حبان). واتە: زەوی گشتی مزگەوتن، تەنها گۆڕو حەمام نەبێت. هەروەها لە فەرموودەی سەحیحی موسلیدا هاتووە کە لە ئەبی میرسەدی غینوا (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَ علی آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «لا تجْلِسُوا عَلَى القُبُورِ وَلا تُصَلوا إِلَيْهَا». واتە: لە سەر گۆڕ دامەنیشن و نوێژیشی ڕووەو نەکەن. دیارە ئەم فەرموودەش بۆچوونی ئەو کەسانە پووچ دەکاتەوە کە پێیان وایە بۆیە نوێژکردن لە گۆڕستان یان ڕووەو گۆڕ درووست نییە لە بەر پیسییەوە بوو بێت، دیارە ئەم بۆچوونەش زۆر دوورە لەو مەبەستەی کە پێغەمبەری خوا "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَ علی آلِهِ وسَلَّم" باسی لێوە کردووە، ئەویش لە چەند ڕووێکەوە' لەوانە:

١. تێکڕای فەرموودەکان ئەوە نیشان دەدەن کە هیچ تەوفیرێك لە نێو گۆڕە نوێکان و گۆڕە

هەڵدراوەکان نییە.

٢. پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَ علَى آلِهِ وسَلَّم" نەفرەتی کردووە لە جوولەکەو دیانەکان بە هۆکار ئەوە کە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان گێڕا بە جێژنگا! دیارە ئاشکاریشە کە ئەم بەرهەڵستی کردنە لەبەر ئەوە نەبوو کە گۆڕستانەکان پیس بن، چون گۆڕی پێغەمبەران پاکترین شوێنی سەر زەوین. بۆیەش خوای گەورە یاساغی کردووە لە زەوی کە لاشەی پێغەمبەران بڕزێنێ..

٣. بەرهەڵستی کردووە کە هەتا نوێژیان بەرەورووشیانەوە بکرێت.

٤. پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَ علَى آلِهِ وسَلَّم" پێی ڕاگەیاندووین کەو هەموو زەوی بۆ گێڕاوە بە مزگەوت، تەنها گۆڕستان و حەمام نەبێت، دیارە ئەگەر لەبەر پیسی بوایە، ئەوە وێڕای گۆڕستان و حەمام، کژوگیاو دڕکوداریشی دەگەڵ دەخست.

٥. شوێنی مزگەوتی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَ علَى آلِهِ وسَلَّم" گۆڕستانی موشریکەکان بوو، بۆیە ئەو کاتە گۆڕی موشریکەکانیان لێ دەرهێناو یەکسەر بە بێ ئەوەی پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَ علَى آلِهِ وسَلَّم" داوای خۆڵی تازە بکات بۆ ئەو شوێنە یەکسەر مزگەوتی لێ بەرزکردەوە. هەروەك لە "ئەنەس" دەگێڕنەوە کە "ئیمام مالك" ڕیوایەتی کردووە دەفەرموێ: «إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَدِمَ الْمَدِينَةَ فَنَزَلَ فِي عُلْوِ الْمَدِينَةِ فِي حَيٍّ يُقَالُ لَهُمْ بَنُو عَمْرِو بْنِ عَوْفٍ فَأَقَامَ فِيهِمْ أَرْبَعَ عَشْرَةَ لَيْلَةً ثُمَّ إِنَّهُ أَرْسَلَ إِلَى مَلَإِ بَنِي النَّجَّارِ فَجَاءُوا مُتَقَلِّدِينَ بِسُيُوفِهِمْ قَالَ فَكَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى رَاحِلَتِهِ وَأَبُو بَكْرٍ رِدْفُهُ وَمَلَأُ بَنِي النَّجَّارِ حَوْلَهُ حَتَّى أَلْقَى بِفِنَاءِ أَبِي أَيُّوبَ قَالَ فَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُصَلِّي حَيْثُ أَدْرَكَتْهُ الصَّلَاةُ وَيُصَلِّي فِي مَرَابِضِ الْغَنَمِ ثُمَّ إِنَّهُ أَمَرَ بِالْمَسْجِدِ قَالَ فَأَرْسَلَ إِلَى مَلَإِ بَنِي النَّجَّارِ فَجَاءُوا فَقَالَ يَا بَنِي النَّجَّارِ ثَامِنُونِي بِحَائِطِكُمْ هَذَا قَالُوا لَا وَاللَّهِ لَا نَطْلُبُ ثَمَنَهُ إِلَّا إِلَى اللَّهِ قَالَ أَنَسٌ فَكَانَ فِيهِ مَا أَقُولُ كَانَ فِيهِ نَخْلٌ وَقُبُورُ الْمُشْرِكِينَ وَخِرَبٌ فَأَمَرَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِالنَّخْلِ فَقُطِعَ وَبِقُبُورِ الْمُشْرِكِينَ فَنُبِشَتْ وَبِالْخِرَبِ فَسُوِّيَتْ قَالَ فَصَفُّوا النَّخْلَ قِبْلَةً وَجَعَلُوا عِضَادَتَيْهِ حِجَارَةً قَالَ فَكَانُوا يَرْتَجِزُونَ وَرَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَعَهُمْ وَهُمْ يَقُولُونَ اللَّهُمَّ إِنَّهُ لَا خَيْرَ

إِلَّا خَيْرُ الْآخِرَهْ فَانْصُرْ الْأَنْصَارَ وَالْمُهَاجِرَهْ» (رواه مسلم). واتە: پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَ علَى آلِهِ وسَلَّم" هات بۆ مەدینە لەسەرووی مەدینە دابەزی لەناوتیرەیەکدا پێیان دەگوتن: نەوەی "عەمری کوری عوف" چواردەشەو لەناویاندا مایەوە، پاشان ناردی بەدوای پیاو ماقولانی "بەنی نەججار" دا، ئەوانیش هاتن شمشێرەکانیان لەملیاندا بوو، راوی دەڵێ: هەر دەڵێی ئێستا چاوم لەپێغەمبەری خوایە "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَ علَى آلِهِ وسَلَّم" بەسەروشترەکەیەوە "ئەبوبەکر" وا لەپاشکۆیەو پیاوماقولانی "بەنی نەججار" دەوریان داوە هەتا گەیشتە بەردەم ماڵی "ئەبوئەییوب" دەڵێ: پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَ علَى آلِهِ وسَلَّم" لەهەر شوێنێك کاتی نوێژ بهاتایە نوێژی دەکرد، لەمۆڵگای مەریش نوێژی کرد، پاشان فەرمانی کرد بەدروستکردنی مزگەوت، دەڵێ: ناردی بەدوای پیاوماقولانی "بەنی نەججار" ئەوانیش هاتنو پێی فەرموون: ئەی "بەنی نەججار" مامەڵەی ئەم باخە خورمایەتانم لەگەڵ بکەن!، گوتیان : نەبەخوا نرخمان ناوێ تەنها لەخوای (عزوجل) نەبێ، "ئەنەس" دەڵێ: باخەکە دارخورماو گۆڕی موشریکەکانو چەند کەلاوەیەکیش تێدابوو، پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَ علَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمانیکرد بەبڕینی دارخورماکانو هەڵتەکاندنی گۆڕی موشریکەکان و کەلاوەکانیش تەختکران، دەڵێ: دارخورماکانیان لەلای قیبلەوە ریزکرد، دوولاکەیشی بەبەرد دانرا، دەڵێ : ئەوان سروودیان دەخوێندەوە، پێغەمبەری خواش "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَ علَى آلِهِ وسَلَّم" لەگەڵیانا هەموو دەیانگوت: خودایە هیچ ژیانی ڕاستەقینە نییە ژیانی ڕۆژی قیامەت نەبێت، خودایە ئەنسارو موهاجیرینش سەرخەی.

٦. پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَ علَى آلِهِ وسَلَّم" نەفرەتی کردووە لەوانەی کە گۆڕەکان دەکەن بە جێژنگا، دەی ئەگەر لە بەر پیسی بوایە، ئەوە دەبوو کە مزگەوتی لە سەر درووست بکرایە، بەڵام دەبینین کە خوا نەفرەتی کردووە لەوانەی کە مزگەوتی لە سەر درووست دەکەن..

٧. دەبینین کەوا نەفرەتکردن لەوانەی کە دەیکەن بە مزگەوت و لەوانەیش کە چرای لە سەر دا دەگیرسێنن بە یەك شت بەستووە، دەی کەواتە ئەو کەسەی ئەم حاڵە حاڵی بێت دوو نەفرەتی لە سەر خۆی پەسند کردووە، ئاشکرایشە کە هەر کارێ کە پێغەمبەری خوا "صَلّى

اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" لە سەر کردبێت دەکەوێتە جوغزی گوناهە گەورەکانەوە (الكبائر)، ئاشکرایە ئەوەی کە چراش لە سەر گۆڕدا دا دەگیرسێنێت لە بەر بەگەورەگرتنی گۆڕەکەیە، وە کردوویەتی بە پەیکەرێك، وەك ئەو پەیکەرانەی کە موشریکەکان کاتی خۆی دایاندەتاشی و دەیانپەرستن، بۆیە دەبینین ئەوانەی کە لە خۆشەویستی یارانی ئەشکەوتەکە (أصحاب الكهف) ڕۆچووبوون داوای ئەوەیان دەکرد کە ئەو شوێنە بگێڕن بە مزگەوت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَنَتَّخذَنَّ عَلَيْهِمْ مَسْجِدا﴾ (الكهف: ٢١) بۆیە دەشبینین کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" فەرمووی: «اللهُمَّ لا تجْعَلْ قَبْرِى وَثَناً يُعْبَدُ. اشْتَدَّ غَضبُ اللهِ عَلَى قَوْمٍ اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ» واتە: خودایە گۆڕەکەم مەکە بە بوتێك و بپەرسترێت، تووڕەیی خوا زیادی کرد ئەو کاتەی کە گەلێك گۆڕی پێغەمبەرانیان گێڕا بە مزگەوت. چونکە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" ئەمەی زۆر چاك دەبینی کە ئەوەی وا بکات، لە دواییا دەیشیپەرستێت!!

هەروەها "ئیمام شافعی" (بە ڕەحمەتبێت) دەفەرموێت: (قال أكره أن يعظم مخلوق حتى يجعل قبره مسجداً، مخافة الفتنة عليه وعلى من بعده من الناس) واتە: ڕقم لەوەیە کە درووستکراوێك هێندە گەورە بکرێت تا گۆڕەکەی بگێڕدرێت بە مزگەوت، لە ترسی ئەمان و ئەوانەی کە لە دوای ئەمانەوە دێن بکەونە ژێر باری فیتنەوە.

هەروەها لەوانەی کە بە شیرك و بە لاسایی کردنەوەی جوولەکەو دیانەکانیان چواندووە، وەك "أثرم" خاوەن کتێبی (ناسخ الحديث ومنسوخه) لە دوای ئەم دوو فەرموودەیەی کە یەکیان لە ئەبی سەعیدی خودری (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" فەرموویەتی: «جعلت لي الأرض مسجدا إلا المقبرة والحمام». واتە: زەویم بۆ گێڕدراوە بە مزگەوت، تەنها گۆڕو حەمام نەبێت. هەروەها فەرموودەی دووەم کەوا لە "زەیدی کوڕی جوبەیر"، ئەویش لە "داوودی کوڕی حوسسەین"، ئەویش لە "نافع" و ئەویش لە "ئیبنوعومەر" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" فەرموویەتی:«نهى عن الصلاة فى سبع مواطن، وذكر منها المقبرة» واتە: پێغەمبەری خوا " صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" بەرهەڵستی کردووە لەوە لە کە لە حەفت

شوێنان نوێژ بکرێت، لەوانە باسی: گۆڕستان دەکات، جا لێرە "ئەسرەم" دەڵێت: بۆیە نوێژکردن لە گۆڕستان بە باش نەزانراوە، چونکە لاسایی کردنەوەی خاوەن کتێبەکانە لەوە کە گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکانیان دەکرد بە مزگەوت.

هەروەها دەبینین کەوا بەرهەڵستی کردووە لەوە گۆڕەکان بگێڕدرێن بە جێژنگا.

جێژن (العيد) دەگونجێ چ کاتێکی دیاری کراوی هەبێت و چ شوێنێکی دیارکراو، لە ڕووی کات (زمان)ەوە وەك لە فەرموودەکەی پێغەمبەر "صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" هاتووە، کە دەفەرموێت: «يَوْمُ عَرَفَةَ وَيَوْمُ النَّحْرِ وَأَيَّامُ مِنًى، عِيدُنَا أَهْلَ الإِسْلَامِ» (رواه أبو داود وغيرهُ). واتە: ڕۆژی عەرەفەو ڕۆژی قوربانی و ڕۆژانی مینا جێژنی ئێمەی ئەهلی ئیسلامە. لە ڕووی شوێن (مکان)یشەوە وەك "ئەبووداوود" لە سونەنەکەی خۆیدا گێڕاویتیەوە کە دەفەرموێت یەکێ گوتی «يَا رَسُولَ اللهِ، إِنِي نَذَرْتُ أَنْ أَنْحَرَ إِبلاً بِبُوَانَةَ، فقالَ: أَبِها وَثَنٌ مِنْ أَوْثَانِ الْمُشْرِكِينَ، أَوْ عِيدٌ مِنْ أَعْيَادِهِمْ؟ قالَ: لا. قال: فَأَوْفِ بِنَذْرِكَ». واتە: ئەی پێغەمبەری خوا، من لەخۆم گرتووە کە لە بەرزایی (بوانه) حوشترێك بکەم بە قوربانی، پێغەمبەریش "صَلَّى اللّٰهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: ئایا هیچ بوتێك لە بوتەکانی بێباوەڕانی لێیە؟ یان کەس لەوان جێژنی لێ دەگێڕێت؟ ئەویش گوتی: نەخێر. پێغەمبەر "صَلَّى اللّٰهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: دەی مادام نەزرەکەی خۆت بە جێ بگەیەنە. هەروەها دەفەرموێت: «لا تَجْعَلُوا قَبْرِى عِيدًا». واتە: گۆڕی من مەکەم بە جێژنگا.

جێژن (العيد) لە موعاوەدەوە هاتووە یان لە ئیعتیاد (المعاودة، والاعتياد)ەوە هاتووە، ئەگەریش ناو بێت بۆ شوێنێك، ئەوە ئەو شوێنەیە کە خەڵکی لێی کۆ دەبنەوەو بە نیازی بەندایەتی یا شتی تر ڕووی تێ دەکەن، وەك مزگەوتی حەڕام و میینا و موزدەلیفەو عەرەفەو...هتد خوای گەورەش ئەم شوێنەی گێڕاوە بە جێژنگا، وەك ڕۆژەکانی بەندایەتیشی گێڕاوە بە جێژن.

بۆ موشریکەکانیش جێژنێکی زەمانی و مەکانیش بوو، کاتێکیش کەوا ئیسلام هات ئەو جێژنەی پووچ کردەوەو لە جێی ئەوە بە هەردوو جێژنی ڕەمەزان و قوربان بۆ مسوڵمانانی

گۆڕیەوە، ئەمە وەکو زەمان، لە ڕووی مەکانیشەوە ڕووگەی بەیتی حەڕام و عەرەفەو مینا و مەشاعیر گێڕدرا بە جێژنگا.

هەڵبەت گێڕانی گۆڕەکانیش بە مایەی جێژنگا، بریتیی بوو لە جێژنی موشریکەکان لە پێش ئیسلامدا هەبوو، کەچی پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ علیْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هات و ڕێگری و بەرهەڵستی لێ کردن.

پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" دەفەرموێت: «لا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قُبُورًا، وَلا تَجْعَلُوا قَبْرِي عِيداً، وَصَلُّوا عَلَيَّ فِإنَّ صلاتَكُمْ تَبْلُغُنِي حَيْثُ كُنْتُمْ» (رواه أبو داود عن ابي هريرة –رضي الله تعالى عنهم–). واتە: ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕ و گۆڕی منیش مەگێڕن بە جێژنگا، وە درووود لە سەر من بنێرن، چون درووودەکانتان لە هەر کوێ بن بە من دەگات.

هەروەها "ئەبوویەعلای موسڵی" لە موسنەدەکەی خۆیدا دەڵێت: لە "عەلی کوڕی حوسێن" دەگێڕنەوە، کەوا ڕۆژێ پیاوێکی بینی دەهاتە گۆشەیەك کە لە نزیك گۆڕەکەی پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ علیْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بوو و دوعای تیا دەخوێند، ئەویش بانگی کردو ڕێگری لێکرد، ئینجا پێی گوت: ئایا فەرموودەیەکەت بۆ باس بکەم، کە من لە باوکم ئەویش لە باپیرم گێڕاویتییەوە کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّٰهُ علیْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «لا تتخذوا قبرى عيدا، ولا بيوتكم قبوراً، فإن تسليمكم يبلغني أينما كنتم» (رواه أبو عبد الله محمد بن عبد الواحد المقدسى فى مختاراته). واتە: گۆڕی من مەگێڕن بە جێژنگا و ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، درووودەکانیشتان لە هەر کوێ بن بە من دەگات.

هەروەها لە "ئەبووسەعید مەولای موهری" دەگێڕێتەوە، کەوا پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ علیْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «لا تتخذوا بيتي عيداً، ولا بيوتكم قبوراً، وصلوا على حيثما كنتم، فإن صلاتكم تبلغني» واتە: ماڵی من مەکەن بە جێژنگاو ماڵی خۆیشتان مەکەن بە گۆڕستان، و درووودم لەسەر بدەن لە هەر کوێ بوون، چون درووودەکانتانم پێ دەگات.

"عەبدولعەزیزی کوڕی موحەممەد" ئەویش لە "سوهەیلی کوڕی ئەبی سوهەیل" دەگێڕێتەوە،

كەوا فەرموویەتی: "حەسەنی كوڕی حوسێنی كوڕی عەلی كوڕی ئەبووتالێب" لە ماڵی "فاتیمە" نانی دەخواردو منی لای گۆڕی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَّلَم" بینی بانگی كردم! وەرە نان بخۆ، ئەویش دەڵێ گوتم: نان ناخۆم، حەسەنیش دەڵێت: ئەوی ئەوە چی دەكەیت لای ئەم گۆڕە؟ ئەڵێ گوتم: هاتووم سەلام لە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَّلَم" بكەم، حەسەنیش پێی دەڵێت: ئەگەر چوویتە مزگەوت سەلام بكە، چونكە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَّلَم" فەرموویەتی: «لا تتخذوا بيتي عيداً، ولا تتخذوا بيوتكم مقابر، لعن الله اليهود والنصارى اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد، وصلوا علي فإن صلاتكم تبلغني حيثما كنتم" ما أنتم ومن بالأندلس إلا سواء» واتە: ماڵی من مەگێڕن بە جێژن و ماڵەكانیشتان مەكەن بە گۆڕستان، نەفرەتی خوا لە جوولەكەو دیانەكان بێت كە گۆڕی پێغەمبەرانیان گێڕا بە مزگەوت، (ئێوەش) درورد لە سەر من لێبدەن، چونكە دروودەكانتان لە هەر كوێ بن پێم دەگات، جیاوازیش نییە لێوان ئێوە كە لێرەن و ئەوانەیش كە لە ئەندەلوسن، هەموو وەك یەك (دروودیان بە من دەگات).

"شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: بەڵگە لێرە ئەوەیە كە ئاشكرایە گۆڕی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَّلَم"باشترین گۆڕە لە سەر ڕووی زەوی، كەچی دەبینین كە چۆن بەرهەڵستنی كردووە لەوە كە بگێڕدرێت بە جێژنگا، كەواتە گۆڕی غەیرەز ئەو حەوتجار ناشیاوترە كە بۆ جێژنگا بگێڕدرێت، پاشان دەبینین كە ئەم ڕەفتارەی لەگەڵ ئەو فەرمایشتە گێڕاوە كە دەفەرموێت: «ولا تتخذوا بيوتكم قبوراً» ماڵەكانتان مەكەن بە گۆڕ! یانی: ماڵەكانتان لە نوێژكردن تیایدا بێبەش مەكەن كە وەك گۆڕی لێ بكەن، چونكە ئەوە گۆڕستانە كە نوێژكردنی تیا یاساغە، پاشان لە دوای بەرهەڵستی كردنی لەوە كە گۆڕەكان بكرێت بە مایەی جێژنگا، فەرمووی: «وصلوا علي فإن صلاتكم تبلغني حيث كنتم» واتە: درورد لە سەر من لێبدەن، چونكە دروودەكانتان بە من دەگات لە هەر كوێ بن، ئەبینین ئاماژە دەدات بەو دروودناردنەی كە لە سەروبەندی نزیك بوونەوەمان لە گۆڕی پیرۆزی دەستگیر دەبێت، كەچی لە گەڵ ئەوە بەرهەڵستی لێكردووین كە نابێ گۆڕی پیرۆزی بگێڕدرێت بە جێژنگا.

بۆیە دەبینین هەر بەم شێوە بوو کە ئایینی پێغەمبەرانی تر دەستکاری کراو گۆڕانیان بەسەر داهات، خۆ ئەگەر خوا پارێزگاری لەم ئایینە پیرۆزەی ئیسلامیش نەکردبایە، بێگومان بە هەمان دەردی ئەوانەی پێشی دەچوو.

هەروەها هەر لە فەرمایشتەکانی سەبارەت بە ڕووکردنە گۆڕو نوێژ کردن لەسەری و هەڵبەستن و چراخانکردنی ئاڕاستەی زۆری کردووین، لەوانە هەروەك لە "سەحیحی موسلیم"دا هاتووە کە لە "هەییاجی ئەسەدی" دەگێڕێتەوە کەوا "عەلی کوڕی ئەبووتالێب" (خوا لێیان ڕازی بێت) فەرموویەتی: (ألا أبْعَثُكَ عَلَى مَا بَعَثَنِى عليهِ رَسُولُ صلّى اللهُ تَعالَى عَلَيْهِ وآله وَسلّم أَنْ لا تَدَعَ تِمْثَالاً إلا طَمَسْتَهُ، وَلا قَبْرًا مُشْرِفاً إلا سَوَّيْتَهُ). واتە: ئایا نەتنێرم بۆ کارێك کە پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" منی بۆ نارد؟ هیچ پەیکەرێك مەهێڵە و هەمووی تەفر و تونا بکە، هەرچی گۆڕی قوت کراوەش هەیە، هەمووی تەخت بکە.

هەروەها هەر لە "سەحیحی موسلیمدا" هاتووە کە لە "سەمامەی کوڕی شوفاش (خوا لێیان ڕازی بێت). دەگێڕنەوە دەفەرموێت: وەختێك لەگەڵ "فوزاڵەی کوڕی عوبید" لە مەملەکەتی ڕۆمەکان بووین، یەکێك لە هاوڕێکانمان دەمرێت، فوزاڵەش پێی گوتین: بڕۆن کفنودفنی بکەن و گۆڕەکەش لەگەڵ زەویدا ڕاستکەن، پاشان فەرمووی: «گوێم لە پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" بوو فەرمانیدا کە گۆڕەکان لەگەڵ زەویدا ڕاستکەن» کەچی دەبینین ئەم گۆڕپەرستانە زۆر لەدژی ئەم دوو فەرموودە دەوەستنەوە، دێن و گۆڕەکان هێندە هەڵدەبەستن کە وەك ژوورێکی ئاسایی لێدەکەن و بەرزی دەکەنەوەو گومبەزی لەسەر درووست هەڵدەبەستن!.

هەروەها سەبارەت بە گەچکاری و هەڵبەستنی گۆڕیش وەك لە "سەحیحی موسلیم"دا هاتووەو لە "جابر" دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: « نَهَى رَسُولُ اللّهُ صلّى اللّهُ تعالى عليهِ وآله وسلم عَنْ تَجْصِيصِ الْقَبْرِ، وَأَنْ يُقْعَدَ عَلَيْهِ، وَأنْ يُبْنَى عَلَيْهِ بِنَاءٌ». واتە: پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" بەرهەڵستی کردووە کە گەچکاری گۆڕ بکرێت و لەسەر دابنیشن و هەڵیببەستن.

هەروەها رێگری كردووە لە نووسین لە سەر گۆڕەكان، هەروەك لە فەرموودەی"ئەبووداوود" و "تیرموزی" هاتووە، كە لە "جابر" دەگێڕنەوە، كەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّٰه عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَم" فەرموویەتی: «نَهَى أنْ تُجَصَّصَ الْقُبُورُ، وَأنْ يُكْتَبَ عَلَيْهَا». واتە: بەرهەڵستی كردووە كە گەچكاری گۆڕەكان بكرێت و لە سەریان بنووسرێت. «تیرموزی دەفەرموێت: ئەم فەرموودە حەسەن و سەحیحە».

هەروەها بەرهەڵستی كردووە كە جگە لە خۆڵی خاكەكەی هیچ شتی تری لەسەر رووكرێت، هەروەك لە فەرموودەیەكی "ئەبووداود" كە لە "جابر" (خوا لێیان ڕازی بێت). گێڕدراوەتەوە كەوا پێغەمبەر "صَلّى اللّٰه عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَم": «نهى أن يجصص القبر، أو يكتب عليه، أو يزاد عليه». واتە: بەرهەڵستی كردووە لە گەچكاری گۆڕ بكرێ، یا لە سەری بنووسرێت، یا زیاتر لە ئاستی زەوی بەرز كرێتەوە.

بۆیە دەبینین كەوا "عومەری كوڕی عەبدولعەزیز" (خوا لێی ڕازی بێت). بەرهەڵستی كردووە لە پارە وەرگرتن لە بری گۆڕ هەڵبستندا، بۆیە وەسیەتی كرد كە لە دوای مردنی كەس گۆڕەكەی هەڵنەبەستێت. هەروەها "ئەسوەدی كوڕی یەزید" فەرمووی: (أن لا تجعلوا على قبری آجرا). واتە: لە سەر گۆڕی من پارە وەرمەگرن. هەروەها "ئیبراهیمی نەخەعی" دەیفەرموو: (كانوا يكرهون الأجر على قبورهم). واتە: پێیان ناخۆش بوو كە پارە لە سەر گۆڕەكانیان وەربگیرێت. هەروەها "ئەبووهورەیرە" (خوا لێی ڕازی بێت). لە كاتی سەرەمەرگا فەرمووی: (أن لا تضربوا على قبری فسطاطاً). واتە: خیوەت لە سەرم گۆڕم هەڵمەدەن. بۆیە "ئیمام ئەحمەد"یش هەر پێی ناخۆش بووە كە قەفەز لەسەر گۆڕەكەی هەڵبەستن و چرای تیا داگیرسێنن.

"ئەبوومحەمەدی مەقدیسی" دەفەرموێت: (ئەگەر چراخانكردنی گۆڕ درووست بوایە، ئەوە پێغەمبەری خوا نەفرەتی لە بكەرانی نەدەكرد، چونكە بریتییە لە پارە بەزایەدان و خەرجكردن و بە فیرۆدانێكی بێهوودە، ئەمە جگە لەوە وەك بەگەورەگرتنی بوت و پەیكەرەكان وایە).

هەروەها "عائیشەی دایکمان" (خوا لێی ڕازی بێت). دەیفەرموو: (بۆیە گۆڕی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" هەڵنەبەسترا لە ترسی ئەوە نەکا بکرێت بە مزگەوت) چونکە نوێژکردن لە سەر گۆڕ وەك سوژدەبردنە بۆ بوتەکان.

بێگومان هەر کەسێکیش بزانێت کە مردووەکان چەندە بەم کارەی ئەو خەڵکە ئەیکەن لە گەورە گرتن و هەڵبەستن و گێڕانیان بە جێژنگا نا ڕەحەت و تووڕەن، ئەوە زۆر کەم دەبوون ئەوانەی کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن. هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللهِ فَيَقُولُ أَأَنْتُمْ أَضْلَلْتمْ عِبَادِي هؤُلَاءِ أَمْ هُمْ ضَلُّوا السَّبِيلَ * قَالُوا سُبْحَانَكَ مَا كانَ يَنْبَغِي لَنَا أنْ نَتَّخِذَ مِنْ دُونِكَ مِنْ أَوْلِيَاءَ وَلكِنْ مَتَّعْتهُمْ وَآبَاءَهُمْ حَتَّى نَسُوا الذكْرَ وَكَانُوا قَوْماً بُورًا﴾ (الفرقان: ١٧-١٨). واتە: ڕۆژێك دێت خوا بێباوەڕان کۆدەکاتەوە و هەموو ئەو شتانەش کە لەجیاتی خوا دەیانپەرست، ئەوسا (خوا ڕوو بەپەرستراوەکان) دەفەرموێت: ئایا ئێوە ئەو بەندانەی منتان گومڕا کرد؟ یاخود خۆیان ڕێبازی ڕاستیان وێڵ کرد و گومڕا بوون ؟ لە وەڵامدا دەڵێن: خوایە، پاکی و بێگەردی بۆ تۆیە، هەرگیز ڕەوا نییە ئێمە جگە لە تۆ کەسێك، یان شتێکی تر بپەرستین یان بیکەینە پشتیوان و یاوەری خۆمان، بەڵام تۆ نازو نیعمەتت بەو خەڵکە گومڕاییە و باوو باپیرانیان بەخشی بوو، ئیتر هەموو یاداوەری و یاد خستنەوەکانیان فەرامۆش کرد و بوونە قەومێکی بێخێر و تیاچوو.

بۆیە دەبینین کە خوای گەورە بە موشریکەکانی دەفەرموو: ﴿فقَدْ كَذَّبُوكُمْ بِمَا تَقُولُونَ فمَا تَسْتَطِيعُونَ صَرْفاً وَلا نَصْراً﴾ (الفرقان: ١٩). واتە: (ئەوسا بەسەر گەردانەکان دەگوترێت) ئەوەتە پەرستراوەکان گوفتاری ئێوەیان بە درۆ خستەوە، ئیتر نە دەتوانن لە سزای خوایی خۆتان دەرباز بکەن، نە دەتوانن پشتیوانێك بە دەست بهێنن، جا هەر کەستان بیەوێت ستەمێك بکات، ئەوە ئێمە سزایەکی سەخت و گەورە وسامناکی پێ دەچێژین. هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ اللهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنْتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنَ مِنْ دُونِ اللهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍ﴾ (المائدة: ١١٦). واتە: کاتێکیش خوا (هەر لە قیامەتدا) فەرمووی: ئەی عیسای کوڕی مەریەم، ئایا ئەوەتۆ بەخەڵکیت گوتوە: منیش و دایکیشم بە دوو خوا دابنێن لە خوار خوای پەروەردگارەوە؟ عیسا لە وەڵامدا وتی:

پاکی و بێگەردی و بێ هاوەڵی شایستەی تۆیە، بۆم نییە من شتێك بڵێم بۆ خۆم کە مافی من نەبێت؟! (چۆن حەق بەخۆم دەدەم شتی وا بێت بە زارمدا؟!) یاخود دەفەرموێت: ﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعاً ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلائِكَةِ أَهؤُلاءِ إِيَّاكُمْ كانُوا يَعْبُدُونَ قَالُوا سُبْحَانَكَ، أَنْتَ وَلِيُّنَا مِنْ دُونِهِمْ بَلْ كانُوا يَعْبُدُونَ الْجِنَّ أَكْثَرُهُمْ بِهِمِ مُؤْمِنُونَ﴾ (سبأ: ٤٠-٤١). واتە: ڕۆژێك دێت کە هەموان کۆدەکرێنەوە (ئەوسا خوا بە فریشتەکان دەفەرموێت: (بەڕاست)، ئەوانە ئێوەیان دەپەرست؟!، (لە وەڵامدا) دەڵێن: پاکیی و ستایش بۆ تۆ (ئەی پەروەردگار) تۆ یارو یاوەری ئێمەی نەك ئەوان، بەڵکوو ئەوانە پەرییان دەپەرست، زۆربەیان باوەڕیان پێیان هەبوو

هەروەها بە گەورەگرتن و نوێژکردن لە سەرگۆڕو گەچکاری و هەڵبەستنی، بەنرخترگرتنییەتی لە باشترین و خۆشەویسترینی سەر زەوی کە مزگەوتە، دەبینین کە بابای گۆڕپەرستان گۆڕەکان بەگەورە دەگرن ڕێزی لێدەنێن و خشووعەت و ترسی لە بەردەمدا دەنوێنن و دڵەکانیان پێ گەرم و ئاودەدەن و ئیعتیکافی لە تەکا دەکێشن، بە چەشنێ کە لە مزگەوتەکاندا کاری لەو چەشنە نانوێنن! لە سەر حسێبی ئەم بیدعە بێ سەنگەیان دەبینین کە گۆڕەکان هەڵدەبەستن مزگەوتەکان وێران و تەخت دەکەن!! ئایین و بەرنامەی خواش کە پێغەمبەری پێ هەناردووە، هاتووە تا لە دژی ئەم ڕەفتارە هەوڵ بداو تێبکۆشێت، کەچی لەمسەر خراترین و سەرلێشێواوترین و ناشارەزاترین گرۆ لە دین و زانستی شەرعی سەرزەوی کە ڕافیزەکانن، هاتوون گۆڕەکانیان هەڵبەست و مزگەوتەکانیان تەخت و لە بن هەڵکێشا!!.

دەبینین کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" ڕێگەی پێداین کە هەندە سەردانی گۆڕەکان بکەین تاکوو ڕۆژانی پەسلانمان بێتەوە یاد، دوعا بۆ مردووەکان بکەین و بەزەییان بۆ بنوێنین و داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەین، کەچی دڵی ئەم موشریکانە شتێکی تر دەخوازن، دەچن گۆڕەکان بەم کارانەیان کە دەیکەن دەپەرستن و لێیان دەپاڕێنەوەو داوای مراز حاسڵ بوونیان لێ دەکەن و پیرۆزییان پێوە دەلکێنن .. هتد.

لەمسەریشەوە ئەگەر لە زیارەتی ئەهلی ئیمان بۆ گۆڕەکان ڕابمێنین و بزانین چەندە تەوفیریان هەیە کاتێ کە سەردانی گۆڕی کەسێ دەکەن چی دەکەن و چی دەڵێن ئەو دەم ئایینی ڕاستەقینەو بێ غەل و غەشی ئەم دینەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە چەندە ئایینێکی بە پێزو بەهێزە و چەندە دەق و فەرمایشتەکانی لە بەرژەوەندی بەندەکاندایە.

"عائیشەی دایکی بڕواداران" (خوا لە خۆی و لە باوکی ڕازی بێت) دەفەرموێ: «كانَ رَسولُ اللهِ صلى الله تعالى عليهِ وآلهِ وَسلم كُلَّمَا كانَ لَيْلَتُهَا مِنْهُ يَخْرُجُ مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ إلَى الْبَقِيعِ، فَيَقُولُ: السَّلامُ عَلَيْكُمْ دَارَ قَوْمٍ مُؤْمِنِينَ، وَأَتَاكُمْ مَا تُوعَدُونَ غَدًا، مُؤَجَّلُونَ، وَإنَّا إنْ شَاءَ اللهُ بِكُمْ لاحِقُونَ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لأَهْلِ بَقِيعِ الغَرْقَدِ» (رواه مسلم). واتە: پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" هەموو ئەو شەوانەی کە نۆبەتی عائیشەی بوو لە ئاخری شەوا دەچوو بۆ (گۆڕستانی بەقیع) و دەیفەرموو: سلاوتان لێ بێت ئەی ماڵی گرۆی ئیماندار، ئەو بەڵێنانەی کە پێتان درابوو بەیانی یا لە دوایی پێتان دەگات، ئێمەش بە ویستی خوا پێتان دەگەینەوە، خودایە لە ئەهلی بەقیعی غەرقەد خۆش بە. هەروەها هەر لە "سەحیحی موسلیم"دا هاتووە کە دەفەرموێت: «أَنَّ جِبْرِيلَ أَتَاهُ، فَقَالَ: إنّ رَبّكَ يَأْمُرُكَ أَنْ تَأْتِيَ أَهْلَ الْبَقِيعِ، فَتَسْتَغْفِرَ لَهُمْ قَالَتْ: قُلْتُ: كَيْفَ أَقُولُ لَهُمْ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قالَ: قُولِي: السَّلامُ عَلَى أَهْلِ الدِيَارِ مِنَ الْمُؤمِنِينَ وَالْمُسْلمِينَ، وَيَرْحَمُ اللهُ الْمُسْتَقْدَمِينَ مِنَّا وَالْمُسْتَأْخرِينَ، وَإنَّا إنْ شَاءَ اللهُ بِكُمْ لَلاحِقُونَ». واتە: جوبریل هاتە لای پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" و فەرمووی:پەروەردگارت فەرمانت پێ دەکات کە بچتە لای ئەهلی بەقیع و داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەیت، (عائشە) گوتی: چیان پێ بڵێم ئەی پێغەمبەری خوا (کاتێ کە چووم بۆ بەقیع)؟ پێغەمبەریش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" فەرمووی، بڵێ: سلاوتان لێ بێت ئەی ماڵی گرۆی بڕواداران و موسڵمانان، خوا ڕەحم بەوانەی لە پێشداو ئەوانەی لە دوایدا هاتن بکات، وە ئێمەش بە ویستی خوا ئەگەینەوە بە ئێوە.

هەروەها دیسان لە "سەحیحی موسلیم"دا هاتووە کە لە "سولەیمانی کوڕی بورەیدە" ئەویش لە باوکی گێڕاویەتەوە، دەفەرموێت: «كانَ رَسُولُ اللهِ صلى اللهُ تعَالى عليه وَآلهِ وسلم يُعَلمُهُمْ إذَا خَرَجُوا إِلَى الْمَقَابِرِ أَنْ يَقُولُوا: السَّلامُ عَلَى أهلِ الدِيَارِ». واتە: پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ

و عَلَى آلِهِ سَلَّم" (بڕوادارانی) فێر دەکرد کە کاتێ بۆ گۆڕستان دەرکەوتن و بڵێن: سڵاوی خواتان لێ بێت ئەی ماڵی گرۆ باوەڕداران. لە دەستەواژەیەکی تردا دەفەرموێت: «السلام عليكم أهل الديار من المؤمنين والمسلمين، وإنا إن شاء الله بكم لاحقون. نسأل الله لنا ولكم العافية». واتە: سڵاوتان لێ بێت ئەی ماڵی گرۆی بڕواداران و مسوڵمانان، ئێمە بە ویستی خوا ئەگەینەوە بە ئێوە، لە خوا دەخوازین کە خۆشی و ئاسوودەیی بە ئێمەو بە ئێوە ببەخشێت.

هەروەها هەمدیس لە "بورەیدە" (خوا لێی ڕزی بێت). دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" فەرموویەتی: «كُنْتَ نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ، فَمنْ أرَادَ أَنْ يَزُورَ فَلْيَزُرْ، وَلَا تَقُولُوا هُجْرًا» (رواه أحمد والنسائی). واتە: من بەرهەڵستیم لێ کردبوون کە زیارەتی گۆڕەکان بکەن، بەڵام (ئێستا) ئەوەی دەیەوێت کە زیارەت کات با بیکات، بەڵام شتێك مەڵێن کە شیاو نەبێت.

**پێغەمبەری خوا** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" **سەرەتا بەرهەڵستی کرد لە پیاوان کە** زیارەتی گۆڕەکان بکەن، ئەویش لە ترسی ئەوە کە نەکا دەرگای شیرکیان بۆ ئاوەڵا بێت، **کاتێکیش کە تەوحید و یەکخواناسی لە دڵیاندا باش ڕەگی خۆی داکوتا، ئینجا ڕێگای پێدان** کە کێ دەیەوێت دەتوانێت کە سەر لە گۆڕەکانیان بدات بەو مەرجە کە شتێك لە گوفتار یان **ڕەفتاریان نە پشکوێتەوە کە شیرکو هاوتاپەرستییان لە حاڵدا سەر هەڵبدا..**

پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" وەك لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە و لە ئەبی هورەیرە (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا فەرموویەتی: «زُورُوا القُبُورَ، فَإِنّهَا تذكرُ المَوْتَ». واتە: زیارەتی گۆڕەکان بکەن، چون مردن دەهێنێتەوە یاد.

هەروەها لە "ئەبووتاڵیب" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە وەك ئیمام ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" فەرموویەتی: «إِنِي كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ فَزُورُوهَا فَإِنّهَا تُذكرُكُمُ الآخِرَةَ». واتە: من بەرهەڵستیم کردبوون کە زیارەتی

گۆڕەکان بکەن، (بەڵام ئێستا) سەردانیی بکەن، چون مردنتان دێنێتەوە یاد.

هەروەها لە "ئیبنوعەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە، دەفەرموێت: «مَرَّ رَسُولُ اللهِ صلّى اللهُ تَعالى عليهِ وآلهِ وسلمَ بِقُبُورِ المَدِينَةِ، فَأَقْبَلَ عَلَيْهِمْ بِوَجْهِهِ، فقالَ: السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ يَا أَهْلَ القُبُورِ، يَغْفِرُ اللهُ لَنَا وَلَكُمْ، وَنَحْنُ بِالأَثَرِ» (رواه أحمد، والترمذی وحسَّنه). واتە: پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" بە لای گۆڕەکانی مەدینەدا ڕەت بوو و ڕووی تێکردن و فەرمووی: سڵاوی خواتان لە سەر بێت ئەی خەڵکی گۆڕەکان، خوا لە ئێمەو لە ئێوە خۆش بێت، وە ئێمە شوێنهەڵگری (ئێوەین).

هەروەها لە "ئیبنومەسعوود" (خوا لێیان ڕزای بێت) دەگێڕنەوە، کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" فەرموویەتی: «كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيارَةِ القُبُورِ فزوروا القُبُور، فَإِنّهَا تُزَهِّدُ فی الدُّنْيَا، وتُذَكِرُ الآخِرَةَ» (رواه ابن ماجه). واتە: من بەرهەڵستیم کردبوون کە زیارەتی گۆڕەکان بکەن، (بەڵام) ئێستا سەردانیی بکەن، چون زوهد لە دونیادا (دێنێتە) بەرو ئاخیرەت دەهێنێتە یاد.

هەروەها لە "موسنەدی ئیمام ئەحمەد"دا هاتووە کە لە "ئەبووسەعیدی خودری" (خوا لێی ڕازی بێت)، دەگێڕێتەوە: کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" فەرموویەتی: «كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ القُبُورِ، فَزوروُهَا فَإنَّ فِيهَا عِبْرَةً». واتە: من بەرهەڵستیم کردبوون کە زیارەتی گۆڕەکان بکەن، (بەڵام ئێستا) زیارەتیان بکەن، چون مایەی عیبرەت و پەند وەرگرتنە.

لەو ڕێنموونی و فەرمایشتانەی کە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" لە ڕێو ڕەسمی زیارەتی گۆڕەکان کە بۆ ئوممەتەکەی بە شەرع گێڕاوە و فێری کردوون کە دەبێ چۆن بن و چی بکەن، ئایا شتێ بۆ گۆڕ پەرستەکان و بیدعەکاران دەمێنێ تا کارەکانیان بیانووی پرووپووچ بهێننەوە؟

ئـــــــای! "مالیکی کوڕی ئەنەس" ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) چەند جوانی فەرمووە کە

دەبێژێ: (لن يصلح آخر هذه الأمة إلا ما أصلح أولها. ولكن كلما ضعف تمسك الأمم بعهود أنبيائهم، ونقص إيمانهم، عوضوا عن ذلك بما أحدثوه من البدع والشرك). قەت ئاخری ئەم ئوممەتە ساڵح و ساز نابن، تا پێشووەکانیان نەسازێن و نەسوڵحێن، هەرکاتێك ئوممەتان لاوازبن خۆ دەگرن بە سەردەمی پێغەمبەران و لاوازی ئیمانیان، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەمەش پەنا بۆ بیدعەو شیرك دەبەن.

بۆیە دەبینین کە سەلەفی ساڵحمان چۆن لە هەمیشە لەبەرگوپۆشاکی تەوحید وەدیار دەکەوتن، هەتا کە یەکێکیان دەچوو بۆ سەر گۆڕی پێغەمبەری "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ و عَلَی آلِهِ سَلَّم" و سەلامیان لێی دەکرد، پاشان بۆ دوعاکردن پشتیان لە گۆڕەکەی دەکرد و ڕوویان لە قیبلە دەکرد و دوعایان دەکرد و لە خوا دەپاڕانەوە.

وەك "سەلەمەی کوڕی وەردان" بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: "ئەنەسی کوڕی مالیك"م بینی بۆ دوعاکردن پشتی لە گۆڕی پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ و عَلَی آلِهِ سَلَّم" کردبوو لە خوا دەپاڕایەوەو دوعای دەکرد.

یان دەگێڕنەوە کە هەر چوار پێشەواکە بۆ دوعاکردن ڕوویان دەکردە قیبلەو دوعایان دەکرد، هەتا هەبوو لە سەر گۆڕی پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ و عَلَی آلِهِ سَلَّم" دوعای نەدەکرد، چونکە دەیانزانی کە دوعاکردن عیبادەتە. وەك لە فەرموودەی "تیرموزی"دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ و عَلَی آلِهِ سَلَّم" فەرموویەتی: «الدُّعَاءُ هُوَ الْعِبَادَةُ». واتە: دوعا بەندایەتییە.

**پوختەی** قسان ئەوەیە: کەوا ئینسان بە مردنی کۆتایی بە کردەوەکانی دێن، کاتێکیش کە دەمرێت پێویستی زۆری بە دوعا و شەفاعەتی زیندووەکان هەیە، بۆیە خوای گەورە بە شەرعی گرتووە کە لە کاتی نوێژکردن لەسەر مردوو، دوعای خێریان بۆ بکەین، وەك "عەوفی کوڕی مالیك" (خوا لێی ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: «صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى جَنَازَةٍ فَحَفِظْتُ مِنْ دُعَائِهِ وَهُوَ يَقُولُ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ وَارْحَمْهُ وَعَافِهِ وَاعْفُ عَنْهُ وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ وَوَسِّعْ مُدْخَلَهُ وَاغْسِلْهُ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ وَنَقِّهِ مِنْ الْخَطَايَا كَمَا نَقَّيْتَ الثَّوْبَ الْأَبْيَضَ

مِنْ الدَّنَسِ وَأَبْدِلْهُ دَارًا خَيْرًا مِنْ دَارِهِ وَأَهْلًا خَيْرًا مِنْ أَهْلِهِ وَزَوْجًا خَيْرًا مِنْ زَوْجِهِ وَأَدْخِلْهُ الْجَنَّةَ وَأَعِذْهُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ أَوْ مِنْ عَذَابِ النَّارِ قَالَ حَتَّى تَمَنَّيْتُ أَنْ أَكُونَ أَنَا ذَلِكَ الْمَيِّتَ» (رواه مسلم). واتە: پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" لەسەر تەرمێك نوێژی كردو نزای كرد، منیش لە نزاكەی ئەمەم لەبەر كرد: ((خوایە گیان لێی خۆش ببە و ڕەحمی پێ بكە، ئاسودەی بكە و چاوپۆشی لێ بكە، ڕێزی بگرەو شوێنی فراوانی پێ ببەخشە، بە ئاو و بەفر و تەرزە بیشۆ، لە گوناھ پاكی بكەرەوە ھەروەكو چۆن پۆشاكی سپی پاك ئەبێتەوە لە چڵك و پیسی، ماڵ و حاڵێكی چاكتر لەوەی خۆی پێ ببەخشە، كەس و كارێكی چاكتریش لەكەس و كارەكەی، ھاوسەرێكی چاكتریش لە ھاوسەرەكەی، بیخەرە بەھەشتیشەوە، پەناشی بدە لە سزای گۆڕ و سزای ئاگر. ئالەو كاتەدا پڕ بەدڵ ئاواتم دەخواست ئەو مردوە من بومایە.

ھەروەھا ئەبووھورەیرە (خوا لێی ڕای زبێت) دەفەرموێت: «سمعت رسول الله صلى الله تعالى عليه وآله وسلم يقول في صلاته على الجنازة: "اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبُّهَا، وَأَنْتَ خَلَقْتَهَا وَأَنْتَ هَدَيْتَهَا لِلإِسْلاَمِ، وَأَنْتَ قَبَضْتَ رُوحَهَا وَأَنْتَ أَعْلَمُ بسرهَا وَعَلانِيَتِهَا جِئْنَا شُفَعَاءَ فَاغْفِرْ لَهُ» (رواه الإمام أحمد). واتە: گوێم لە پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" بوو كە لە نوێژی مردوودا دەیفەرموو: خودایە تۆ پەروەردگاری ئەویت، تۆ دروستت كردووە ھەر تۆش ڕێنماییت كردووە بۆ ئیسلام، تۆ گیانیت كێشاوەو ھەر تۆش بە نهێنی و ئاشكرای ئەزانیت، ھاتووین تكا بكەین (خوایە) لێی خۆشبە.

ھەروەھا لە "سونەنی ئەبووداوود" ھاتووە كە لە "ئەبووھورەیرە" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە كەوا پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" فەرموویەتی: «إِذَا صَلَّيْتُمْ عَلَى الميت فَأَخْلِصُوا لَهُ الدُّعَاءَ». واتە: ئەگەر نوێژتان لە سەر مردوو كرد بە پاكی دوعای بۆ بكەن. ھەروەھا "عائیشەی دایكمان" (خوا لە خۆی و لە باوكی ڕازی بێت) و "ئەنەسی كوڕی مالیك" (خوا لێیان ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕنەوە، كەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" فەرموویەتی: «مَا مِنْ مَيتٍ يُصَلى عَلَيْهِ أُمَّةٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ يَبْلُغُونَ مِائَةً كُلُّهُمْ يَشْفَعُونَ لَهُ، إلاّ شفعوا فِيهِ» (رواه مسلم). واتە: ھەر مردوویەك كۆمەڵێك لە مسوڵمانان نوێژی لە سەر بكەن كە ژمارەیان بگاتە سەد كەس و تكای بۆ بكەن، ئەوە تكایان گیرا دەبێت بۆی.

هەروەها لە "ئیبنوعەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت). دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی «أَنَّهُ مَاتَ ابْنٌ لَهُ بِقُدَيْدٍ أَوْ بِعُسْفَانَ، فَقَالَ: يَا كُرَيْبُ، انْظُرْ مَا اجْتَمَعَ لَهُ مِنَ النَّاسِ، قَالَ: فَخَرَجْتُ، فَإِذَا نَاسٌ قَدِ اجْتَمَعُوا لَهُ، فَأَخْبَرْتُهُ. فَقَالَ: تَقُولُ: هُمْ أَرْبَعُونَ؟ قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: أَخْرِجُوهُ، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" يَقُولُ: "مَا مِنْ رَجُلٍ مُسْلِمٍ يَمُوتُ، فَيَقُومُ عَلَى جَنَازَتِهِ أَرْبَعُونَ رَجُلًا، لَا يُشْرِكُونَ بِاللَّهِ شَيْئًا، إِلَّا شَفَّعَهُمُ اللَّهُ فِيهِ"». واتە: ئیبنو عەبباس کوڕێکی لە (قديد) یان (عسفان) «دوو شوێنن لە مەککەو مەدینە» مرد، گوتی: (كريب) سەیرکە ! بزانە چەند کەس کۆبونەتەوە لەسەری، منیش چووم بینیم خەڵکێك کۆبونەتەوە لەدەوری هەواڵەکەم بۆ بردەوە گوتی: تۆ دەڵێی چل کەسێك دەبن؟ گوتم: بەڵێ، گوتی: بیهێنە دەرەوە، چونکە من لە پێغەمبەری خوام "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ و عَلَى آلِهِ سَلَّم" بیستووە کە فەرمویەتی: «هەرکەسێکی موسڵمان بمرێت و چل کەس ئامادەی کفن کردن و ناشتنی بن و نوێژی لەسەر بکەن لەوانەی کە هیچ هاوەڵێك بۆ خوا بڕیار نادەن، خوای گەورە تکایان گیرا دەکات بۆی»

ئەمانەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێدان تێکڕا هۆکاری نوێژکردنن لە سەر مردوو، کە بریتییە لە ئیستیغفارو دوعا و شەفاعەت بۆ کردنی. ئاشکرایشە کە بابای مردوو کە تا لە ناخی گۆڕدایە زیاتر پێویستی بە دوعاو بەزەیی هەیە، چونکە لە حاڵەتی پرسیارو وەڵامی نەکیرو مونکەڕ دایە. بۆیە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَ عَلَى آلِهِ وسَلَّم" دوای دەفنی مردوو لە سەر گۆڕەکە دوێستا دەیفەرموو: «سَلُوا لَهُ التَّثْبِيتَ، فَإِنَّهُ الآنَ يُسْأَلُ». چون دەیزانی کە مردوو لە دوای دەفن کردنی پێویستی زۆر بە دوعا هەیە، بۆیە بابای مسوڵمان ئەبێ لەم هەقیقەتە بگات، کە دەبێت دوعا بۆ مردووەکان بکرێت نەك دوعای پێ بکرێت، ئەبێ شەفاعەتی بۆ بکەین، نەك پێی بکەین.

کەچی حەیفێ: ئەهلی بیدەع و شیرك هەموو شتێکیان گۆڕیوە، لە جێی پاڕانەوە بۆ مردوو، هاتوون لە مردوو دەپاڕێنەوە، لە جیاتی شەفاعەت بۆ کردنی، دێن داوای شەفاعەتی لێ دەکەن!!

کەچی ئەگەر بێین و لە حاڵی سەحابەی کێرام و تابعین و شوێنکەوتووانی پێغەمبەری

ئەکرەم "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" وردبینەوە، دەبینین زۆر بەجوانی لە ئامۆژگاری و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" حاڵی ببوون، بۆیە بە موو لێیان لا نەئەداو زۆر چاك لەوە ئەگەیشتن کە لە کاتی سەردانکردنی گۆڕەکان ئەبێ چی بکرێ و چیان بۆ بکرێت.

بینیمان کە "عومەری کوڕی خەتتاب" (خوا لێی ڕازی بێت). چۆن کە بینی "ئەنەس" (خوا لێی ڕازی بێت) لە سەر گۆڕێك نوێژ دەکات و دەنگی هەڵبڕی پێی فەرموو: ئەمە گۆڕە گۆڕ! ! (واتە: وریا بە نوێژکردن لە سەر گۆڕ درووست نییە!).

هەروەها "موحەممەدی کوڕی ئیسحاق" لە "یونسی کوڕی بەککیر"، ئەویش لە "ئەبووخولدەی خالیدی کوڕی دینار" دەگێڕێتەوە کەوا "ئەبوولعالیە" فەرموویەتی: کاتێ کە فەتحی تەستر (شارێکی فارسی نشینەکانە)مان کرد، لە بەیتولمالی هورموزان چوارپایەکمان بینی مردووێکی لەسەر پاڵ خرابوو و لە پاڵسەری قورئانێك دانرابوو، دەڵێ: ئێمەش قورئانەکەمان هەڵگرت بۆ لای "عومەری کوڕی خەتتاب"مان برد، ئەلێت: من یەکەم کەس بووم وەك چۆن قورئان دەخوێنمەوە ئاوا ئەویشم خوێندەوە، "ئەبووخولدە" ئەڵێ: بە "ئەبووعالیە"م گوت: چی تیا بوو؟ ئەویش گوتی: ژیان و کارو قسەو وتەکانی ئێوە، لە دوای ئەو کەسە (واتە: مردووەکە) کەسی تر هاوشێوەی کاهینێتی ئەو نییە، پرسیم: ئەی چیتان لە مردووەکە کرد؟ ئەویش گوتی: بە ڕۆژ سێزدە گۆڕمان لە شوێنی جیا جیادا هەڵکەندو بە شەویش لە گۆڕێکماندا هاویشت و هەموو گۆڕەکانی تریشمان وەك گۆڕ پڕ کردەوە! بۆ ئەوەی خەڵکی لێیان تێکچێ و نەتوانن دەستنیشانی بکەن و لە گۆڕ دەری بهێنن. ئەڵێ گوتم: باشە خەڵکی چییان لێی دەویست؟ ئەڵێ: گوتی: ئەگەر خوا ئاسمانی بگرتایەو بارانی نەباراندبوایە، ئەوان دەچوون تەرمەکەیان بە چوارپایەکەوە بەرز دەکردەوە تاکوو خوا بارانیان بۆ ببارێنێت،! ئەڵێ گوتم: جا ئەم پیاوە کێ بوو؟ ئەڵێ: گوتی: پیاوێك بوو پێیان دەگوت: "دانیال"، ئەڵێ گوتم: چەند دەبوو مردبوو؟ ئەویش گوتی: سێسەد دانە ساڵ دەبوو، ئەڵێ گوتم: یانی هیچ شتێکی لێ نەگۆڕابوو؟ ئەڵێ گوتی: نەخێر، چەند تاڵە موویێك نەبێت کە لە قژی دا هەڵوەریبوو، چون زەوی لاشەی پێغەمبەران نارزێنێ و

جڕووجانەوەریش دەستیان پێیان ناگات.

کەواتە: لە سەرو بەندی ئەم ڕووداوەوە دەبینین کە چۆن موهاجیرین و ئەنسارِ بۆ ڕێگرتن لە شیرك و بیدەعەی ناحاڵی بووان لە خەڵکەکەیان گۆڕی تا جارێکی تر دەستیان بەم پیاو چاکەوە نەگات، خۆ ئەگەر وایاننەکردایە، ئەوە ئەگەر خەڵکانی دوای ئەمان دەستیان وەبەری ڕاگەیشتبا، ئەوە ئێستا دەمێك بوو خەڵکی پێیەوە گرفتار دەبوون و لە جێی خوادا دەیانپەرست.

کەوابوو ئەگەر دواعاکردن و پاڕانەوە و نوێژکردن لە سەر گۆڕەکان شتێکی باش بوایە، ئەوە موهاجیرین و ئەنسارِ ئالآیەکی لە بن پاڵی ئەم گۆڕە هەڵدەکرد و لەوێ لە خوا دەپاڕانەوە و دەیانکرد بە سوننەت بۆ ئەوانەی دوای خۆیان، بەڵام ئەوان سەبارەت بە دینی و خوا پێغەمبەر "صَلّی اللّٰهُ عَلَیْهِ وَ علی آلِهِ وسَلَّم" حاڵی ترو تێگەیشتوو تر بوون، هەروەها ئەوانەی کە لە دوای ئەمانیشەوە لە خەڵکانی تابیعین هاتن لەسەر هەمان ڕچەو ڕێگەیان ڕۆیشتن.

سەحابەو شوێنکەوتووانی پێغەمبەر "صَلّی اللّٰهُ عَلَیْهِ وَ علَی آلِهِ وسَلَّم" بەم چەشنە کاروانی دینداریان وەڕێخستبوو، بۆیە نکووڵی هەموو شتێکیان دەکرد کە ئەگەر لە دینی خوادا تێك بگیرابوا.

بۆیە وەك لە "مەعروورِی کوڕی سوەید" دەگێڕنەوە دەڵێت: لەگەڵ "عومەری کوڕی خەتتاب" لە ڕێگەی چوونمان بۆ مەککە نوێژی بەیانیمان کردو هەردوو سووڕەتی: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعلَ رَبُّكَ بِأَصْحابَ الْفِيلِ﴾ (الفيل: ١). واتە: ئایا نەتبینی کە پەروەدگارت چی هێنا بە سەر خاوەن فیلەکان؟ و ﴿لِإِيلاَفِ قُرَيْشٍ﴾ (قریش: ١)ی خوێند، واتە: (لەبەر هۆگری قورەیشییەکان نەبوایە)، دوای تەوابوونی نوێژەکە عومەر بینی کە خەڵکەکە بۆ لای شتێك وەڕێدەکەون، عومەر فەرمووی: ئەمانە بۆ کێ دەچن؟ گوتیان ئەی پێشەوای بڕوادارن بۆ مزگەوتێك دەچن کە کاتی خۆی پێغەمبەر "صَلّی اللّٰهُ عَلَیْهِ وَ علَی آلِهِ وسَلَّم" نوێژی تیا کردووە، دەچن تا نوێژی تیا بکەن، "عومەر"یش فەرمووی: ئاخر خەڵکانی پێشوو بە هۆکار ئەم جۆر هەڵوێستەوە بە هیلاك چوون، دەچوون شوێن شوێنەواری پێغەمبەرکانیان

دەکوتییەوەو کەنیسە و بیعیان لەسەر هەڵدەبەستان، بۆیە ئێوە لە کام مزگەوت وەختی نوێژێتان هات لەوێدا بیکەن و بۆ شوێنی تر نەچن.

بۆیە هەر بینیمان کە چۆن "عومەری کوڕی خەتتاب" (خوا لێی ڕازی بێت). ئەم بنەدارەی لە ڕەگەوە هەڵکێشا کە یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" کاتی خۆی بەیعەتی مردنیان لەگەڵ پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" لە تۆڵەی خوێنی عوسمان بەستبوو. چون بینی کە ساڵ لە دوای ساڵ خەڵکی دەچوون لە ژێر ئەو دارەوە لە بەر پیرۆزی کۆ دەبوونەوەو یادەوەرییان تیا دەکردووە.

چونکە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" وا ئەو ئوممەتەی لە حاڵی کردنیان لەم دینە بەم چەشنە گۆش کردبوو، دەبینین کە چۆن بەرهەڵستی لەم داخوازییەی یارانی کرد کاتێ کە داوایان لێی کرد کە بنەدارێکی تایبەتییان بۆ دەستنیشان بکات تاکو چەك و کەلوپەلەکانیان پیا هەڵبواسن.

شێوەی ئەم چیرۆکەش لە "سەحیحی بوخاری" دا هاتووە کە لە "ئەبی واقدی لەیسی" دەگێڕنەوە دەڵێت: لە پێش شەڕی حونەین دەگەڵ پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" دەرچووین، ئەو کاتەی کە هێشتا بێباوەڕ بووین موشریکەکان بنەدارێکیان بەهەند وەرگرتبوو ناویان نابوو (ذات أنواط) هەموو جار دەچوون چەکەکانی خۆیان پێی هەڵدەواسی و لە بن پاڵیدا ئیعتیکافیان دەکرد، ئێمەش کە تازە هاتبووینە نێو ئیسلام و لەگەڵ پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" کاتێ گەیشتین بەم دارە بە پێغەمبەرمان گوت: ئەی پێغەمبەری خوا تۆش دارێکی لەو چەشنەمان بۆ بڕیار بدە تاکوو چەکەکانی خۆمانیان پێ هەڵبواسین و ئیعتیکاف لە تەکا بکەین، هەروەك چۆن کاتی خۆی بێباوەڕان دەیانکرد، پێغەمبەریش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: « اللهُ أَكْبَرُ، هذَا كما قالَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ: "اجْعَلْ لَنَا إِلهاً كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ" -الأعراف: ١٣٨- لَتَرْكَبُنَّ سَنَنَ مَن كان قَبْلَكُمْ"» واتە: "الله اكبر" ئەمە هەر ئەو قسەیە بوو کە کاتی خۆی بەنوئیسرائیلییەکان (بە موسایان) گوت: (ئەی موسا) خوایەکمان بۆ بڕیار بدە، بەو

چەشنەی ئەوان کە خوایەکیان هەیە، (موسا)ش فەرمووی: بەڕاستی ئێوە گەلێکی نەفامن.. بزانن ئێوەش (خەریکە) هەمان سوننەتی گەلانی پێش خۆتان بژێننەوە ! !

**کەواتە: خۆشەویستان.. خوێنەرانی هێژا:**

**ئەوەتا ئەگەر دەستنیشانکردنی بنەدارێك بۆ چەك پێهەڵواسین و ئیعتیکاف کردن لە تەکیا** بریتیی بێت شەریك بڕیاردان، (لەگەڵ ئەوە ئەوان خۆ نەشیان دەپەرست و داوایان لێی **نەدەکرد) ئەی چی دەڵێیت: سەبارەت بە ئیعتیکاف کردن و دوعاکردن و پاڕانەوە لە** مردوو؟

بۆیە هێندێ لە زانایان بە تایبەت "مالیکییەکان" دەڵێن: بزانن ڕەحمەتی خواتان لێ بێت: ئەگەر هەر بنەدارێکتان بینی کە خەڵکی بەگەورەیان سەیر کردو ئومێدی بەرەکەت و شیفایان لێی کرد و مۆری بەردیان پێی هەڵواسی ئەمە هەر (ذات أنواط)ەکەی دوێنێیەو لە ڕیشەوە هەڵیکێشن.

**کەوابوو هەر کەسێك تۆزقاڵێ لە دینی خوادا شارەزابێت، دەزانێت کە بەینی سەلەف و** خەلەف بە ئەندازەی بەینی ڕۆژئاواو ڕۆژ هەڵاتە، وە بۆی ئەشکرا دەبێت کە سەلەف لەسەر **شتێك بوون و ئەوانەی دوای ئەوان لە سەر شتی تر بوون. هەڵبەت ئەگەر دوێنێش لەگەڵ** ئەمڕۆ بەراورد بکەین ئەبینین کە نوێژەکانیش ناناسرێنەوە لە بەر بێ ئاگایی لە قورئان و **سوننەتی پیرۆزەوە.**

ئەوەتا پیشەواو چاوساغانی ئوممەتیش لە زووەوە دەرکیان بەم مەترسییە کردووە، لەوانە:

**ئیمام بوخاری لە سەحیحەکەی خۆیدا لە "ئوم دەردا" بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: ڕۆژێ** ئەبوودەردا بە تووڕەیی خۆی کرد بە ژووردا، ئەڵێ منیش پێمگوت: ئەوە چیتە بۆ وا **تووڕەیت؟ ئەڵێ ئەویش فەرمووی: بەوخوایە هیچ شتێکیان سەبارەت بە دینی موحەممەد لێ** نازانن ئەوە نەبێت کە بەس نوێژ دەکەن.

**هەروەها "ئیمام مالك" لە (الموطأ) لە ماميیەوە کە "ئەبی سەهلی کوڕی مالیکە" ئەویش لە** باوکییەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کەوا گوتوییەتی: هیچ شتێ لەوەی کە بۆ سەحابەی پیرۆز **هاتبوو ناناسمەوە، تەنها نوێژ نەبێت.**

**"زوهری" دەڵێت: چوومە لای "ئەنەسی کوڕی مالیك" لە دیمەشق بینیم دەگریەت، منیش لێم** پرسی بۆچی دەگریت؟ ئەویش گوتی: ئەمڕۆ هیچ شتێ لە دینی موحەممەد ناناسمەوە تەنها **نوێژ نەبێت، هەر ئەو مابوو ئەویش ونبوو! (هەروەك بوخارییش ئەم ڕووداوەی بۆ** گێڕاوینەتەوە).

**"شێخ حەسەنی بەسری" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت). دەڵێت: پیاوێك پرسیاری لە** ئەبوودەردا کرد: ڕەحمەتی خوات لێ بێت، ئەگەر ئێستا پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" **لە ناومان بوایە، ئایە نکوولی هیچ شتێکی دەکرد لەوەی کە ئێمە لە سەرین؟ ئەڵێ: "ئەبوودەردا" تووڕەبوو، فەرمووی: جا هیچ شتێك لەوەی کە ئێوەی لە سەرن** دەناسێتەوە؟!!

**هەروەها "موبارەکی کوڕی فوزاڵە" دەڵێت: ڕۆژێ "حەسەن" نوێژی جومعەی کردو پاشان** دانیشت و دەستی کرد بە گریان، پێیان گوت: ئەوە چی تۆی گریاند ئەی "**باوکی سەعید**"؟ ئەڵێ: ئەویش گوتی: سەرکۆنەم دەکەن لەسەر گریان؟ خۆ ئەگەر ئێستا پیاوێکی **موهاجیرین بێتە بەر دەرگەی مزگەوتەکەتان هیچ شتێ لەوەی کە ئێوە لەسەرین بەرامبەر** بەوەی کە ئەوان لە سەردەمی پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" **لە سەری بوون** ناناسێتەوە، تەنها ڕووگەکەتان نەبێت.

**ئەمە ئەو فیتنە گەورەیەیە کە "عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود" (خوا لێیان ڕازی بێت)** فەرموویەتی: (ئەگەر فیتنەیەك ڕووتان تێ بکات کە تێیدا گەورانی تیا بکەوێ و گچکانی تیا **دەرکەوێ " واتە: گەورە قسەی لێ وەر نەگیرێ و بچووك ببێتە دەمڕاست" خەڵکیش ئەمە** بە سوننەت وەربگرن، ئەگەریش ئەم سیفەتەیان گۆڕا دەڵێن: سوننەت گۆڕاوە!!)

**له شوێنێكا لێی دەپرسن: ئەمه كەی ڕوو دەدات؟ فەرمووی: ئەگەر خوێنەرتان زۆر بوو و** شارەزاتان كەم بووەوەو ئەمیرەكانتان زۆر بوون و دەستپاك و ئەمینەكانتان كەم بوو و **خەڵكی له سەر حسێبی ئاخیرەت دەستیان به دونیاوە گرت.**

ئەمه بەڵگەیه لەسەر ئەوه كه ئەگەر سوننەتی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" گۆڕا، هیچ كەس لا له سوننەته فەوتاوەكه ناكاتەوە!! كەوابوو ئێستا زۆر چاك ئەوه دەبینین، كه هەر له سەردەمی "ئەبووەوردا" و "ئەنەس"ەوه (خوا لێیان ڕازی بێت) سوننەتی پێغەمبەری ئەكرەم "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" دەستی تێوەردراوەوه گۆڕاوە!! بۆیه هەر زوو ئەم دوو كەڵه پیاوه دەركیان بەم ڕاستییەوه كرد.

خوا بۆ گەورەیی خۆی یارمەتیمان بدات و له كەمی تەمەنی ئێمه سوننەتمان هێندە لا شیرین كات و ئایین و بەرنامەی خۆیمان زیاتر له دڵدا بەهێزترو له دیدمانا ڕۆشنەتر كات.. شارەزامان كەیت به دینی خۆت چاو گەشمان كەیت به سوننەتی پاكی پێغەمبەرمان "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم". ئامین.

**ئەگەر پرسیاركراو گوترا:** باشه چی شتێكه كه وا له گۆڕپەرستان دەكات كه وا پێیەوه موبەتەلا بن، له كاتێك كه دەزانن خاوەنی ئەم گۆڕانه مردوون و هیچ شتێك له دەستیاندا نایه؟

له وەڵامدا دەڵێین: له بەر چەند هۆیەك:

**(١) بێئاگایی سەبارەت بەو پەیامەی كه پێغەمبەری بۆ هەناردووه:** بەڵكوو بێ ئاگایی بەرامبەر به باقی پێغەمبەران و پەیامەكانیان كه ئەمانجیان به جێ گەیاندنی تەوحید و بنبڕكردنی شیرك بووه، شەیتانیش چون ئەمه كاریەتی هەمیشه بانگیان دەكات تا بەرامبەر به پەیامی یەكخواناسی بوەستنەوەو گوێی پێ نەدەن.

**(٢) فەرموودەی درۆینه:** كه دەبینین زۆرێك له گۆڕپەرستان كۆمەڵێ فەرموودەی درۆینه دەكەن به بیانوو بۆ گۆڕپەرستی، یەكێك لەو فەرمووده درۆینانه كه دەڵێت: «إذا أعيتكم الأمور فعليكم بأصحاب القبور» **یاخود** «لو أحسن أحدكم ظنه بحجر نفعه». واته: ئەگەر له

کارەکانتان ماندوو بوون بڕۆن خۆ بگەیەننە مردووەکان. وێنەی ئەم بە ناو فەرموودانەن کە دژایەتی ئایین و بەرنامەی خوا دەکەن کەوا بێباوەڕان و گومڕایان بە درێژایی مێژوو بۆ گومڕاکردنی بەندەکان کەوتوونەتە کار و ئەم هەموو درۆیەیان بەدەم پێغەمبەرەوە "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ على آلِهِ وسَلَّم" هەڵبەستووە!

**(٣) هێندێ لە چیرۆکی بێناوەڕۆک:** کە هاتوون دەڵێن: فوڵان کەس هانای بۆ گۆڕی فوڵانە کەس برد، ئەویش بە هانای هاتووو فریای کەوت، یاخود فوڵان کەس داوای یارمەتی لە خاوەنی فوڵان گۆر کرد، ئەویش یارمەتی داو بۆی جێبەجێ کرد..!! هتد. شەیتانیش بۆ لە خشتەبردنی ئەو کەسە زۆر نەرمونیان و لە سەر خۆیە، یەکەم شت کە بانگیان دەکات بۆ دوعاکردنە، ئەوانیش بە دڵێکی زۆر شکاوو داماوەوە دێن و بە دڵەوە لە گۆڕەکە دەپاڕێنەوە، ڕەنگە ئەو کاتەش کە کابرا دوعا دەکات و بەدڵەوە لە خوا دەپاڕێتەوە، خوا دوعاکەی وەربگرێت، ئەویش نەك لە بەر گۆڕەکە، چونکە ڕەنگە ئەو کەسە گەر بە دڵەوە لە بارێك یا لە حەمامێك یان لە بازاڕیکیشا دوعا بکات خوا لێی وەربگرێت.. ئەو کاتەش چونکە بابای نەفام دەبینێ دوعاکەی گیرابووە ئیتر وا دەزانێت کە ئەم گۆڕە کاریگەری بۆ گیرابوونی دوعاکەی هەبووە. بەڵام بێ ئاگایە کە خوا زۆر جاران دوعای ناچاربووان وەردەگرێت، هەتا ئەو کەسە ئەگەر بێباوەڕیش بووبێت، چونکە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿كُلاًّ نُمِدُّ هؤُلاءِ وَهؤُلاءِ مِنْ عَطَاءِ ربك وما كَانَ عَطَاءُ رَبك مَحْظُورًا﴾ (الإسراء: ٢٠). واتە: ئێمە هەردوولا (دونیا پەرستان و خوا پەرستان) لە بەخششی پەروەردگارت بەهرەوەر دەکەین، بێ گومان بەخششی پەروەردگارت سنووردارو قەدەغە کراو نییە لە دونیادا.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ كَفَرَ فَأُمَتِعُهُ قَلِيلاً ثُمَّ أَضْطَرُّهُ إِلَى عَذَابِ النَّارِ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾ (البقرة: ١٢٦). واتە: ئەوەش کافرە بێبەشی ناکەم لە بەرهەم و نازو نیعمەتی کەم تەمەنی ئەم دونیایە، بەڵام لەوەودوا بە ناچاریی تووشی سزای ئاگری دەکەم کە سەرئەنجام و چارەنووسێکی خراپە

بۆیە مەرج نییە هەموو ئەوانەی کە خوا دوعایان قەبول دەکات لێشیان ڕازی بووبێت، یان خوا خۆشی ویستبن، یان بە کردەوەکانیان ڕازی بووبێت، چونکە خوا پێویستی هەموو

خەڵك پێك دەهێنێت، جا ئەو خەڵكە باش یا خراپ بن ، زۆر كەس هەن كە دوعا دەكەن لە دوعاكانیان جۆرێ لە دەستدرێژی تیا بەر جەستە دەكەن، یان دوعای ئەو تۆ دەكەن كە درووست نین بەم چەشنە بكرێن، بۆیە خوا كە هێندێ لە دوعاكانیان وەردەگرێت، ئەوان بەو پێیە وادەزانن كە كردەوەكانیان كردەوەی باشن بۆیە خوا لێی وەرگرتوون!! ئەم هەڵوێستەش وەك هەڵوێستی ئەو كەسە وایە كە خوا كۆشێ ماڵ و منداڵی پێ بەخشیوە و واشدەزانێ كە خوا بۆیە وا ئەكات تا خێری باشی پێ بدات! كەچی خوا دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا نَسُوا مَاذُكِروا بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُل شَيءٍ﴾ (الأنعام: ٤٤). واتە: ئینجا كاتێك ئەو بەرنامە و ڕێبازەی كە یادیان خرابۆوە فەرامۆشیان كرد، ئێمەش دەروازەكانی هەموو شتێكمان بۆ واڵا كردنەوە و (نازو نیعمەتمان بەسەردا ڕژاندن). بۆیە دوعا هێندێ جاران بۆ خاوەنەكەی عیبادەتەو پاداشتی لە سەر وەردەگرێت، هێندێ جاریش دوعایەكە بۆ بەجێ گەیشتنی پێویستییەكی ئەو كەسەیە، كە ڕەنگە دوعاكەی بۆ خۆی زیانیشی هەبووبێت، یان ئەوەتا گیرابوونی سزایەكی خوایە بۆ ئەو كەسە، یا جۆرێكە كە پلەی لای خوا پێ كەم دەبێتەوە.. هتد

مەبەست لێرەش ئەوەیە كە شەیتان بە لوتفی فروفێڵەكانی دوعاو نزاكانی بۆ شوێنكەوتووانی لە سەر گۆڕەكان جوان دەڕازێنێتەوە، لە كاتێك كە قەرارە ئەو كەسە ئەم دوعا چاكانەی لە ماڵی خۆی یان لە مزگەوتدا، یان لە كاتی شەو نوێژدا ئەنجام بدات، كە لەو كاتەدا بە تەئكید پاداشتی باش بۆ خۆی لە لای خوا مسۆگەر دەكات. بۆیە پێشەوایانی ئیسلامیی بە تێكرا نكوولیان لەم چەشنە دوعا لەم جێگایانەدا كردووە.

لەوانە "ئەبولحەسەن ئەلقەدووری" لە شەرحی كتێبی (كتاب الكرخی)دا دەڵێت: "بیشری كوڕی وەلید" گوتوویەتی: گوێم لە "ئەبوویوسف" بوو دەیگوت: دروست نییە بۆ كەسێك كە دوعا بكات تەنها بە خوا نەبێت، وە ڕقی لەوە بووە كە بگوترێت لە بەر خاتری ئەو شوێنەی كە عەرشی تۆی وا تیایە، وە ڕقی لەوە بووە كە بگوترێن بە هەقی فوڵانە كەس، یاخود بە هەقی پێغەمبەرانت، یان بە هەقی كەعبەی پیرۆزت؟

هەروەها "ئەبولحەسەن" دەڵێت: سەبارەت بە داواكردن بە غەیری خوا جێگەی بەرهەڵستییە، چونكە ئەم هەقە جگە بۆ خوا بۆ كەسی تر شیاو نییە، بەڵكوو هەقی خوایە

بەسەر درووستکراوانی بە تێکڕا.

"ئیبنولقەییم" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت). دەڵێت: شێخمان (شێخولئیسلام) دەڵێت: ئەم جۆرە کارە لە چەند ڕوویەکەوە بیدعەیە: لەوانە:

(١) داوای پێکهێنانی حاجەتە لە مردووەکان و ئیستیغاسەکردنە لێیان، ئەمانەش لە هەمان هاوشێوەی بوت پەرستەکانە، بەم شێوە شەیتان خۆشی ئەخاتە سەر شێوەی مردووەکان، هەروەك لە کاتی خۆی خۆی دەخستە سەر شێوەی بوتەکان، بێئاگانە لەو کاتەی کە تۆ لە سەر گۆڕێك دەپاڕێیتەوە ئەوە شەیتانە کە لێی دەپاڕێیتەوە!! هەروەها سوژدە بۆ بردن و ماچ کردنیان هەمان سوژدە بردن و ماچ کردنی شەیتانە (خوا بمانپارێزێ)!!

(٢) لە ڕێگەی مردووەکانەوە لە خوا دەپاڕێنەوە، ئەمەشیان هەر بە پێی ڕای تێکڕای مسوڵمانان بیدعەیە.

(٣) داوا لە خودی مردووەکەیە کە دەیکات.

(٤) وا دەزانێت کە پاڕانەوەکان لە سەر گۆڕ گیرا دەبن! وە پێی وایە دوعا لەو شوێنەدا باشترە لە دوعاکردن لە مزگەوت، ئەنا نەدەچوو کە لە سەر گۆڕەکان بکڕوزێتەوەوە بپاڕێتەوە، ئەمەش دیسان بە پێی ڕای تێکڕای زانایان بیدعەیە.

## جیاوازی خواناسان و بێباوەڕان لە سەردانی گۆڕەکاندا

زیارەتی خواناسان بۆ سەر گۆڕەکان سێ مەبەست دەگرێتەوە:

یەکەم: وەبیرخۆهێنانەوەی ڕۆژی دوایی و پەند وەرگرتنە، هەروەك پێغەمبەری خوا "صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَ علَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «زُورُوا الْقُبُورَ، فَإِنَّهَا تُذَكِّرُكُمُ الآخِرَةَ». (لە پێشدا لێکدراوەتەوە)

دووەم: چاکەکردنە لە گەڵ مردن: چونکە تا ئەو کەسە زیندوو بوو دیدەنی دەکردو سەری لێ ئەدا، ئێستا بەم کارەی دەیەوێت وەفای خۆی بۆ بنوێنێ و دوعای خێری بۆ بکات، چونکە ئەگەر زیندوو بە سەردانی کردنی دڵی خۆش بێت، بە تەئکید مردوو زیاتر پێویستی بەم دڵ خۆشکردنەی هەیە، چونکە ئێستا ئەو لە شوێنێکە هەرچی هەیە لە خێزانەکەی و ماڵ و منداڵەکەی و خزم و ناسیاوی جێهێشتووە، ئەگەر ئەو کەسە بچێتە زیارەتی و دیاری

بۆ ببات لە دوعاکردن و ئیستیغفارکردن بۆی، زیاتر ئەو مردووە دڵی پێ خۆش دەبێ و ئاسوودە دەبێت.

سێیەم: سەردانکردنی زیارەتکار جگە لە چاکەنواندن بۆمردووەکە چاکە بۆخۆشی دەنوێنێ، چونکە شوێن سوننەتی پێغەمبەر "صَلّی اللّٰهُ عَلَیْهِ وَ علَی آلِهِ وسَلَّم"ی هەلگرتووە.

بەڵام هەرچی زیارەتی بێباوەڕانە ئەوە بنجوبنەوانەکەی لە بوتپەرستییەوە هەرقوڵاوە، وەك لە پێشەوە بە درێژی ئاماژەمان پێیدا.

**چونکە کاتێك کە بابای زیارەتکار زیارەتی مردووێك دەکات و بەم شێوە شیرکییە ڕووی** تێدەکات ڕۆحی خۆی ئاوێتە بە مردووەکە دەکات، لە بەرامبەریش ڕۆحی مردووەکە تیشکی **خۆی ئەخاتە ناخ و دەروونی زیارەتکارەکە، وەك چۆن کاتێ کە تیشکێك لە ئاوێنەیەك** ئەدات و ئەویش تیشکەکە ئەداتەوە ئەیدات بەو شتەی کە لە بەرامبەریەتی. ڕێك ئەوانەی **بەم شێوە شیرکییە ڕوو لە گۆڕەکان دەکەن، ئەوە هەموو شتێکی مردووەکە لە ناخیاندا** وەك مەعبوودێك لە جەستەیان بەرجەستە دەبێ.

**ئەم جۆرە زیارەتکردنە هەمان ئاڕاستەی "ئیبنوسەینا" و "فاڕابی"یە کاتێ کە باس لە** ئەستێرە پەرستەکان دەکەن، دەڵێن: کاتێ کە نەفسەکان پەیوەست بوون بە گیانە **بەرزەکان لەوێوە ڕووناکییەکان دا ئەبەزنە نێو ناخ و دەروونی ئەم نەفسانەوە، هەر بۆیە** ئەستێرە پەرستەکان هاتوون کە بۆ ئەستێرە پەرستنیان بوتو پەیکەریان بۆ ئەستێرەو **مانگ درووست کردووەو بانگەوازیان بۆ دەکەن. بە هەمان شێوەی گۆڕ پەرستانی ئەمڕۆ کە** دێن گۆڕەکان دەکەن بە جێژنگا!! چرای بۆ دا ئەگیرسێنن و گومبەزی لە سەر درووست **دەکەن و پەرژینی بۆ لێ ئەدەن!!** هەر ئەمەشە کە وای لە پێغەمبەری نازدارمان کرد **"صَلّی اللّٰهُ عَلَیْهِ وَ علَی آلِهِ وسَلَّم" کە هات و پەتی گۆڕ پەرستی لە دەست خەڵکەکە دەرهێناو** نکوولی لە هەموو سەرەتاییەکانی هاوتادانان کردو لە دژی وەستایەوە، لەمسەریش **بێباوەڕان لە بەرامبەر ئەم هەوڵەی پێغەمبەر "صَلّی اللّٰهُ عَلَیْهِ وَ علَی آلِهِ وسَلَّم" وەستانەوە.** بۆیە دەبینین کاتێ کە پێیان دەگوترا بۆچی ئێوە لەو بەردە وشك و ڕەقە دەستکردەی **خۆتان دەپاڕێنەوە و سوژدەی بۆ دەبەن، ئەوانیش دەیانگوت: ئاخر ئەوانە شەفاعەتمان بۆ**

**دەکەن لە لای خوا !! (کەوابوو: ئایا ئەوەی ئێستا کە لە سەر گۆڕەکانا دەگوزەرێت هەمان** وەڵامی ئەم بێباوەڕانەی دوێنێیان پێ نییە کە دەڵێن: ئاخر ئێمە بۆیە لەو گۆڕانە **دەپاڕێینەوە چونکە ئەوان شەفاعەتمان بۆ دەکەن لە لای خوا؟!! بە تەئکید بەڵێ و هەزار** جاریش بەڵێ.

هەروەها هەر ئەم دوو زانا بەڕێزە (ئیبنوسیناو فاڕابی) دەڵێن: کاتێکیش کە دڵی بەندەکان پەیوەست بوو بە گیان ئەو کەسانەی کە پێیان وایە لەوان چاکترن و شەفاعەتیان بۆ دەکەن لە لای خوا، ئەو کاتە پەیوەندییەکی زۆر بە هێز لە نێوان ئەمان و ئەواندا درووست دەبێت، کە وایشی لێهات ئەو دەم وا ئەزانن ئەو دەستکەوتەی کە لای خوا دەست دەکەوێت ئەوە لای ئەمانیش چەنگ دەکەوێت!!. هەر ئەمەش بوو نهێنی بوت پەرستەکان، کە خوا پێغەمبەری بۆ ناردن و کتێبی بۆ دابەزاندن و تەکفیری ئەو کەسانەیان کردو نەفرەتی بۆ ناردن و خوێنی حەڵاڵ کردن و ماڵ و سامانی لێ بە زایە بردن و ئاگری دۆزەخی بۆ خۆش کردن.

دیارە قورئانی پیرۆزیش ئایەت و دەقی زۆر پیرۆزی هەن لە بەتاڵ کردنەوەو ڕەتکردنەوەی ئەم جۆرە ڕەفتارەی بێباوەڕان، لەوانە دەفەرموێت: ﴿أَمِ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِ اللهِ شُفَعَاءَ قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا لا يَمْلِكُونَ شَيْئاً وَلا يَعْقِلُونَ * قُلْ لِلّهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعاً لَهُ مُلْكُ السَّموَاتِ وَالأَرْضِ..﴾ (الزمر:٤٣-٤٤). واتە: نەخێر، ئەوانە بیر ناکەنەوە، بەڵکوو سەر لێشێواوەکان لە جیاتی خوا شتی تریان کردووە بە تکاکاری خۆیان؟! پێیان بڵێ: باشە، ئەگەر هیچیشیان بەدەست نەبێت و هەست و شعوریشیان نەبێت، (هەر دەیانکەنە تکاکار وبەتەمان شتێکتان بۆ بکەن؟). ئینجا پێیان بڵێ: تکاکارو تکاوەرگرتن و تکاکردن، هەر هەمووی بەدەست خوایە، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، هەر ئەو خاوەنیانە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَاتَّقُوا يَوْماً لا تَجْزِي نَفْسٌ عَنْ نَفْسٍ شَيْئاً وَلا يُقْبَلُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلا تَنْفَعُهَا شَفَاعَةٌ﴾ (البقرة: ١٢٣). واتە: خۆتان بپارێزن لە ڕۆژێك كە كەس لە جیاتی کەس تۆڵەو پاداشت ناداتەوە، بە هیچ شێوەیەك کەس فریای کەس ناکەوێت، کەس بارمتەی لێوەرناگیرێت و تکاو پاڕانەوەی کەس بۆ کەسانی تر سوودی نابێت.

یاخود دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنْفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لا بَيْعٌ فِيهِ وَلا

خُلَّةٌ وَلا شَفَاعَةٌ﴾ (البقرة: ٢٥٤). واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لەماڵ و سامان وداراییو (عیلم و زانست و تواناییە)ی کە پێمان بەخشیوون؛ ببەخشن، پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت کە کڕین و فرۆشتن ودۆستایەتی و تکاکاری تیادانییە. یان ﴿وَأَنْذِرْ بِهِ الَّذِينَ يَخَافُونَ أَنْ يُحْشَرُوا إِلَى رَبِّهِمْ لَيْسَ لَهُمْ مِنْ دُونِهِ وَلِي وَلا شَفِيعٌ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾ (الأنعام: ٥١). واتە: کەواتە، بە قورئان ئەوانە ئاگادارو هۆشیار بکە کە دەترسن کۆبکرێنەوە بۆ لای پەروەردگاریان، ئەوکاتە کەس نییە جگە لەو پەروەردگارە پشتیوانییان لێبکات، کەسیش نییە تکاکاریان بێت، (ئەو ئاگادار کردنەوەیە) بۆ ئەوەیە ئەوان تەقواو پارێزکاری بکەن و (لە هەوڵی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوادا بن). یان ﴿اللهُ الَّذِي خَلَقَ السَّموَات وَالأَرْضَ بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثم اُسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ مَالَكُمْ مِنْ دُونِهِ مِن وَلِيٍّ وَلا شَفِيعٍ﴾ (السجدة: ٤). واتە: خوا ئەو زاتەیە کە ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لە نێوانیاندا هەیە لە شەش ڕۆژدا دروستی کردووە، پاشان خوا لەسەر تەختی فەرمانڕەواییەوە سەرپەرشتی کارو فرمانی دروستکراوانی دەکات و ئەوەی ئەو عیلمی پێی هەیە و دەیزانێت و دەیەوێت، هەر ئەوە پێش دێت، خەڵکینە جگە لەو خوایەکەس نییە پشتیوانیتان لێ بکات یان تکا کارتان بێت. یان ﴿مَا مِنْ شَفِيعٍ إِلا مِنْ بَعْدِ إِذْنِهِ﴾ (یونس: ٣). واتە: هیچ کەس نییە شەفاعەتخواز و تکا کار بێت، مەگەر دوای مۆڵەتی ئەو زاتە. هەروەها دەفەرموێت: ﴿مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعَ عِنْدَهُ إِلا بِإِذْنِه﴾ (البقرة: ٢٥٥). واتە: کێ هەیە تکا بکات لای ئەو مەگەر بە ئیزنی خۆی؟

کەواتە تکاو شەفاعەت تەنها بە دەست خوایە، ئەوەی تکاش دەکات بە بێ ئیزنی خوا هەرگیز ناتوانێت کە بکات. شەفاعەت کردنیش بە ئیزنی خوا شەفاعەتکردن نییە بە بێ خودا، بەڵکوو هیچ تکاکارێك نییە بە بێ خوا کە بتوانێت شەفاعەت و تکا بکات.

جیاوای نێوان ئەم دوو شەفاعەتەش ، واتە (شەفاعەتێك کە خوا ئیزنی لە سەرە، لەگەڵ شەفاعەتێك کە بابای بێباوەڕ وا دەزانێت، کە بوتەکان یا گۆڕەکان توانای شەفاعەتیان هەیە)، وەك جیاوزی شەریك و بەندەی فەرمانپێکراو وایە، ئەو شەفاعەتەی کە خوا پووچی کردۆتەوە، شەفاعەتی شەریك دانانە، چونکە خوا هیچ شەریك و هاوتایەکی نییە، وەلێ ئەوەی کە خوا جێگیری کردووە شەفاعەتی بەندەی فەرمان پێکراو(العبد المأمور)ە، کە ناتوانێت تکا بکات و شەفاعەت بکات تا ئیزنی نەدات، بۆیە بەختەوەرترین کەس کە بەر

شەفاعەتی پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەکەوێت ئەوانەن کە خواناس و لە خوا ترسن و شەریك و هاوتایان بۆ خوا بڕیار نەداوە. بۆیە خوا دەفەرموێت: ﴿وَلا يَشْفَعُونَ إِلا لِمَنِ ارْتَضَى﴾ (الأنبياء: ٢٨). واتە: کەس لەوان تکاکار نابن تەنها بۆ ئەو کەسانە نەبێت خوا پێی ڕازییە. یاخود دەفەرموێت: ﴿يَوْمَئِذٍ لا تَنْفَعُ الشَّفَاعَةُ إِلا مَنْ أَذِنَ لَهُ الرَّحْمَنُ وَرَضِيَ لَهُ قَوْلاً﴾ (طه: ١٠٩). واتە: لەو ڕۆژەدا تکاو شەفاعەت وەرناگیرێت و بێ سوودە، مەگەر لە کەسێك خوای میهرەبان مۆڵەتی بدات و ڕازی بێت بەوەی قسەی بۆ بکرێت و قسەی لێ وەربگرێت.

خوای گەورە لەم یەك دوو ئایەتەی سەرەوە تێمان دەگەیەنێ کە مەحاڵە کەسێك خوا شەفاعەتی وەرگرێت ئەگەر لێی ڕازی نەبووبێت. نهێنی ئەمەش ئەوەیە کە هەر خوا خاوەن هەموو کارو فەرمانێکە، هیچ کەس لە گەڵ ئەودا لە هیچ کارێکدا بەشدار نییە. هەتا بەرزترین و پیرۆزترین و خۆشەویسترین کەسیش لە فریشتەو پێغەمبەران کە بەندەی موخلیسی خۆیین، ناتوانن بە بێ ئیزنی خوا تکاو شەفاعەت بۆ هیچ کەسێ بکەن.

**۞ فێڵێکی تر لە فێڵەکانی شەیتان: بەختگرتنەوەو کێڵ پەرستییە (الأنصاب والأزلام) کە خوای گەورە فەرمانی کردووە کە لێی دوور بکەوینەوە:**

وەك دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنْصَابُ وَالأَزْلامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ (المائدة: ٩٠). واتە: ئەی بڕوادارن! شەرابخۆری و قوماربازی و کێڵ پەرستی و گرەو لە سەرتیران کردن، لە کارەکانی شەیتانن؛ خۆتانی لێ بپارێزن بەشکەم ڕزگار بن.

(الأنصاب) بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی کە دەچەقێنرێن و پەرشتشیان بۆ دەکرێت لە بەردو لە دارو لە بوت و لە گۆڕ.. هتد.

"موجاهید" و "قەتادە" و "ئیبنوجورەیج" (بە ڕەحمەت بن). دەڵێن: لە دەرو بەری کەعبەی پیرۆز کۆمەڵە بەردێك هەبوون کە نەفامانی ئەوێ ڕۆژێ دەچوون ئاژەڵیان بۆ سەر دەبرین و و گۆشتەکانیان پێوە هەڵدەواسین.. پاشان بەردەکانیان دەپەرست!!

"ئیبنوعەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت). دەفەرموێت: بریتی بوون لە بوت و خەڵکیش

پەرستشیان بۆ دەکردن.

بنەڕەتی وشەکەش بریتییە: لە شتێکی جێگیرکراو بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکیان بۆ ڕابکێشرێت، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَوْمَ يَخْرُجُونَ مِنَ الأَجْدَاثِ سِرَاعاً كَأَنَّهُمْ إِلَى نُصُبٍ يُوفِضُونَ﴾ (المعارج: ٤٣). واتە: ئەو ڕۆژەی بە پەلە لە گۆڕەکانیان دێنە دەرەوە، دەڵێی بۆ لای بوت و پەرستراوەکانیان ڕادەکەن!!

بەڵام هەرچی (الأزلام)ە، "ئیبنوعەبباس" دەفەرموێت: بریتییە لەو تیرەی کە بەکاریان دەهێنا بۆ بەخت گرتنەوە.

"سەعیدی کوڕی جوبەیر" ( بەڕەحمەت بێت). دەڵێت: کاتی خۆی هەندێ بەردیان دەهێنا، کە ئەگەر بیانویستایە بچنە غەزا، هەڵیان دەداو تاقیان دەکردەوە کە داخوا بۆ ئەو غەزایە بچن یاخود نا. هەروەها دەفەرموێت: کاتی خۆی دوو بەردی بچووکیان بەکار دەهێنا، کە یەکیان لە سەری نووسرا بوو پەروەردگارم فەرمانم پێ دەکات، ئەویتر نووسرابوو پەروەردگارم ڕێگریم لێ دەکات، پاشان هەردو بەردەیەکەیان لە شتێکدا هەڵدەشەقاند، پاشان یەکیان دەردەهێنا، جا یەکەم بەرد کە دەریان دەهێنا چی دەرچووایە ئەوەیان جێگیر دەکرد.

"ئەبوعوبەیدە" (بە ڕەحمەت بێت). دەڵێت: بریتییە لە بەختگرتنەوە.

هەروەها دەڵێن: بریتییە لە خۆ بەستنەوە بەو شتەی کە لە تەڕو وشکانێ یان لە شێرو خەتانێدا دەردەچوو.

بۆیە "ئەبووئیسحاق" و "زەججاج" و غەیرەز ئەوان ئەم کارەیان بە حەڕام داناوە. بۆیە هیچ تەوفیرێك نییە لە نێوان ئەمان و ئەستێرەگرەوەکاندا، وەك ئەوەی کە ئەستێرە گرەوەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَاذَا تَكْسِبُ غَداً﴾ (لقمان: ٣٤). واتە: هیچ کەس نازانێت سبەی چی بەسەردێت و چی دەست دەکەوێت.

بەڵکوو چوونە نێو زانستێکە کە جگە لە خوا کەسی تر دەرکی پێ ناکات.

**مەبەستیش لێرە**: ئەوەیە کە خەڵکێك بەم دوو کارە گیرۆدە بوون، چونکە ئەنسان بۆ

شەریك و هاوتا دانان و بەندایەتی بوو، ئەزلامیش بۆ فالگرتنەوە بوو، دیارە کە ئاین و بەرنامەی خواش لەم دوو کارە بەرییە، هەر بۆیە پێغەمبەریشی نارد "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" تا هەرچی ئەنساب و ئەزلام هەبوو بیانشکێنێ، کە حەیفێ ئیستا هەمان شت لە نێو کۆمەڵگەی ئیسلامی خۆماندا بلاو بۆتەوەو پەیرەو دەکرێت!!

بۆیە لە ئیسلامدا بڕیاری ڕوخان و لە بنهەڵکێشانی دراوە، هەروەك پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" فەرمانی کردووە بە تەخت کردنی ئەو گۆڕانەی کە لە ئاستی زەوی بەرزکراونەتەوە، هەروەك لە فەرموودەیەکی "سەحیحی موسلیم"دا کە لە "ئەبووهەییاجی ئەسەدی" هاتووە دەڵێت: "عەلی کوڕی ئەبووتالیب" پێی گوتم: « أَلاَ أَبْعَثُكَ عَلَى مَا بَعَثَنِي عِلَيْهِ رَسُولُ اللهِ تعالِى عليه وآله وسلم؟ أَنْ لا أَدَعَ تِمْثَالاً إلا طمسته ولا قبراً مشرفاً إلا سَوَّيْتُه"».

واتە: ئایا نەتنێرم بۆ کارێك کە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" منی بۆ نارد؟ هیچ پەیکەرێك مەهێڵە و هەمووی تەفر و تونا بکە، هەرچی گۆڕی قوت کراوەش هەیە، هەمووی تەخت بکە. بۆیە یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" بە فەرمانی "عومەری کوڕی خەتتاب" (خوا لێیان ڕازی بێت). تەرمی دانیاڵیان هێناو لە نێو چەندین گۆڕدا لە خەڵکەکەیان ون کرد..! یا ئەو کاتەی کە عومەر بینی خەڵکەکە ئەم دارەی کە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم"و یارانی بەیعەتیان لە ژێردا بەستبوو لێی نزیك دەبنەوەو بە گەورەی دەگرن، هەڵسا هێندێ کەسی بۆ نارد تا لە بنەوە هەڵیکێشن.! هەروەك "ئیبن وەسساح" لە کتێبەکەی دەگێڕێتەوە دەڵێت: گوێم لە "عیسای کوڕی یونس" بوو کە دەیگوت: "عومەر" فەرمانی بە لە ڕیشە دەرهێنانی ئەو دارەدا کە کاتی خۆی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" و یارانی بەیعەتییان لە ژێردا بەستبوو، چونکە خەڵکی لە بەر پیرۆزی دەچوونە ژێری و لە وێدا نوێژیان دەکرد، ئەویش لە ترسی فیتنە هەڵسا فەرمانی دا کە دارەکە لەبندا هەڵکێشن.

دەی ئەگەر ئەمە عومەر بێ وا بکات بەرامبەر بە دارێك کە خوا لە قورئاندا ناوی هێناوەو سەحابەی کیرام بەیعەتیان لە ژێردا لەگەڵ پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" بەستبێ، ئەی دەبێ حوکمی ئەم هەموو دارو بەردە چی بێت کە ئێستا خەڵکی زۆر لەم

دارەی ڕیزوان بەگەورەترو پیرۆزتر سەیر دەکەنەوە.. لە کاتێك کە دەبینین پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" بە فەرمانی خوا مزگەوتی زیراپڕی ڕوخاند لە ترسی فیتنەیەك کە بکەوێتە نێوان مسوڵمانانەوە.

ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەر ئەوە کە ئیسلام چەندە بەرامبەر فیتنەکان وەستاوەتەوە.. دەی ئەگەر ئەمە مزگەوت بێت ئەبێ بڕۆخێ ئەی حوکمی ئەو مزگەوتانە دەبێ چی بێت کە لە سەر گۆڕەکان هەڵبەستراون و خەڵکی دەچن نوێژی تیا دەکەن و بە پیرۆزتر لە مزگەوتانی تری سەیر دەکەن؟!! بێ گومان حەوجار حوکمیان ڕوخاندن و تەخت کردنیانە.

هۆکاری ڕوخاندنی مزگەوتی زیراپڕیش هەڵبەستنی بوو بۆ بێفەرمانی کردنی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم"، دەی ئاشکرایشە ئەم مزگەوتانەی کە ئێستا لە سەر گۆڕەکاندا هەڵدەبەسترێن تێکڕا بێفەرمانی کردنی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" و موخالیف بە سوننەتە پیرۆزەکانیەتی.

بۆیە پێویستە هەموو ئەو قەفەس و چراو گڵۆپانەی کە لە سەر گۆڕەکاندا دانراون دەبێ لا ببردرێن، هەرکەسێکیش بەکاری چراخانکردن و قەفەس دانانی سەر گۆڕەکان هەڵسابێت ئەوە دەکەوێتە بەر نەفرەتی خواوە!

پێشەوا "ئەبووبەکر تەرتووشی" (بە ڕەحمەت بێت). دەڵێت: دیقەت بدەن: (ڕەحمەتی خواتان لێ بێت). لە هەر شوێنێك دارێك بۆ پیرۆزی بڕیار بدرێت، بنەدارێك بە گەورە وەربگیرێ و خەڵکی بۆ شیفاو چارەسەر ڕووی تێ بکەن.. هەموو ئەوانە (ذات أنواط)ن، دەبێ لە بندا هەڵکێشرێن.

**دەڵێم:**

**هەموو ئەوانەی کە لە وڵاتی خۆشمانا دەکرێن و گۆڕەکانی تیا هەڵدەبەسترێن و دارو**
دیوارەکانی تیا بە پیرۆز ڕا دەگیرێن خەڵکی بۆ مراز حاسڵ بوون و نەخۆشی و پشت یەشەو

**سەر یەشەو باداری ڕوویان تێ دەکەن و مەولودی لا دەخوێنن و ئیعتیکافی لە سەر دەکەن و** مزگەوتییان لە سەر هەڵدەبەستن.. نموونەی شێخی چۆڵی و سوڵتان موزەفەرو وەککاشەو **زۆر لە مزگەوتەکان و مەرقەدەکانی کوردستان هەمان ئەو** (ذات أنواط)**ەن کە پێغەمبەری** خوا "صَلّى اللّٰهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" **کاتێ خۆی و هێندێ لە یارانی بەلای دارێکدا ڕەت** دەبن، هەڵوەستە دەکەن و بە پێغەمبەریان گوت: ئەی پێغەمبەری خوا تۆش دارێکی لەو **چەشنەمان بۆ بڕیار بدە تاکوو چەکەکانی خۆمانیان پێ هەڵبواسین و ئیعتیکافی لە تەکا** بکێشین، هەروەك چۆن کاتی خۆی بێباوەڕان دەیانکرد!! پێغەمبەریش "صَلّى اللّٰهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" **فەرمووی:** «اللّٰهُ أَكْبَرُ، هذَا كما قَالَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ: "اجْعَلْ لَنَا إِلهاً كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ" -الأعراف: ١٣٨- لَتَرْكَبُنَّ سَنَنَ مَن كان قَبْلَكُمْ» **واتە:** "الله اکبر" **ئەمە هەر** ئەو قسەیە کە کاتی خۆی بەنوئیسرائیلییەکان (بە موسایان) گوت: (ئەی موسا) خوایەکمان **بۆ بڕیار بدە، بەو چەشنەی ئەوان کە خوایەکیان هەیە، (موسا)ش فەرمووی: بەڕاستی ئێوە** گەلێکی نەفامن..!! بزانن ئێوەش (خەریکە) هەمان سوننەتی گەلانی پێش خۆتان **بژێننەوە!!**

**بۆیە ئەوەی ئێستا لە زۆرێك لە وڵاتە ئیسلامییەکان بەگشتی و کوردستانی خۆمان بە** تایبەتی دەکرێت هەمان حوکمی ئەو (ذات أنواط)**ە دەیانگرێتەوە.**

## ❁ جۆرێکی تر لە فێڵەکانی شەیتان گوێگرتنە لە گۆرانی و ئامێرە جۆراوجۆرەکانی مۆسیقا:

بێ گومان یەکێکی تر لە فێڵەکانی ئیبلیسی نەگریس هاندانی خەڵکە بۆ گوێگرتن لە گۆرانی و چەپڵەو ئامێرە جۆراو جۆرەکانی مۆسیقا، کە گەورترین پەرچ ئەخەنە بەر دڵەکان بۆ بەرهەمەند بوونیان لە قورئانی پیرۆز، بگرە شەیتانی بێئەمان کردوونی بە مایەی خەلوەتگەی فاسیقان و تاوانبارو خەتاکاران.. چون مۆسیقا قورئانی شەیتانەو پەردەی ئەستووری نێوان خواو بەندەکانە، بەڵکوو نوشتەی نێربازی و زیناو شەرواڵ پیسییە، پەتی

مرازی گەیشتنی عاشقی بێ شەوقە بە گەیشتن بە مەعشووقی خۆی.. هۆکاری هەجرکردنی قورئانە، بەڵکوو هێندەی لە دیار شمشاڵ و نایەو باڵەبان دڵیان نەرم و سۆزیان بڵند دەبێ لە دیار قورئانی پیرۆز نیو هەندە هۆشیان وە بەر نایەو هیممەتیان بەرز نابێ.. هەر ئەمەشە داوو تەڵەکەی شەیتان کە ئەم دڵانەی هێندە گوشیوەو مراندووە..!!

بەڵێ ئامێرو کەرەسەی مۆسیقا لای لۆتی و چاوەشی بێ بەقا وەك قورئان و سوننەت وایە بە دەست شێخ حەسەنی بەسریا، بۆیە بۆتە تۆڕی دەستی شەیتان و تەڵەی نێچیری ڕۆژگار، بەهۆیەوە هەستەکان دەرووژێنێ.. نەفسەکان وە جۆش دێنێ.. چون بۆ ململانێی بەندەکان هاتۆتە سەر پێ و گەڕەکیەتی بەم کارەی بەڵێنی لە گەڵ خوادا وەجێ بێنێ..! ئاخر ئەو گوتی: ﴿قَالَ رَبِّ بِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي الْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ (الحجر:٣٩). واتە: ئیبلیس (بە بوغرو کینەو حەسادەتەوە) گوتی: پەروەردگارم، مادەم بەهۆی ئەم ئینسانەوە منت سەر لێشێواو کرد، شەرت بێت لە زەویدا هەموو گوناهو لادان و تاوانێکیان لاجوان و شیرین بکەم و هەر هەموویان سەر لێشێواوو سەرگەردان بکەم. ئەوەتا دەبینین کە چۆن خۆی و شوێنکەوتووانی لەو هەموو بەندە کەوتوونەتە بەرەی نامەردی و لە کەندی (چاڵ) بێئاگاییا بەندکردوون، تا لە خشتەیان بەرن و لە دینی خوا وە دووریان بگرن!!

دەبینین چۆن لە ڕێگەی مۆسیقاوە نەفسەکان تێك دەشکێنن، چۆن جلەکان هەڵدەزڕێنن، چۆن ماڵ و سامان لە دەست خەڵکا بە هەوەنتە دەردەهێنن.. تا دەبینین چۆن بەندەکان وێڵ و سەرخۆش و بێهۆش لێدەکەن، وەك گوێدرێژ لە ئەڕزا پێ ئەکوتن، وەك مێشوولە لە یەك شوێنا ئۆقرە ناگرن.. تا وا لەم خەڵکە دەکەن دینیان لێ ببێتە گەمەو گارەی منداڵان و بۆ تاوێکیش گوێی پێ نەدەن.. گەر یەکێ لەوان لە سەرەتا تا کۆتایی گوێ لە قورئان بگرێت، تۆزقاڵێ هەست و نوستی پێ ناجرۆشرێ، شوێنەوارێ لە سلووکیدا جێ ناهێڵێ، تۆزقاڵێ نایجووڵێنێ و نایبزوێنێ، بەڵام هەرگا نەغمەیەکی کەوتە بەرگوێ ویژدان و هەستی هەڵئەستێ، دڵی سەرتاپا ئەبێت بە سۆزو خۆشەویستی و ئەوین و عەشقداری.!! چاوی پڕ ئەبێ لە فرمێسك و کانیاوی ئەوینی تیا هەر ئەقوڵێ.. بەڵام بێ شك ئەم دڵە کە ئەمە حاڵیەتی زۆر دەمێکە لار بۆتەوەو مردووە ئەنا خوا نەیئەفەرموو: ﴿وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَاناً وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ (الأنفال:٢). واتە: کاتێکیش ئایەت و فەرمانەکانی

ئێمەیان بەسەردا بخوێنرێتەوە، ئەوە ئیمان و باوەڕیان زیاد دەکات وەەر پشت بە پەروەردگاری خۆیان دەبەستن... بەڵام ئەوان کەسان دڵیان بە چەشنێ سەرو نخوون بووە کە هیچ ئەقڵ و تێگەیشتنێك وەخۆ نەگرێ، وەك پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" فەرمووی: «... والآخر مربادا كالكوز مجخيا لا يعرف معروفا ولا ينكر منكرا..». واتە: جۆرەکەی تریان لە دڵ ئەو دڵەیە کە وەك مەنجەڵی سەرەونخوون وایە و (هیچ شتێ وە خۆ ناگرێ) کە نە چاکە بە چاکە دەزانێ و نە نکوولێش لە خراپە دەکات..! بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَحْدَهُ اشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ وَإِذَا ذُكِرَ الَّذِينَ مِنْ دُونِهِ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ﴾ (الزمر:٤٥). واتە: کاتێکیش تەنها ناوی خوا برا، ئەوانەی کە باوەڕیان بەقیامەت و ڕۆژی دوایی نییە دڵیان دەگیرێت و بێزاری دایان دەگرێت، (بەڵام) کاتێکیش باسی شتی تر بکرێت جگە لە خوا، دەستبەجێ دڵخۆش و کەیف خۆش دەبن و حەزی پێدەکەن.

هێواشی شاعیریش جوانی فەرمووە کە دەڵێت:

هەرکەسێ گۆرانیبێژ بێ، لەلای ئێمە هونەرمەنـــــــدە!
قەت تێر نابین لەگۆرانیی، پێمان وەکو گەزۆو قەنــدە!
بە ڕۆژو شەو لێ دەدەین، گۆرانیی زۆرو زەبەنــــــــدە!
لەناو سەیارەو ماڵماندا، هەر بەزمو ڕەزمو گۆوەنـــدە!
دڵمان دەگەڵ شەیتانی پیس، بەجارێ پێکەوە بەنــدە!
بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین، بۆی بوو وینە دیلو بەنـدە!
ئای لەتاو دەردی نەفامیی، ڕێمان پڕ لەکەندو لەنـــدە!
لە پێمان ڕا هەتا سەرمان، هەر هەمووی کۆتو پێوەندە!

پێشەوا "ئەبوبەکر تەرتووشی" لە پێشەکی کتێبەکەیدا لە بارەی حەرامبوونی مۆسیقاو گوێ لێگرتنی دەڵێت: حەمدو سەنا بۆ پەروەردگاری جیهانیان.. داهاتوو هەر بۆ پارێزکارانە،

دوژمنایەتیش تەنها بۆ سەر ستەمکارانە، داوا لە خوا دەکەین کە هەقمان پێ نیشان بدات و شوێنی کەوین، ناهەقمان پێ بناسێنێ و لێی دووركەوین، خەڵكی لە كاتی خۆی ئەگەر گوناهێكیان بكردایە دەهاتن داوای لێخۆشبوونیان لە خوا دەكردو تۆبەیان دەكردو پەشیوان دەبوونەوە، بەڵام دوای ئەوە كە نەفامیی بڵاو بووەوەو زانستی شەرعیی كەم بووەوە، تاوانەكان بە هەند وەرنەگیران، هەتا گەیشتە ئەم ئاستە كە خەڵكی بە ئاشكرا گوناهیان ئەنجام دەدا..!! تا گەیشتە ئەم ئاستە كە هێندێ لە برا مسوڵمانەكانمان (خوا ئێمەش و ئەوانیش مۆفەق) بكات شەیتان سواری سەر ملیان بووو گاڵتەی كرد بە ئەقڵیان تا وای لێكردن كە حەز بە گۆرانی و هەڵەكە سەما بكەن، لەمسەریش وا حاڵی كردن كە بەم كارەیان لە خوا وەنزیك دەكەونەوە، بەم پێیە بە موخالەفەی فوقەهایان و زانایان وەستانەوەو لە دینی خوا دابڕان، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤمِنِينَ نُوَلِهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنّمَ وَسَاءَتْ مَصِيراً﴾ (النساء: ١١٥). واتە: ئەوەش دوژمنایەتی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" بكات و لێی جیابێتەوە لە دوای ئەوەی ڕێگەی ڕاست و دروستی بۆ ڕوون بۆتەوە و ڕێبازێك بگرێتەبەر كە جیابێت لە ڕێگەو ڕێبازی ئیمانداران، ئەوە ڕووی وەردەچەرخێنین بۆ ئەو ڕووگەو بەرنامەیەی هەڵی بژاردووەو ڕووی تێكردووە، (لە قیامەتیشدا) دەیخاتە ناو دۆزەخەوە و دەیسوتێنین كە ئەویش سەرئەنجامێكی زۆر ناخۆش و سامناكە.

هەروەها بەردەوام دەبێت و دەڵێت: بۆیە وام بینی كە پێویستە هەق ڕوون بكەمەوەو تەمومژی ناهەقان بە پێی كتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" بڕەوێنمەوە.. وە دەست بكەم بە هێنانەوەی بەڵگە لە قسەی زانایان سەبارەت بەم كێشەیە (هەر خواش دۆست و پشتیوان بێت).

ئینجا دەڵێت:

پێشەوا "مالیك" (بە ڕەحمەت بێت). بەرهەڵستی لە گۆرانی و گوێگرتن لە ئامێرەكانی مۆسیقا كردووە، هەروەها گوتوویەتی: **ئەگەر كەنزەیەك كڕا و بینرا كە گۆرانی بێژە، ئەوە**

**بە عەیب سەیر دەکرێ و ڕەت دەکرێتەوە.**

هەروەها بە "ئیمام مالك"یان گوت: کەوا خەڵکی مەدینە ڕێگە بە گۆرانی دەدەن، ئەویش فەرمووی: بەڵام لای ئێمە تەنها فاسقەکان ڕێگای پێ ئەدەن.

هەروەها "ئیمام ئەبووحەنیفە" (بەڕەحمەت بێت). ڕقی لە گۆرانی بووەو بە تاوانی حسێب کردووە. هەروەها لە مەزەبی خەڵکی کووفە وەك (سوفیان و حەمماد و ئیبراهیم و شوعبی) غەیرەز ئەوان هیچ ناکۆکییەکیان سەبارەت بە حەرامبوونی نەبووە.. هەتا خەڵکی بەسرە بەرهەڵستیان کردووە.

دەڵێم: مەزەبی "ئەبووحەنیفە" سەبارەت بە مۆسیقاو گۆرانی توندترین مەزەبە، بەڵکوو قسەی زۆر زبرو توندیان لە بەرامبەریدا هەبووە. هەتا هێندێکیان گوتوویانە: گوێگرتن فاسقبوونەو چێژ لێ وەرگرتنیشی کوفرە.!!

هەروەها "ئەبوویوسف" ڕۆژێ لە ماڵێك گوێی لە ژەنینی ئامێرەکانی مۆسیقا بوو، گوتی: بە بێ ئیزنیان لێیان ئەچمە ژوور، چونکە بەرهەڵستی کردن لە مونکەر فەرزە.

بەڵام پێشەوا "شافعی" (بە ڕەحمەت بێت) لە کتێبی (أدب القضاء)دا دەڵێت: گۆرانی مەکرووهە، ئەوەی زۆر برەوی پێ بدات ئەمە بێ ئەقڵەو شایەتی لێ وەر ناگیرێت.

لێرەدا شێخ "ئەبوئیسحاق" لە کتێبی ( المهذب) دا دەڵێت:

١ـ سوود وەرگرتن لە گۆرانی بەس بۆ ئەوەی خۆشی لێ وەرگریت حەرامە.

٢ـ بەکرێ هێنانی گۆرانی ـ **وەك ئەو لۆتی و پۆتییە گۆرانی بێژانەی ئەم سەردەمە کە بۆ** بۆنەکانی ژنهێنان بانگهێژ ئەکرێن ـ

٣ـ خواردنی ئەو پارەیەی کە پێی وەردەگیرێت حەرامە، کە وەك خواردنی گۆشتی مردوو و خوێن وایە

٤ـ درووست نییە بۆ کەسێك کەوا پارەی خۆی لە گۆرانی بێژ خەرج کات، چونکە ئەوە خەرج کردنی پارەیە لە بەرامبەر کارێك کەوا حەرامە..

٥ـ شمشاڵ ژەنین حەرامە،( گەر شمشاڵ و دووزەلەو..دەستە خوشکەکانی حەرام بێت، ئەی دەبێ حوکمی ئامێرەکانی تری وەك ساز و تەنبوورو سەنتوور و عود..کە لەم خراترن حوکمیان چەندی تر توونتر بێت!!)

ڕۆژێ "ئیمام ئەحمەد" ( بەرەحمەت بێت) بە "عەبدوڵلا"ی کوڕی گوت: (سألت أبي عن الغناء؟ فقال الغناء ینبت النفاق في القلب، لا یعجبني، ثم ذكر قول مالك ــ إنما یفعله عندنا الفساق ــ) واتە: پرسیارم لە باوکم کرد دەربارەی گۆرانی؟ گوتی: گۆرانی نەمامی دووڕوویی لە دڵا دەنێژێت، من پێیەوە سەرسام نیم، پاشان قسەی "ئیمام مالك"ی هێنایەوە، کە دەفەرموێ: لە لای ئێمە تەنها فاسیق و بێ دینەکان گۆرانی دەڵێن).

هەروەها قازی (أبو الطیب) (بەرەحمەت بێت). دەڵێت: (وأما العود والطنبور وسائر الملاهي فحرام، ومستمعه فاسق، واتباع الجماعة أولى من اتباع رجلین مطعون علیها) واتە: بەکارهێنانی ئامێری وەك عوودو تەنبوورو هەموو ئەوانەی کەوا ئامێری ڕابواردنن حەرامە، ئەوەی کەوا گوێی بۆ دەگرێت فاسقە، بۆیە شوێنکەوتنی کۆمەڵی مسوڵمانان چاکترە لەوەی کە شوێنی دووپیاوی تانە لێ دراو کەویت.. (**لێرەدا زیاتر لە سەر حوکمی گۆرانی گوتن و گوێ گرتن لە** گۆرانی و مۆسیقا نادوێن، چونکە بابەتێکی تایبەتی بۆ دیار کراوە).

### ✿ فێڵێکی تر لە فێڵەکانی شەیتان مارە بە جاشە!!

هەڵبەت پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ علیْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" نەفرەتی کردووە لەوانەی کە مارە بە جاش دەکەن یا بە حەڵاڵی دەزانن، ئەم دەردەش دەردێکە بۆتە پەڵەی ڕەش لە نێو ئوممەتی ئیسلامی، هەتا کافران و بێباوەڕان مسوڵمانانیان پێ لەکەدار کردووە، بۆیە فەسادو خراپەکارییەکی زۆری لە نێوان مسوڵمانانی بێئاگاو نا حاڵی ناوەتەوە.

دیارە ئەگەر ئەم کارەش لە ئیسلامدا شتێکی شیاو بوایە ئەوە هەرگیز پێغەمبەری خوا "صَلّی اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" نەفرەتی بۆ نەدەناردن، بۆیە پێغەمبەری خوا "صَلّی اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ئەم کارەی چواندووە بە بزنی شاخداری خواستراو، سەلەفیش بە بزماری دۆزەخیان ناو بردووە، بۆیە لە بازاڕی حەڵاڵکارانی مارە بەجاش؛ ئافرەت وەك بزنی شاخدار سەیر دەکرێ.. ئافرەت لەم کارەدا زۆر بێنرخ و بێقیمەت سەیر دەکرێت، نە وەلیمەی بۆ دەکرێ نە لەناو خەڵکی ئاشکراو بەرچاو دەکرێ، نە کەرەسەی بوك گواستنەوەی بۆ ساز دەکرێ، نا هاوڕێ و هاودەمانی دیاری بۆ دیار دەکرێ، نە مارەیی نە نەفەقەو خەرجی بۆ بڕیار دەدرێ، هێندە کارەکەی بێ نرخ و شەرمەزارە هەتا کەس نابێ پێی بزانێ و بە حاڵی ئەو کەس بفامێ!! چونکە پێش ئەوە لە ئیسلامدا شتێکی عەیب و شوورەیی بێت، ئەوە هەتا لە نێو کۆمەڵگە و فیترەتی ئینسانەکانیش شتێکی زۆر بێ نرخ و بێ بایەخە..!!

## مارە بە جاش چییە؟

مارە بەجاش ئەو کارە نابووتەیە کە لە دەرهەق ئافرەتدا ئەنجام دەدرێت، بۆ نموونە: ئەگەر ئافرەت هەر سێ تەڵاقی لە مێردەکەی کەوتبێ، ئەوە بۆی نییە بچێتەوە لای مێردەکەی، تا شووێکی تر نەکاتەوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجاً غَيْرَهُ﴾ (البقرة:٢٣٠). واتە: بەڵام ئەوان دێن حیلە شەرعیی (حیلەی ناشەرعیی) لەگەڵ ئەم کارەدا دەکەن.. لە جیاتی ئەوە کە ئافرەتەکە بچێت شووێکی تر بکاتەوە پاشان ئەگەر مێردە تازەکەی بە دڵی خۆی ژنەکەی تەڵاقدا پاشان بیەوێت بچێتەوە لای مێردە کۆنەکەی، کەچی دەچن لە گەڵ یەکێك بە برێ پارە ڕێکدەکەون کە ژنەکەی لێ مارە ببڕن و پاشان تەڵاقی بدات! تا خانم سەر بەرزانە بچێتەوە لای مێردە کۆنەکەی!! **جا سەیر** ئەوەیە لە هێندێ ناوچەی کوردستان بە تایبەت لە دەشتی هەولێر ئەو ئافرەتە دێنن لە **مشکێکی مارە دەکەن پاشان مشکی بەستەزمان!! بە بەر چەقوان دەدەن و دەیکوژن!!** گوایە ژنەکە لەم مشکە تازە بێوەژن بووەو مێردە مشکەکەی بە قوربانی حازریان بووەو **جوانە مەرگ بووە!! ئینجا ئافرەتەکە جارێکی تر بە سێ تەڵاقی نوێوە دەچێتەوە لای**

**مێردە کۆنەکەی!!! سەیرتریش لەمە ئەوەیە کە هێندێ جاران ئەو ژنە دەهێنن لە** مەسینەیەکی ئاودەستا مارە دەبڕن، دوایی مەسینەکە لەت و پەت دەکەن!! یان دەیهێنن **لە کوولەکەیەکی مارە دەبڕن و دوایی کوولەکە لە ئاو دەکوڵێنن و بە دە کەسان لە** کوولەکەی بەستەزمان وەردێن و هەر یەکەو پارەچەیەکی ئەخاتە ورگی خۆی، ئیتر کودووی **(کوولەکە)ی بەستەزمان هەتا ماوە لەو زیندا تاریکەی ئەم ورگانە چاوی بە تیشکی خۆر** ناکەوێتەوە، مەگەر بە گەنیوی بێتە دەر!!! ژنە هەمدیس بۆ مێردی کۆنی دەبێتەوە **بووکی یەك شەوە!!**

کەواتە: ئەم کارەیە پێی دەگوترێت: مارە بەجاش (التحلیل) بۆیە پێغەمبەری خوا "صَلّی اللّٰہُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسّلَم" وەك لە "ئیبنو مەسعوود" (خوا لێیان ڕازی) بێت دەگێڕنەوە کەوا فەرموویەتی: «لَعَنَ رَسولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم المُحَلِّلَ وَالْمُحَلَّلَ لَهُ» (رواه الحاكم في الصحيح والترمذي وقال: حديث حسن صحيح) واتە: پێغەمبەری خوا "صَلّی اللّٰہُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسّلَم" نەفرەتی کردووە لەو کەسەی کە لەو کەسەی کە ژنی خۆیٚ بۆ یەکێك دەبات و بە ڕێکەوتنی نێوانیان تا ماوەیەك لەلای دەبێ، ئینجا تەڵاقی دەدا بۆ ئەوەی حەڵاڵ بێت بۆ مێردی یەکەمی.

بۆیە زانایان کاری زۆریان بەم فەرموودە کردووە، لەوانە: (عومەری کوڕی خەتتاب و عوسمانی کوڕی عەففان و عەبدوڵلای کوڕی عومەر – خوا لێیان ڕازی بێت –) .

هەروەها "ئیمام ئەحمەد" لە موسنەدەکەی و "نەسائی" لە سونەنەکەی بە سەنەدێکی سەحیح هێناویانەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّی اللّٰہُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسّلَم" نەفرەتی لەم کارە کردووە، وەك دەفەرموون: «لَعَنَ رَسُولُ اللّٰہِ صَلّی اللّٰہُ علیْهِ وَسلمَ الْوَاشِمَةَ والْمُستوشِمَةَ، وَالوَاصِلَةَ وَالْمَوْصُولَةَ، والْمُحَلِّلَ وَالْمُحَلّلَ لَهُ، وَآكِلَ الرِّبَا وَمُوكِلَهُ». واتە: پێغەمبەری خوا "صَلّی اللّٰہُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسّلَم" نەفرەتی کردووە لەوەی کە خاڵ ئەکوتێ و لەوەیش کە بۆی ئەکوترێ، لەوەی کە قژی دەستکرد ادا ئەنێ و ئەوەیش کە بۆی ادا ئەنرێ، لەوەی کە ژنی خۆی دەخاتە ژێر پیاوێکەوە (بەنیەتی مارە بەجاش)و ئەو کەسەیش بۆی حەڵاڵ دەکرێت، ئەوەی

کە سوو دەخواو ئەویش کە بۆی بڕیار ئەدرێ. هەروەها دیسان لە موسنەدی "ئیمام ئەحمەد" و سونەنی "نەسائی" هاتووە کە لە "ئیبنومەسعوود" (خوا لێیان ڕازی بێت) هاتووە دەفەرموێت: «.. المحلل وَالْمُحَلَّلَ لَهُ: مَلْعُونُونَ عَلَى لِسَانِ مُحَمَّدٍ صلّى الله عليهِ وسلمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ». واتە: ئەو کەسەی کە ژنی خۆی بە مارە بەجاش ئەدا بە پیاوێك و ئەوەیش کە بۆی حەڵاڵ دەکرێت لە سەر زمانی موحەممەد "صَلّی اللّهُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلّم" نەفرەتیان لێ کراوە.
هەروەها لە "عەلی کوڕی ئەبووتالیب" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا فەرموویەتی: «أنه لعن المحلل له» (رواه الإمام أحمد وأهل السنن كلهم غير النسائی) واتە: پێغەمبەر "صَلّی اللّهُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلّم" نەفرەتی کردووە لەو کەسەی کە لێی حەڵاڵ دەکرێت. هەروەها لە "ئەبوهوڕەیرە" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەر ""صَلّی اللّهُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلّم" فەرموویەتی: «لعن الله المحلل والمحلل له» (رواه الإمام أحمد بإسناد رجاله كلهم ثقات)، ئیمامی "تیرموزی" (بە ڕەحمەت بێت) دەڵێت: پرسیارم لە "بوخاری" کرد دەربارەی ئەم فەرموودە، ئەڵێ، گوتی: ئەم فەرموودە حەسەنە، چون "عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەری مەخزوومی" و "عوسمانی کوڕی موحەممەدی ئەخنەسی" تیایدا گێڕاویانەتەوە، ئەوانیش جێگەی متمانەن.

هەروەها "عەبدوڵڵای کوڕی ئیبنوماجە" لە سونەنەکەی خۆیدا دەڵێت: "موحەممەدی کوڕی بەشار"، ئەویش لە "ئەبووعامری زەمعەی کوڕی ساڵح"، ئەویش لە "سەلەمەی کوڕی وەهران"، ئەویش لە "عیکرەمەی کوڕی" و ئەویش لە "ئیبنو عەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوە کەوا «لعن رسول الله صلى الله عليه وسلم المحِلّل والمحَلَّل له» واتە: پێغەمبەری خوا "صَلّی اللّهُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلّم" نەفرەتی کردووە لەو کەسەی کە مارە بەجاش بە ژنەکەی ئەکات و ئەو کەسەیش کە بۆی حەڵاڵ دەکرێت.

هەروەها لە "عوقبەی کوڕی عامر" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّی اللّهُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلّم" فەرموویەتی: «أَلا أُخبِرُكُمْ بِالتَّيْسِ الْمُسْتَعَارِ ؟ قَالُوا: بَلَى، يَا رَسُولَ اللهِ، قَالَ: هُوَ الْمُحَلِّلُ. لَعَنَ اللهُ الْمُحَلِّلَ وَالْمَحَلَّلَ لَهُ» (رواه ابن ماجه بإسناد رجاله كلهم موثقون، لم يجرح واحد منهم). واتە: ئایا پێتان بڵێم: کە تەگەی (بزنی شاخدار)ی بەکرێ

گیراو چی شتێکە؟ گوتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا "صَلَّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، فەرمووی: ئەو کەسەی کە مارە بەجاش بەحەلاڵ دەگەیەنێ، نەفرەتی خوا لەوەی کە بە حەلاڵی دەگەیەنێ و ئەوەیش کە بۆی حەلاڵ دەکرێ.

هەروەها لە "عەمری کوڕی دینار" (یەکێك بوو لە ناسراوانی تابیعین)"خوا لێی ڕازی بێت" دەگێڕنەوە کەوا: پرسیاری پیاوێکیان لێ کرد کەوا ژنەکەی خۆی تەڵاق دابوو، پیاوێکیش لە خەڵکی گوندەکە دێت و کابرا بە بێ ئاگاداری ژنەکەو ئەو کەسە هێندێ پارەی پێ ئەدات تا بە مارە بە جاش ژنەکەی لێ مارە بکات!! "عەمری کوڕی دنیار" گوتی: نەخێر، ئەم کارە درووست نییە، پاشان باسی ئەوەی کرد کەوا پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «لا، حَتَّى يَنْكِحَ مُرْتَغِباً لِنَفْسِه، فإذَا فَعَلَ ذلِكَ لَمْ تَحِل لَهُ حَتَّى يَذُوقُ العُسَيْلَةَ». واتە: نەخێر! تاکوو ئافرەتەکەی بە ویستی خۆی شوو دەکاتەوە، ئەگەر وایشی کرد، ئەوە هەر بۆی حەلاڵ نییە تاکو شیرینی نەچێژێ (یانی: تا جووت نەبێ).

**بەڵام سەبارەت بە هەڵوێستی یارانی بەڕێزەوە "خوا لێیان ڕازی بێت" هەڵوێستگەلێکی زۆر جوانیان لە دەرهەق ئەم ناهەقییەوە هەبووە، لەوانە:**

لە کتێبی (المصنف)ی "ئیبنوئەبی شەیبە" و سونەنی (الأثرم) و (الأوسط)ی "ئیبنومونزیر" سەبارەت بە "عومەری کوڕی خەتتاب" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا فەرموویەتی: (هەر کەسێکی مارەبەجاش حەلاڵکەرێك یان حەلاڵ بۆ کراوێکم هاتبێتە لا، ئەوە بەردەبارانم کردووە!!) .

هەروەها "عەبدولڕەزاق" لە "مەعمەر"، ئەویش لە "زوهری"، ئەویش لە "عەبدولمەلیکی کوڕی موغیرە" دەگێڕنەوە دەڵێت: پرسیاریان لە "ئبنوعومەر" (خوا لێیان ڕازی بێت) کرد سەبارەت بە کەسێك کە مارە بەجاشی بۆ کەسێك بڕیار داوە، ئەویش فەرمووی: ئەو کەسە خوێنمژە!! (رواه ابن ابي شيبة).

هەروەها هەمدیس لە "عەبدولڕەزاق" دەگێڕنەوە دەڵێت: "سەوری عەبدوڵڵای کوڕی شەریکی

عامری" بۆی گێڕاوینەوە، فەرمووی: گوێم لە "ئیبنوعومەر" (خوا لێیان ڕازی بێت) بوو، کە باسی پیاوێکیان لەگەڵدا کرد کە کچە مامەکەی خۆی تەڵاق دابوو، پاشان پەشیمان ببووەوە دەیویست کە بە مارە بەجاش بیهێنێتەوە!! "ئیبنوعومەر"یش (خوا لێیان ڕازی بێت) فەرمووی: ئەوە هەردووکیان زیناکاران!! جا حەز دەکا بیست ساڵ بمێننەوە (واتە: چ پیاوە بۆ حەڵاڵ کراوەکە، چ ئافرەتەکە).

هەروەها دەفەرموێت: "مەعمەر" و "سەوری" لە "ئەعمەش" و لە "مالیکی کوڕی حارس" و ئەویش لە "ئیبنوعەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە، کەوا پیاوێك پرسیاری لێکردو گوتی: مامم سێ جاران ئامۆژنمی تەڵاق داوە، "ئیبنوعەبباس"یش فەرمووی: جا ئەو بێفەرمانی خوا کردووەو ئێستاش پەشیوانە، گوێڕایەڵی شەیتانی کردووەو شەیتانیش دەرووی خێری بۆ ئاوەڵا نەکردۆتەوە، ئەویش دەڵێت: ئەی چی دەڵێیت: ئەگەر خێزانەکەی بە مارە بەجاش بهێنێتەوە؟! ئەویش فەرمووی: کەسێ بیەوێ فێڵ لە خوا بکات خواش فێڵی لێ دەکات (واتە: ئاقیبەتی فێڵەکەی پێ نیشان ئەداتەوە).

هەروەها لە "سولەیمانی کوڕی یەسار" دەگێڕنەوە کەوا باسی پیاوێکیان گەیاندە لای "عوسمانی کوڕی عەففان" کەوا ژنێکی بە نیازی مارە بەجاش هێناوە، ئەڵێ: ئەویش یەکسەر چووە لای هەردووکیان و لە یەکی جیا کردنەوە، ئینجا بە ئافرەتەکەی فەرموو: مەچۆوە لای مێردەکەت، تاکوو مێردێکی تر بە ویستی خۆت و ویستی پیاوەکە دەکەیتەوە.
(رواه أبو إسحق الجورجانی فی "کتاب المترجم"، وذکره ابن المنذر عنه فی کتاب الأوسط).

هەروەها ئەبوو "ئیسحاقی شیرازی" لە کتێبی (المهذب)دا لە "ئەبوومەرزووقی توجەیبی" دەگێڕێتەوە، کەوا پیاوێك دێتە لای "عوسمانی کوڕی عەففان" (خوا لێی ڕازی بێت) و پێی گوت: کەوا دراوسێکەمان لە خێزانەکەی خۆی تووڕە بووە بەم تووڕەییەوە ژنەکەی خۆی تەڵاق داوە، ئەڵێ منیش سکم پێیان سووتا دەمەوێ ژنەکە مارە بکەمەوە، پاشان تەڵاقی بدەم بۆ ئەوەی بچێتەوە لای مێردەکەی!! یان مێردەکەی بیهێنێتەوە، ئەڵێ: عوسمانیش فەرمووی: مەیهێنە تەنها خواستت بۆ نیکاحەکە نەبێت، (واتە: خواستت بۆ ژنهێنان بێت نەك

بۆ ئەوەی تەڵاقی بدەیت تاکوو مێردەکەی بیهێنێتەوە).

هەروەها "ئبنو ئەبی شەیبە" لە (مصنف)ەکەی لە "ئیبنوعەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: نەفرەتی خوا لەو کەسەی کە حەڵاڵی دەکات و ئەو کەسەیەش کە بۆی حەڵاڵ دەکرێت.

هەروەها لە "ئیبنوعومەر" (خوا لێیان ڕازی بێت)، دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (نەفرەتی خوا لە کەسە کە مارە بەجاش بە حەڵاڵ دەگێڕێ و ئەوەیشی کە بۆی حەڵاڵ دەکرێ). هەروەها "جەوزجانی" بە سەنەدێکی باش لە "ئیبنوعومەر" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: کەوا پیاوێك ژنێکی بە مارەبەجاش هێناوە بۆ ئەوە بۆ مێرەدەکەی خۆی تەڵاقی بدات! ئەڵێ: ئەویش فەرمووی: نەفرەتی خوا لەو کەسە کە حەڵالی دەکات و ئەوەیش کە بۆی حەڵال دەکرێت.!

جا لێرەوە "شێخولئیسلام ئیبنوتەیمە" (بە ڕەحمەت بێت) دەڵێت: ئەمانە هەمووی هەڵوێست بوون لای "عومەر" و "عوسمان" و "عەلی" و "ئیبنوعەبباس" و "ئیبنوعومەر" (خوا لە هەمووان ڕازی بێت). لە گەڵ ئەوە کە دەقی ئاشکرا بوون کە کەسێك ئەم جۆرە مارە بڕەی پەنهانی و بە نهێنی بۆ ئەنجام بدرێت، ئەمە مارەبەجاش (تحلیل)ە، دیارە کە بابای بکەر لە سەر زمانی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" نەفرەتی لێکراوە، یارانی پێغەمبەریش چاك لەو دەستەواژەی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" حاڵی ببوون، بۆیە ئەوانیش ئەم هەڵوێستەیان هەبوو. بۆیە قەت ڕوخسەتی لەم چەشنەیان نەداوە، لەگەڵ ئەوە زۆر هەبوون لەو سەردەمە کە سێ تەڵاقیان لە ئافرەتێکدا کەوتبوو، کەچی ئەم ناهەقی (مارە بەجاش)ەیان بە هەق نەزانیوە، وەك دەبینین کە خێزانی "ڕوفاعەی قورەزی" بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لەگەڵ مێردەکەی ناکۆك بوو و سێ جاران تەڵاق درابوو، زۆری کرد تا بتوانێ بگەڕێتەوە لای مێردەکەی، کەچی کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد کە ڕێگەی بۆ خۆش بکات تا بچێتەوە لای مێردەکەی. دەی ئەگەر مارە بەجاش درووست بوایە هەڵبەت پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" ڕێگەی ئەدا.

هەروەها سەبارەت بە هەڵوێستی تابعینیش ئەوە هەڵوێستیان لە هەڵوێستی سەحابەی کیڕام کەمتر نەبووە، بۆ نموونە:

"عەبدولڕەزاق" دەڵێت: "مەعمەڕ" ئەویش لە "قەتادە" پێی ڕاگەیاندووین کە گوتوویەتی: ئەگەر بکەر یان بۆ کراو یاخود ئافرەتەکە یان هەر یەکێکی تر ئەم کارە بە درووست وەربگرێت ئەوە درووست نییە.

هەروەها "ئیبنوجورەیج" پێی ڕاگەیاندووین کەوا ئەڵێت: بە "عەتا"م گوت: کەسێك بە ئەنقەست ئەم کارە بکات ئایا سزای لە سەرە؟ ئەویش دەڵێت: نەمزانیوە کە سزای بۆ دانرابێت، بەڵام من پێموایە کە دەبێ سزا بدرێت.

هەروەها "مەعمەڕ" لە "قەتاد"ەوە پێی ڕاگەیاندووین کە فەرموویەتی: ئەگەر ئافرەتێك لە مارە بەجاش بەو نیازەوە تەڵاق بدرێت، ئەوە درووست نییە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ مێردەکەی پێشووی.

هەروەها "ئیبنوجورەیج" دەڵێت: بە "عەتا"م گوت: ئەگەر ئافرەتێك مارە بە جاشی پێکرا پاشان گەڕاندیانەوە لای مێردەکەی پێشووی حوکمی چۆنە؟ ئەڵێ، ئەویش فەرمووی: لێك جیا دەکرێنەوە.

هەروەها "مەعمەڕ" لە "حەسەن"ەوە دەگێڕێتەوە کە مارە بەجاشیان بە ئافرەتێك کردووە بۆ پیاوێك بە بێ ئەوە کە پیاوەکە پێی بزانێت؟ ئەڵێ، ئەویش فەرمووی: لە خوا بترسن مەبن بە بزماری ئاگر لە سنوورێك لە سنوورەکانی خوا.

هەروەها "ئیبنومونزیر" دەڵێت: "ئیبراهیمی نەخعی" فەرموویەتی: ئەگەر نیازی یەکێك لە کەسەکان، مێردی یەکەم، یان مێردی دووەم، یان ئافرەتەکە مارە بەجاش بێت، ئەوە نیکاحی دووەمیان پووچ ئەبێتەوە و بۆ یەکەمیش ناگێڕدرێتەوە.

هەروەها "حەسەنی بەسری" (بە ڕەحمەت بێت) دەفەرموێت: یەکێك لەو سێ کەسە نیازی

ئەم کارەیان هەبوو، ئەوە کارەکانیان بێ کەڵکە.

هەروەها دەڵێت: "بەکری کوڕی عەبدوڵڵای مەزنی" سەبارەت بەو کەسەی کە بە حەڵاڵی دا ئەنێ و ئەوەیش کە بۆی حەڵاڵ دەکرێت فەرموویەتی: ئەو کەسانە لە نەفامی پێیان دەگوترا تەگەی خواستراو.

هەروەها "عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی نەجیح" لە "موجاهید" دەگێڕنەوە کەوا سەبارەت بە ئایەتی: ﴿إِنْ ظَنَّا أَنْ يُقِيمَا حُدُودَ اللهِ﴾ (البقرة: ٢٣٠). فەرموویەتی: واتە: ئەگەر گومانیان برد کە نیکاحەکەیان بێ فێڵە.

هەروەها لە "نوفەیلی" دەگێڕنەوە ئەویش لە "یەحیای کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی ئەبی غونیە" و ئەویش لە "عەبدولمەلیك" و ئەویش لە "عەتا"، سەبارەت بە پیاوێك کە ژنەکەی خۆی تەڵاق داوە، پیاوێکیش زۆر سکی پێ دەسووتێت، هەڵدەستێ ژنەکە لە خۆی مارە دەکاتەوە بە بێ ئەوەی مێردەکەی پێشووی بە نیازی بزانێت! ! ئەڵێ: "عەتا"ش فەرمووی: ئەگەر ئەم کارەی بۆ مارە بەجاش بێت، ئەوە بۆی درووست نییە، ئەگەریش بە نیازی هێنانی بیهێڵێتەوە ئەوە بۆی درووستە.

"سەعیدی کوڕی موەسەییەب" سەبارەت بە پیاوێك کە ژنێکی بە نیازی مارە بەجاش هێنابوو بە بێ ئەوەی کە نە مێردەکەی پێشووی و نە ئافرەتەکە بە نیازی ئەم کارەی بزانن، فەرمووی: بۆ هیچیان ئەم کارە درووست نییە. (رواه حرب في مسائله).

هەڵبەت ئەم چوار پێشەوا بەرێزەی کە ناومان هێنان واتە: (حەسەنی بەسری و سەعیدی کوڕی موسەییەب و عەتائی کوڕی ڕەباح و ئیبراهیمی نەخعی) پایەی تابعین بوون و ئەم هەڵوێستە جوامێرانەیان هەبوو سەبارەت بە مارە بەجاش.

**سەبارەت بە تابیعی تابیعینیش وایان فەرمووە:**

"ئیبنو مونزیر" (بە ڕەحمەت بێت) دەفەرموێت: "مالیکی کوڕی ئەنەس" و "لەیسی کوڕی سەعد" دەفەرموون: ئەم جۆرە نیکاحە جگە لە نیکاحی خواست درووست نییە، هەروەها

"مالیك" "ڕەحمەتی خوای لێ بێت" دەفەرموێت: لە یەك جیادەكرێنەوە، جیاكردنەوەشی بە شێوەی فەسخ دەبێت، نەك تەڵاق.

"سوفیانی سەوری" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەگەر كەسێك ئافرەتێكی بە مارە بەجاش هێنا، تاكوو بۆ مێردەكەی پێشووی تەلاق بدات، پاشان بیری لەوە كردەوە كە ئافرەتەكەی لای خۆ بهێڵێتەوەو بۆ لای مێردەكەی نەگەڕێنێتەوە، ئەوە لە یەك جیا دەكرێنەوەو سەر لە نوێ لە یەك مارە دەكرێنەوە.

"ئیسحاق" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: درووست نییە كە لای خۆی بیهێڵێتەوە، چونكە بە عەقدی نیكاح مارەی نەكردووە.

"جەوزجانی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: "ئیسماعیلی كوڕی سەعید" دەڵێت: لە "ئیمام ئەحمەدی كوڕی حەنبەل"م پرسیار كرد دەربارەی پیاوێك كە بە نیازی مارە بەجاش ژنێكی هێناوە تاكوو بۆ مێردەكەی بگەڕێنێتەوە، بە بێ ئەوەی كە ئافرەتەكەی بەم نیازەی بزانێت!! ئەڵێ ئەویش فەرمووی: ئەمە مارەبەجاشە، ئەگەر بەو نیازە ئەو كارە بكات ئەوە نەفرەتی خوای لێ كراوە.

ئیبنو "ئەبی شەیبە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: وا نابینیم كە درووست بێت بەم كارە ئافرەتەكە بگەڕێنرێتەوە لای مێردەكەی پێشوو.

ڕوونكردنەوە:

هێندێ كەسی ناحاڵی وا حاڵی بوونە كە ئەوەتا لە قورئاندا ئاماژە بە مارە بەجاش دراوە، وەك فەرموویەتی: ﴿فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجاً غَيْرَهُ فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يَتَرَاجَعَا إِنْ ظَنَّا أَنْ يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ (البقرە: ٢٣٠). (واتە: خۆ ئەگەر (بۆ جاری سێیەم، پیاو ژنەكەی خۆی) تەڵاقدا، ئەوە ئیتر جارێكی تر بۆی حەڵاڵ نابێت مەگەر دوای ئەوەی شوویەكی تر بكات و (هاوسەری دووەمی بەشێوەیەكی ئاسایی تەڵاقی بدات، یان بمرێت)، ئەوە بۆیان هەیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەكترو

(ژیانی ژن و مێردایەتی دەست پێبکەنەوە)، ئەگەر گومان و ڕایان وابوو دەتوانن سنوورەکانی خوا ڕاگرن و (ژیانێکی ئاسودەیی ببەنە سەر)، جا ئەوەی کە باسکرا سنوورەکانی خوای گەورەن، ڕوونیان دەکاتەوە بۆ گەلێك کە بزانن و تێبگەن.)

دێن و دەڵێن: لەو ئایەتە هەر ئەمە ئەڵێت: کە ئێوە ئێستا بە حەرامتان داناوە؟

**لە وەڵامدا دەڵێین (ابن القیم دەڵێت):**

بەڵێ ڕاستە: ئەگەر پیاوێك هەر سێ تەڵاقی لە ژنەکەی خۆی کەوێت، ئەوە ناتوانێت کە بیگەڕێنێتەوە لای خۆی تا ئافرەتەکە شوویێکی تر بە ڕەغبەتی خۆی نەکاتەوە، کاتێکیش ئەگەر مێردە تازەکەی بە ڕەغبەتی خۆی ژنەکەی تەڵاق دا، ئەو کاتە ژنەکە بۆی هەیە کە بە نیکاحێکی نوێوە بگەڕێتەوە لای مێردە کۆنەکەی، (بەڵام: نەك مێردە تازەکەی و ژنەکە بە نیازی گەڕانەوەی ژنەکە بۆ لای مێردە کۆنەکەی ئەم کارە بکەن)، چونکە وەك لە پێشەوە باسمان کرد کە ئەم کارە حەرامەو زۆرێك لە زانایان پێیان وایە کە زینایە.

دووایی ئەگەر لە تەواوی ئایەتەکە بنۆڕین؛ ئەبینین کە دەفەرموێت: ﴿... فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يَتَرَاجَعَا إِنْ ظَنَّا أَنْ يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ (البقرة: ٢٣٠). واتە: ئەگەر مێردی دووەمی ئافرەتەکەی تەڵاقدا، ئەوە گوناهبار نابن کە بگەڕێنرێنەوە لای یەکتر، بەو مەرجە کە سنووری خوایان پاراستبێ. بەڵام لێرە سنوورەکانی خوا پێشێل کراون چونکە مەرجەکانی نیکاح لە مارە بەجاشەکەدا مسۆگەرو بەر قەرار نەبووە.. وەك لە پێشەوە باسمان کرد و کۆمەڵێ ڕاو بۆچوونی زانایانمان سەبارەت بەم باسە خستە ڕوو، ئەمە جگە لەو هەموو فەرموودەی کە هێنامانەوە، چونکە مەرجی مارە بەجاشەکە بۆ نیکاحی ئافرەتکە نییە، بەڵکوو بۆ گەڕاندنەوەی ژنەکەیە بۆ مێردی دووەمی، بۆیە مێردی دووەم کە بەم نیەتەوە ئەو ئافرەتە دەهێنێتەوە لای خۆی کە جیماعی لەگەڵ نەکات و یەکسەر تەڵاقی بدات و بیگێڕێتەوە لای مێردەکەی خۆی. هەروەك لە فەرموودەی "**عائیشە**" بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دەفەرموێت: ﴿عَنْ عائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْها: طَلَّقَ رَجُلٌ إمْرَأَتَهُ ثَلاثاً فَتَزَوَّجَها رَجُلٌ، ثُمَّ طَلَّقَها قَبْلَ أَنْ يَدْخُلَ بِها، فَأَرادَ زَوْجُها الأَوَّلُ أَنْ يَتَزَوَّجَها، فَسَأَلَ

النَّبِيَّ " صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم " عَنْ ذَلِكَ؟ فَقالَ: لَا، حَتَّى يَذُوقَ الآخَرُ مِنْ عُسَيْلَتِهَا﴾ (رواه الشيخان). واتە: پیاوێك سێ بەسێ ژنی خۆی تەڵاقدا، جا یەکێکیتر مارەی کرد و ئەویش تەڵاقی دا بەر لەوە کە جیماعی لەگەڵدا بکات، مێردەکەی یەکەمیش ویستی کە دیسان لە خۆی مارە بکاتەوە، پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" فەرمووی: لێت حەڵاڵ نییە کە مارەی بکەیتەوە تا ئەو کاتە کە مێردەکەی دووەمی هەنگوینی لێ تام ئەکات. (واتە: تا جیماعی بە تەواوی لەگەڵ ئەکا).

هەتا ئەگەر لە گەڵیشی جووت نەبێت، مادام پیاوەکە بە نیازی مارەکردنی نەیهێناوە، ئەوە ژنەکەی نەهێناوەو ژنەکەش شووی نەکردۆتەوە، دیارە مەرجی چوونەوە لای مێردەکەشی ئەوەیە کە ئافرەتەکە دەبێ شووێکی تر بکاتەوە.

**کەوابوو: خۆشەویستان.. خوێنەرانی شیرین و سەنگین:**

ئەگەر خواو پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" نیکاحی سیغەیان حەرام کردبێت، لە گەڵ ئەوەش مەبەست لە سیغە چێژ وەرگرتن بێت لە ئافرەت و ماوەیەکیش لەلای پیاوەکە بمێنێتەوە، ئەوە بە بێ شك نیکاحی مارە بەجاش لەو خراترە، چونکە کابرا نیازی ئەوەی نییە کە لای خۆی بیهێڵێتەوە، بە ئەندازەی ئەو بزنە نەبێت کە بۆ ساتێکی کەم ڕادەگیرێ و بەرهەڵا دەکرێت. بۆیە "شێخولئیسلام ئیبنوتەیمیە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: نیکاحی سیغە لە دوازدە ڕووەوە لە نیکاحی مارە بەجاش باشترە.

یەکەم: نیکاحی سیغە لە سەرەتای ئیسلام درووست بوو، بەڵام نیکاحی مارە بە جاش هیچ کاتێك بە ڕەوا نەزانراوە.

دووەم: یارانی بەڕێز "خوا لێیان ڕازی بێت" لە سەردەمی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" سیغەیان کردووە، بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان قەت مارە بە جاشێکیان نەکردووە.

سێیەم: نیکاحی سیغە جێگەی مشتومڕی یاران بوو، وەك لەوانە "ئیبنو عەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت) ڕێگەی پێیدابوو، یاخود "ئیبنومەسعوود" (خوا لێیان ڕازی بێت). هەروەك

له هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە دەفەرموێت: «كُنَّا نَغْزُو مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَيْسَ لَنَا نِسَاءٌ فَقُلْنَا أَلَا نَسْتَخْصِي فَنَهَانَا عَنْ ذَلِكَ ثُمَّ رَخَّصَ لَنَا أَنْ نَنْكِحَ الْمَرْأَةَ بِالثَّوْبِ إِلَى أَجَلٍ ثُمَّ قَرَأَ عَبْدُ اللَّهِ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ" –المائدة: ٨٧–» واته: لەگەڵ پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" بۆ غەزا دەرچووین و هیچ کامیشمان ئافرەت (یان ژنی خۆمان لەگەڵدا نەبوو!)، ئەڵێ: گوتمان: خۆ نەخەسێنین؟! کەچی پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" بەرهەڵستی لێکردین، پاشان ڕوخسەتی پێداین کە سەرو ئافرەتێك بۆ کاتێکی دیاری کراو مار ببڕین!، ئەڵێ پاشان "عەبدوڵلا" ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە دەفەرموێت: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەو پاکیانەی کە خوا لێی حەڵاڵ کردوون ئێوە بە حەرامی دانەنێن..

"عوروە" ئەڵێ هەتا "عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر" (خوا لێیان ڕازی بێت) ڕۆژێك لە مەککە هەڵسایەوە فەرمووی: هێندێ کەس خوا دڵی کوێر کردوون، وەك چۆن چاوی کوێرکردوون کە فەتوا بە درووست بوونی سیغە دەدەن! واتە: ناڕازی بوو لە "عەبدوڵلای کوڕی عەبباس" بەم کارە، ئەڵێ ڕۆژێك «"عەبدوڵلای کوڕی عەبباس"» "عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر" بانگ دەکات و پێی دەفەرموێت: (إنك لجِلْفُ جافٍ) واتە: تۆ تەبیعەت وشکیت و کەم تێدەگەیت، بەو خوایە سیغە لە سەردەمی پێشەوای خواناسان (مەبەستی پێ پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" بوو) ئەنجام ئەدراو ئەکرا، ئەڵێ "عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر"یش پێیگوت: دە تۆ بیکە، جا بزانە من بەردەبارانت دەکەم یاخود نا!!

کەواتە: ئەمە ڕای "ئیبنومەسعوود و ئیبنوعەبباس" بوو سەبارەت بە سیغە، بەڵام سەبارەت بە مارەبەجاش وەك لە پێشەوە ڕاکانمان هێناوەوە کە ئەم دوو زاتە پاکە چۆن لە دژی ئەوەستانەوە.

چوارەم: پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم"و یارانی هیچ فەرمایشتێکیان نەبووە کە نەفرەت بکەن لەوانەی کە سیغە دەکەن، بەڵام بە ئاشکرا نەفرەتیان کردووە لەوانەی کە نیکاحی مارە بەجاش دەکەن.

پێنجەم: ئەو کەسەی کە سیغە دەکات مەبەستێکی ڕوونی هەیە، کە مەبەستی ئەوەیە کا ماوەیەك لەگەڵ یەکدا بن و چێژ لەیەکتر وەربگرن، بەڵام بابای مارەبەجاش دەکات هیچ مەبەستێکی نییە تەنها وەك ئەوە نەبێ کە بزنێك دەهێنێ و ئیشی خۆی لە گەڵ دەکاو بەڕێی دەکات، واتە: نیکاحەکەی بێ مەبەستە. بۆیە "حەسەن" فەرمووی: بزمارێکی ئاگرە لە سنووری خوا گیر دەکرێت.

"شێخولئیسلام" دەڵێت: بزمار لە شتێك دا ئەکوترێ، بەڵام ئەو ئافرەتە لەم کارەدا بۆ مێردەکەی خۆی دەکوترێ!! بۆیە خوا حەڕامی کردووە.

شەشەم: بابای سیغەکار شتێکی نەکردووە تا حەڕامی حەڵال کردبێ، لەوانەش نییە کە بیەوێت فێڵ لە خوا بکات وەك چۆن فێڵ لە مندال دەکرێت، بەڵکوو بە ئاشکراو بە پەنهانی چووە نیکاحی لەگەڵ ئافرەتێك بەستووە، بەڵام ئەوەی کە مارە بەجاشی بە حەڵاڵ دەرخستووە، ئەوە فێڵ زان و خشتەبارە، گاڵتە بە ئایەتەکانی خوا دەکات، بۆیە کەوتۆتە بەر نەفرەت و لەعنەتی خواوە.

حەفتەم: بابای سیغەکار ئافرەتەکەی بۆ خۆی دەوێت، هەر ئەمەشە نهێنی نیکاح و مەبەستەکانی، بەڵام بابای مارەبەجاشکار بۆخۆی ئەم کارە ناکات، بەڵکوو بۆ کەسێکی ترە کە ئەیکات، ئەمە دژە بە بنەماکانی شەریعەت.

هەشتەم: فیترەتی ساغ و دڵی ساغ، ئەو دڵەی کە جەهل و چاولێکەری تیا بەرجەستە نەبووبێت زۆر توندو خێرا دەبەر مارەبەجاش ڕادەکات و لێی دەسڵەمێتەوە، بەڵام نیکاحی سیغە فیترەت و ئەقڵی سەلیم لێی دوورناکەوێتەوە، ئەگەر وا نەبوایە ئەوە لە سەرەتای ئیسلام ڕێگەی پێ نەئەدرا.

نۆیەم: نیکاحی سیغە وەك ئەو ئەسپە وایە کە بۆ ماوەیەك بە کرێی وەردەگریت و پاش پێکهێنانی ئاتاجی خۆت دەستی لێ بەر ئەدەیت، بەڵام کاتێ کە مانەوەی بۆ دیار دەکەیت ئەوکاتە لە مەبەستی نیکاح دوور دەکەوێتەوە، بەڵام نیکاحی مارەبەجاش، بەهیچ شتێك

ناچێ و لەگەڵ هیچ شتێك بەراورد ناکرێت، تەنها هەر ئەو وێکچواندنە نەبێت کە پێی چوێندراوە، ئەویش وێچواندنیەتی بە خوێنمژی یان بەو بزنە تەگەی کە بەکاری دێنێ و بەڕێی دەکات.

دەیەم: خوای پاکوبێگەرد کۆمەڵێك هۆکاری داناون، وەك کڕین و فرۆشتن و بەکرێهێنان و خۆ دەقەبەرکردن و نیکاح و.. هتد هەموو ئەوانە کۆمەڵێ هۆکارن بۆ پێداویستە جۆراو جۆرەکان، لەوانە: کڕین و فرۆشتن هۆکارە بۆ قازانجی هەردوولا، کرێداری هۆکارە بۆ قازاجی ماددی هەردوولا، نیکاح و ژن مارەبڕین هۆکارە بۆ داسەکنین و دامرکاندنی حەزی هەردوولا، بەڵام هەرچی مارەبەجاشە جگە لەوە کە پێچەوانەی شەریعەت و بەرنامەی خوایە، ڕێگەیەکیش نییە بۆ عیلاج، چون لەم ناوە تەنها ئافرەتەکە زەرەر دەکات بۆیە کارەکەی بە تەگەی بەکرێ گیراو سەیر کراوە، سەرباری ئەم پێکچواندنە سووکایەتیەکی زۆریش بە ئافرەتەکە دەکرێ و نامووسی دەبردرێ.

یازدەیەم: حاڵی ئەو کەسەی کە مارە بەجاش دەکات وەك حاڵی مونافیقێك وایە، چونکە مونافیق وا نیشان دەدات کەوا مسوڵمانە و پابەندە بە ئیسلام چ بە کردەوە چ لە ناخی خۆیدا، بەڵام لە ناخیدا پابەند نییە بەهیچ شتێکی ئەم دینەوە، مارەبەجاشیش وا نیشان ئەدرێت کە ئەمە زەواجە ئەنجامی ئەدرێت، واتە نیەتی نیکاحی هەیە، وانیشان ئەدات کە لە سەر ڕەزامەندی ئافرەتەکە ئەو کارەی ئەنجام داوە، بەڵام لە ناخیاندا شتێکی تر، پیاوەکە نایەوێت کە ئەو ژنە بهێنێت و ژنەکەش نایەوێت شووی پێ بکات، وە ناشیانەوێ نەفەقەو خەرجی بکەوێتە نێوانیانەوە و هەق و هقوقەکانی نیکاح لە سەر خۆیاندا جێ بەجێ بکەن. واتە پێچەوانەی ناخی خۆیان مامەڵە دەکەن. خواش لێرە هەقیقەتەکە دەزانێ و ژن و پیاوەکەش بە هەمان شێوە دەزانن کە کار بەم چەشنەیە.

دوزادەیەم: نیکاحی مارەبەجاش هەتا نە بە نیکاحی نەفامان و نە بە نیکاحی ئیسلامیش ناچێت، نەفامانی پێشوو لە مەسەلەی نیکاحدا کۆمەڵە شتێکی نا بەجێیان لەگەڵی پەیوەست دەکرد و بە نیکاحی مارەبەجاشیش ڕازی نەبوون، بۆیە نەیاندەکرد! هەروەك لە

"سەحیحی بوخاری"دا هاتووە کە لە "عورووەی کوڕی زوبەیر" دەگێڕنەوە کەوا "عائیشە" (خوا لێیان ڕازی بێت) ڕۆژێ بە "عورووە"ی گوت: نیکاحی نەفامی چوار جۆر بوو؛ هەیانبوو وەك نیکاحی ئێستای خەڵکی وابوو، پیاوێك دەهات و داوای دەستی کچێکی لە پیاوێك یا لە وەلیەکەی دەکردو ئەوانیش ڕازی دەبوون و مارەی دەکرد، ئەوی تریان پیاوێك بە خێزانەکەی خۆی دەگوت: ئەگەر لە حەیز پاك بوویتەوە بە دوای فولان کەسدا بنێرە و داوای جیماع و سەرجێی لەگەڵدا بکە، جا مێردەکەی لێ دوور دەکەوتەوەو دەستێ لێ نەئەدا، تا ڕوون دەبووەوە کە لەکام پیاویان دووگیان بووە! ئەمەیشی بۆیە دەکرد تاکو کوڕیان ببێت، ئەم نیکاحەش پێی دەگوترا نیکاحی ئیستیبزاع (نكاح الاستبضاع)، ئەوی تریان نزیکەی دە کەس کۆ دەبوونەوەو دەچوون لەگەڵ ئافرەتێك جیماعیان دەکرد، کاتێك کە ئافرەتەکە دووگیان دەبوو و منداڵەکەی دا ئەناو چەند شەوێکی پێ دەچوو، ئینجا دەینارد بە دوای هەر دە پیاوەکە، بۆیە هیچ کامیان نەیاندەتوانی کە نەچن، تا دەچوون و لە لای کۆ دەبوونەوە، ئینجا پێی دەگوتن: ئێستا زانیتان کە چیم لێتان دەوێ؟ ئەوەتە منداڵەکە بووە، ئینجا بە یەکێکیانی دەگوت: فولان کەس بزانە کە ئەو منداڵە ئی تۆیە جا چ ناوێکت پێ خۆشە لێی بنێ! ئەویش نەیدەتوانی کە ڕەتی بکاتەوە! ! **نیکاحی چوارەم**: خەڵکێکی زۆر کۆ دەبوونەوەو دەچوونە لای ئافرەتێك، ئەویش ڕووی بەهیچیان دا نەدەهێنا تا ڕەتیان بکاتەوە، واتە کەسی ڕەت نەئەکردەوە، ئەم جۆرە ئافرەتانە داوێن پیس و زیناکار بوون، لە بەردەرگەیماڵی خۆیان ئاڵایەکیان هەڵدەکرد تاکو خەڵکی بزانن کە ئافرەتی ئەو ماڵە ئیشی لەشفرۆشی دەکات، هەر کەس بیویستایە دەچووە لای و لەگەڵی ڕادەبوێرا، کاتێ کە یەکێك لەوان سکی دەبوو و منداڵەکەی لە دایك دەبوو دەچوو (بە حسێبی خۆیان) کەسێ کە فیڕاسەی هەبوو و بە شوێنەوارەکانی ئەزانی، ئەوانیش دەهاتن و گومانیان لە سەر کێ وەستابایەوە منداڵەکەیان دەکرد بە ملی ئەودا، ئەویش نەیدەتوانی کە بەرهەڵستی و لاملی بکات! کاتێکیش کە خوا موحەممەدی "صَلّى اللّهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" بە هەق هەنارد، ئەم نیکاحە نەفامییەی شکاندو هەڵوەشاندەوە، تەنها ئەو نیکاحەی هێشتەوە کە ئێستا کە هەیەو لە ئارادایە.

کەواتە؛ ئاشکرایە کە نیکاحی مارە بەجاش ئەو نیکاحە نییە کە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم"جێگیری کردو هێشتیەوە، چونکە هەتا نەفامانی ئەوێ ڕۆژێش بەم جۆرە مارە بەجاشە ڕازی نەبوون. چونکە فیترەتی سەلیم و گەلانی پێشووش ڕقیان لەم کارە بووەو بە عەیبیان زانیوە.

**هۆکاری هەموو ئەو مارە بەجاشەش چەند شتێکە:**

یەکەم: بێفەرمانی کردنی خواو پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم"و گوێڕایەڵی کردنی شەیتانە، خوای پەروەردگار ڕقی لە تەڵاقە، هەروەك لە فەرموودەکەی ئەبووداود کە لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر "خوا لێیان ڕازی بێت" دەگێڕێتەوە کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" فەرموویەتی: «أَبْغَضُ الْحَلالِ إِلَى اللهِ تَعَالَى الطَّلاقُ» هەرچەند ئەم فەرموودە لاوازە بەڵام ئەگەر لە قورئانی پیرۆز وردبینەوە، ئەوە ئەبینین کە خوا هەمیشە بەندەکانی خۆی هان داوە کە یەك ڕیزو هاوبەرپرسیار بن بەرامبەر بە یەکتر بە تایبەت بە تایبەت لە ڕووی ژیانی هاوسەرییەوە. هەروەك پرسیاریان کرد لە شێخ "سالّح ئەلعوسێمن" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە بارەی سیحەتی ئەم فەرموودە، ئەویش فەرمووی: ئەم فەرموودە لاوازە، هەتا لە ڕووی ماناشەوە هەر هەڵەیە، چونکە نابێت شتێك کە لای خوا قێزەوین بێت و حەڵالیش بێت، وەلێ گومانی تیا نییە کە خوا پێی خۆش نییە کە پیاو ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات، بەڵگەش ئەم ئایەتەیە کە خوا دەفەرموێت: ﴿لِلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِنْ فَاءُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (البقرة: ٢٢٦). واتە: بۆ ئەوانەی کە سوێند دەخۆن نزیکی هاوسەریان نەکەون، بۆیان هەیە تا چوار مانگ چاوەڕوانی بکەن (دەبێت لەو ماوەیەدا بڕیاری یەکجاری بدەن)، خۆ ئەگەر ئاشت بوونەوە و ڕێککەوتن، ئەوە خوا لێخۆشبوو و میهرەبانە.

لە گەڕانەوەی ئافرەتەکە بۆ لای هاوسەرەکەی، خوای گەورە فەرمووی: ﴿فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾. واتە: خوا بە عەزم قاییم کردنییان گەڕانەوەیان بۆ لای یەك، خوا لێیان خۆش دەبێ و ڕەحمیان پێ دەکات. وەك دەشزانین کە تەڵاق هۆکارێکە بۆ شکاندنی دڵی ئافرەت، بە تایبەت ئەگەر ئەو ئافرەتە منداڵی هەبێت، ئەوە بێ گومان ئەوانیش سەریان لێ دەشێوێ و

سەرگەردان دەبن، بۆیە تەڵاق لە بنەڕەتدا شتێکی نەویستراوو قێزراوبووە.

هەروەها لە "سونەنی ئیبنوماجە" لە فەرمووەدەی "ئەبوموسای ئەشعەری" هاتووە کە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" فەرموویەتی: «مَا بَالُ قَوْمٍ يلْعبُونَ بحُدُودِ اللهِ يَقُولُ: قدْ طَلَّقْتُكِ، قدْ رَاجعْتُكِ، قَدْ طَلّقْتُكِ». واتە: ئەوە خەڵکێك چیانە کە یاری بە سنووری خوا دەکەن؟! (دەڵێن): تەڵاقم دایت، تۆم گەڕاندەوە، تەڵاقم دایتەوە...! هەروەها لە "سەحیحی مسلیم"دا لە "جابری کوڕی عەبدوڵڵا" دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" فەرموویەتی: «إنَّ إبْلِيسَ يَضعُ عَرْشَهُ عَلَى الْماءِ، ثُمَّ يَبْعَثُ سَرَايَاهُ، فأَدْنَاهُمْ مَنْزِلَةً أَعْظَمُهُمْ فِتْنَةً، يَجيءُ أَحَدُهُمْ فَيَقُولُ: فَعَلْتُ كَذَا وَكَذَا فيقولُ: مَا صَنَعْتَ شَيْئاً، قالَ: وَيَجيءُ أَحَدُهُمْ، فَيَقُولُ: مَا تَرَكْتُهُ حَتَّى فَرَّقْتُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ أَهْلِه، قَالَ: فَيُدْنِيهِ مِنْهُ، أَوْ قالَ فَيَلْتَزمُهُ، ويَقُولُ: نَعَمْ أَنْتَ أَنْتَ». واتە: ئیبلیس عەرشی خۆی لەسەر ئاودا ئەنێت، پاشان بە دوای لەشکرەکانی خۆیدا دەگەڕێت، کەمترین پلەیان گەورەترین فیتنەیان بە دەستە، یەکێکیان دێت و دەڵێت: وام کردو وام کرد، شەیتان پێی دەڵێت: چیت نەکرد! ئینجا یەکێکی تریان دێت، دەڵێت: جێم نەهێشت تاکوو بەینی خۆی و خێزانەکەیم جیاکردەوە! شەیتان لە خۆیی نزیك دەخاتەوە- یان بەخۆی وەدلکێنێ و پێی دەڵێت: بەڵێ: هەر تۆ هەر تۆ!! (واتە: هەر تۆ پیاویت و ئەرکەکەت بە باشی ڕاپەڕاندووە!). کەواتە شەیتان و دارو دەستەکەی کەسەکان بەوە هەڵدەخەڵەتێنن کە بڕۆن تەڵاقتان کەوتووە، بۆیە خێزان و خانەوەدەیەك کە باش لە دینی خوا حاڵی نەبووبن و لە بچووکترین کێشە پاڵ بە پیاوانەوە ئەنێن کە سێ بەردە لە دەست ژنەکانیان بنێن و شیرازەی ئەم خانەوادە تێك بدەن.. ئارامی و لە سەر خۆیی لە ناویاندا قاتی دەبێ و تاکە شتێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە دیقەتیان بۆ تەڵاق و جیابوونەوە ڕادەکێشن!! کاتێکیش کە پیاوەکە لە تووڕەیی و بێ حەوسەڵەیی خۆیەوە بێ بیرکردنەوە ژنەکەی خۆی تەڵاق ئەدات، ئینجا لە دواییا پەشیوان دەبێتەوە!! شەیتانیش چون پێی فێر بووەو چاك دەزانێت کە چۆن گاڵتەی پێ بکاو تووشی هەڵەی لەو هەڵەتری بکات و دێت مارە بەجاشی پێ نیشان ئەدات!

کەواتە: حۆشەویستان و خوێنەرانی هێژاو سەنگین:

بزانن: کە ئەو کەسەی لە خوا ترسە، کاتێ کە ویستی ژنەکەی تەڵاق بدات (ئەویش دوای هەموو ڕێگە چارەیەکی تر) با بەو جۆرە ژنەکەی تەلاق بدات کە خواو پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم"بۆیان دیار کردووە، هەر کەس وا بکات ئەوە خوا قەت دەرگاکانی لە ڕوو داناخات، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجاً﴾ (الطلاق: ٢). واتە: ئەوەی لە خوا پارێزکار بێت، دەرگەی خێری بۆ ئاوەڵا دەکات. ئەوەی پارێزکار بێ و حسێب بۆ دینی خۆی بکات، ئەوە بێ گومان بە تەقوای پارێزکارییەکەی هەموو ئەو کۆت و زنجیرانەی کە شەیتان بەفێڵ و تەڵەکەبازیەکانیەوە لە گەردەن و ئەستۆی بەندەکانی خستووە ئەپچڕێ و هەڵدەوەشێنەوە. ئەو تەڵاقەی کە خوا بە شەرعی گرتووە، ئەوەیە کە ئەم پیاوە کاتێ کە ژنەکەی تەڵاق ئەدات، ئەبێ ئەو ژنە پاك بێ و لە خوێن و سووڕی مانگانەی خۆی نەبێت، وە کە تەڵاقیشی دا؛ یەك تەڵاقی بەدەما بێ و کاتێکیش کە دەیهێنێتەوە؛ ئەبێ عیددەی بەسەردا چووبێت، ئەگەریش ویستی بیهێنێتەوە ئەوە ئەیهێنێتەوە بە بێ ئەوەی کە پێویست بەوە بکات کە ژنەکەی شووێکی تر بکاتەوە، یان مارەبەجاشی پێ بکرێت! کەسێ بەم جۆرە ژنەکەی خۆی تەلاق بدات ئەوە قەت پەشیوان نابێتەوە و تابیر لە ناشەرعیی مارە بەجاش بکاتەوە.

بۆیە کاتێ کە باسی پیاوێکیان لای "ئبنو عەبباس" کردو گوتیان: فوڵان کەس ژنەکەی خۆی سەد بە سەد تەڵاق داوە!! ئەویش فەرمووی: بێفەرمانی خوای کرد و تازە ژنەکەی لێی ترازا، ئەی بۆچی پارێزکاری لە خوا نەکرد تا خواش دەرووی خێری بۆ بکاتەوە؟!!

"سەعیدی کوڕی جوبەیر" دەفەرموێت: پیاوێك هاتە لای "ئیبنوعەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت) و گوتی: من هەزار بە هەزار ژنەکەم تەڵاقداوە!! ئەویش فەرمووی: بە سێیان ژنەکەت لێ مەحرووم دەبێت، هێشتنەوەشیان تا ئێستا تاوان و سەرپێچییە و ئایەتی خواشت بە

گەمەو گاڵتە گێڕاوە.

"موجاهید" دەڵێت: من لای "ئیبنوعەبباس" بووم، پیاوێك هاتە لای و پێی گوت: كە ژنەكەم سێبەسێ تەڵاق داوە، ئەڵێ: "ئیبنوعەبباس"یش بێدەنگ بوو، هەتا گومانم برد كە ڕەنگە ژنەكەی بۆ بگێڕێتەوە، ئەڵێ پاشان فەرمووی: هەر یەك لە ئێوە سواری دەبەنگییەوە بوونە (واتە: هەر یەك لە ئێوە كارێكی بێ ماناتان كردووە)، كابراش گوتی: ئەی "ئبنوعەبباس" ئەی "ئیبنوعەبباس"، ئەوە نییە كە خوا دەفەرموێت: هەركەسێ پارێزكاربێت لە خوا، خوداش دەرگەی خێری بۆ دەكاتەوە، ئینجا "ئیبنوعەبباس" فەرمووی: ئاخر ئێوە لە خوا نەترسان، بۆیە هیچ دەرووێكت بۆ شك نابەم، تۆ تازە تەڵاقت لە ژنەكەت كەوتووە. (رواه ابوداود).

هەروەها ئیمامی "نەسائی" لە "مەحموودی كوڕی لەبید" گێڕاویەتەوە كە فەرموویەتی: «أُخْبِرَ رسُولُ الله صلى اللهُ عليه وَسلم عَنْ رَجُلٍ طَلَّقَ امْرأَتَهُ ثَلاثَ تَطْلِيقَاتٍ جَمِيعاً، فقَامَ غَضْبَانَ، ثُمَّ قَالَ: أَيُلْعَبُ بِكِتَابِ اللهِ وَأَنَا بَيْنَ أَظْهُرِكُمْ ؟ حَتَّى قَامَ رَجُلٌ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ، أَلا أَقْتُلُهُ ؟».

واتە: بە پێغەمبەریان ڕاگەیاند كە پیاوێك سێبەسێ ژنەكەی خۆی تەڵاق داوە! كەچی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" بە تووڕەییەوە هەڵساوە سەرپێ و فەرمووی: گاڵتە بە كتێبی خوا دەكرێت كە هێشتا من لە نێوانتان دام؟! تا پیاوێك هەڵسایە سەرپێ و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا نەچم بیكوژم؟!

ئەمانەی كە باس كران تێكڕای هاوتابوون بە بەڵگەكانی قورئان، چون خوای گەورە تەڵاقی بە شەرع دانەوە كە یەك بە دوای یەكەوە بن، نەك سێبەسێ یا سەد بە سەدو هەزار بە هەزار!!

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الطَّلاقُ مَرَّتَانِ﴾ (البقرة: ٢٢٩). واتە: تەڵاق دووجارە. وشەی (مَرَّتَانِ) لە زمانی عەرەبی، بەڵكوو لە تێكڕای زمانانی تریش بریتیە لە جار لە دوای جار، (مرة بعد مرة) قورئانیش لە سەرەتاوە تا كۆتایی و سوننەتی پێغەمبەریش "صَلّى اللهُ عليْهِ

وَعَلَى آلِهِ وسَلَم"و زمانی عەرەبی بەم تێگەیشتنەوە یەکدەنگن.

وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿سَنُعَذِّبُهُمْ مَرَّتَيْنِ﴾ (التوبة: ١٠١). هەروەها دەفەرموێت: ﴿أَوَلاَ يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ﴾ (التوبة: ١٢٦). واتە: ئایا (دووڕووەکان) نابینن و نازانن بەڕاستی ئەوان لە هەموو ساڵێکدا جارێك یان دوو جار تاقی دەکرێنەوە. هەروەها: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِيَسْتَأْذِنْكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنْكُمْ ثَلاثَ مَرَّاتٍ﴾ (النور: ٥٨). واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە با بەندەو ئەو منداڵانەتان (کە هێشتا نەگەیشتونەتە تەمەنی هەرزەکاری) لە سێ کاتدا (فێری ئەوە بکرێن) مۆڵەت بخوازن (لەسەردانی ژووری نووستنی ژن و مێرد).

پاشان ئایەتەکە بە سێ کات لێکدراوەتەوەو ڕاڤە کراوە، بەڵگەش هێندە زۆرن لە ژمار نایەن، پاشان خوای گەورە فەرمووی: ﴿فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجاً غَيْرَهُ﴾ (البقرة: ٢٣٠). واتە: خۆ ئەگەر (بۆ جاری سێبەم، پیاو ژنەکەی خۆی) تەڵاقدا، ئەوە ئیتر جارێکی تر بۆی حەڵاڵ نابێت مەگەر دوای ئەوەی شوویەکی تر بکات. ئەمەشیان جاری سێیەمیانە بۆیە ئەو ئافرەتە تا شووی تر نەکاتەوە (نەك بە نیەتی مارە بەجاش و گەڕانەوەی بۆ لای مێردەکە)، ئەوە بۆی نییە بگەڕێتەوە لای مێردەکەی.

هەر ئەم جۆرە تەڵاقە جار لە دوای جاریشە کە شەریعەتی خوا بڕیاری بۆ داوە، ئەمەیان سەبارەت بە ژمارە، بەڵام سەبارەت بە کاتەکانیشیەوە، ئەوە خوا عیددەی داناوە، وەك پێغەمبەری خوا تەفسیری کردووە بەوە کە ژنەکە ئەبێ لە کاتی پاکیا و بە جیماع لە گەڵ کردنیدا (واتە: دوای پاك بوونەوەکەی سەر جێیی لەگەڵ نەکردبێت) تەڵاقی بدات. بۆیە باسی تەلاقی سێبەسێ و تەڵاقی کاتی سووڕی مانگانە لە شەرعدا لە ئارادا نییە. ئەمە جگە لە سەردەمی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَم" هەتا لە سەردەمی "ئەبووبەکرو عومەر"یش تەلاقی سێبەسێ تەنها حسێبی یەك تەڵاقی بۆ کراوە.

هەروەها لە دوو فەرموودەی سەحیحیشدا هاتووە کە یەکیان لە سەحیحی "موسلیم"دایەو ئەوی تریش لە موسنەدی "ئیمام ئەحمەد"ە کە تەڵاقی سێبەسێ هەر یەك تەڵاق بووە،

لەوانە:

لە سەحیحی "موسلیم"دا هەروەك لە ڕێگەی "ئیبنوتاووس" ئەویش بە باوکیەوەو ئەویش لە "ئیبنوعەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت) هاتووە کە دەفەرموێت: «كانَ الطّلاقُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللهِ صلى اللهُ تعالى عليهِ وآله وسلمَ وأبى بكْرٍ وَسَنَتَيْنِ مِنْ خِلافَةِ عُمَرَ: طَلاقُ الثّلاثِ وَاحِدَةٌ، فَقَالَ عُمَرُ رَضِىَ اللهُ عَنْهُ: إنَّ النَّاسَ قَدِ اسْتَعْجَلُوا فى أَمْرٍ كانَتْ لَهُمْ أنَاةٌ، فَلَوْ أمْضَيْنَاهُ عَلَيْهِمْ ؟ فَأَمْضَاهُ عَلَيْهِمْ». واتە: "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" و "ئەبووبەکر"و دوو ساڵیش لە سەردەمی خەلافەتی "عومەر"دا، تەڵاقی سێبەسێ هەر یەك تەڵاق بووە، "عومەر" (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: خەڵکی پەلە لە فەرمانێك دەکەن لە شتێکی وا: کە دەبوا خۆڕاگربوونایە تیایدا (دەڵێن چی؟) ئەگەر بیچەسپێنین لەسەریان؟! ئەوەبوو چەسپاندی بەسەریاندا. (واتە: ئەگەر کەسێك بە کۆمەڵ هەرسێك تەڵاقی فرێدا، ئەوە هەرسێك تەڵاقی دەکەوێت!. هەروەها هەر لە سەحیحی "موسلیم"دا هاتووە کە لە تاووس گێڕاویەتیەوە کەوا "ئەبووسەهباء" بە "ئیبنوعەبباس"ی گوتووە: «هَاتِ مِنْ هُنَيَّاتِكَ: أَلَمْ يَكُنِ الطّلاقُ الثّلاث عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللهِ صَلّى اللهُ تعَالَى عليْهِ وآله وسلّمَ، وأَبِى بَكْرٍ وَاحِدَةً ؟ فقالَ: قَدْ كانَ ذلِكَ فَلَمَّا كَانَ فى عَهْدِ عُمر تَتَايعَ النَّاسُ فى الطلاقِ، فأَجَازَهُ عَلَيْهِمْ». واتە: هێندێ لە سەردەمی خۆتمان پێ بڵێ، ئایا تەڵاقی سێیەسێ لە سەردەمی پێغەمبەردا "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" و "ئەبووبەکر" هەر یەك بوو؟ فەرمووی: بەڵێ وابوو، بەڵام لە سەردەمی "عومەری کوڕی خەتتاب" کاتێ خەڵکی کەوتنە خەتاوە لە تەڵاق، بڕیاریدا کە تەڵاقی سێبەسێ دەکەوێت.

هەروەها لە دەستەواژەیەکی "ئەبوداوود" هاتووە دەفەرموێ: پیاوێك کە پێیان دەگوت: "ئەبووسەهباء"، ئەو زۆر پرسیاری لە "ئیبنوعەبباس" دەکرد، ڕۆژێ پێی گوت: ئایا نەتزانیوە کە لە سەردەمی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" و "ئەبووبەکر" (خوا لێی ڕازی بێت) و دوو ساڵیش لە سەردەمی خەلافەتی عومەردا ئەگەر پیاوێك لە پێش جووتبوون سێ بەسێ ژنەکەی تەڵاقدابێ، بە یەك تەڵاق حسێبیان کردبێت؟ فەرمووی بەڵێ! کاتێك عومەر بینی کە خەڵکی بەردەوامن لە سەر ژن تەڵاقدانیان سێبەسێ، فەرمووی: ئەو خەڵکە پەلە ئەکەن لە شتێکی وا: کە ماوەی تێدا هەبوو، ئینجا بڕیاری دا:

ئەگەر کەسێك بە کۆمەڵ هەر سێك تەڵاقی فڕێ بدا، هەرسێك تەڵاقی ئەکەوێ.

ئەم فەرموودە سێ کەس لە "ئیبنوعەبباس"یان گێڕاوەتەوە، کە بریتین لە "تاووس" کە زۆرترینی فەرموودەی لە "ئیبنوعەبباس" گێڕاوەتەوە، هەروەها "ئەبووسەهبائی عەدوا" و "ئەبولجەوزاء"، هەروەها هەمان فەرموودە لە "موستەدرەکی حاکم"یش هاتووە، دەستەواژەکەش بەم شێوەیە کە دەڵێت: "ئەبولجەوزاء" دێتە لای "ئیبنوعەبباس" و دەڵێت: ئایا زانیوتە کە لە سەردەمی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" لە بارەی تەڵاقی سێبەسێوە بە یەك تەڵاق حسێب کرابێت؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ.("حاکم"دەڵێت: سەنەدی ئەم فەرموودە سەحیحە، بەڵام تەخریجی نەکردووە).

وە ڕیوایەتی "تاووس"یش هەر لە "ئیبنوعەبباس"ی گێڕاوەتەوە، کە فەرموویەتی: بەڵێ: پێش جووتبوون (بۆ تەلاقی سێبەسێ هیچ شتێ نەبووە)، "تاووس" ئاماژە بەهەمان پرسیاری "ئەبووسەهباء" ئەکات کە لە "ئیبنوعەبباس"ی کردووەو ئەویش فەرموویەتی: بەڵێ! ئەو سەردەمە تەڵاقی سێبەسێ پێش جووتبوون بە یەك تەڵاق حسێب کراوە.

هەروەها "ئەبوداوود" لە سونەنی خۆیدا باس لە فەرموودەیەك دەکات و دەفەرموێ: "ئەحمەدی کوڕی ساڵح" بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەویش لە "عەبدولڕەزاق" و ئەویش لە "ئیبنوجوڕەیج"، دەڵێت: یەکێك لە بەنی ڕافع (کە خزمەتکاری پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" بوو)، ئەویش لە "عیکرەمە" ئەویش لە "ئیبنوعەبباس" گێڕاویەتەوە کە باس لە پیاوێك دەکەن کە پێیان دەگوت: "ئەبوڕوکانە"، "ئوم ڕوکانە" شەکوای حاڵی خۆی لای پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" دەکات، پێغەمبەریش "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" بە "ئەبووڕوکانە" دەفەرموێ: "ئوم ڕوکانە" تەڵاق بدە، ئەویش سێبەسێ تەڵاقی ئەدات، لە دوای ماوەیەك پێی دەڵێت: کە خێزانەکەی خۆت بگێڕەوە لای خۆت، ئەویش دەڵێت: ئاخر ئەی پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" من ئەو ئافرەتەم سێبەسێ تەڵاق داوە، پێغەمبەریش دەفەرموێت: بەڵێ ئەمەم زانیوە، دیسان هەڵسە بیگێڕەوە! ئینجا ئەم ئایەتەی فەرموو، کە دەفەرموێت: ﴿يَأَيُّهَا النَّبِىُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ

فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ...﴾ (الطلاق: ١). واتە: ئەی پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" (بە ئوممەتت ڕابگەیەنە) کاتێك ژنانتان تەڵاق دەدەن لەکاتی دیاری کراویاندا تەڵاقیان بدەن (کە بریتییە لەو کاتەی کە ئافرەت لە عادەی مانگانە پاك بۆتەوە)، حسابی ئەوکاتەش بە وردی ڕابگرن.

. کەواتە لەم ئایەتەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەو تەڵاقەی خوا بە شەرعی گرتووە ئەو تەڵاقەیە کە لە کاتی دیاریکراودا تەڵاق دەدرێت (واتە: ئەو کاتەی کە ئافرەتان لە سووڕی مانگانە پاك دەبنەوە)، کاتێکیش کە ویسترا بهێنرێنەوە ئەوە دوای ژماردنی عیددەکەیان یان بە چاکی دەهێنرێنەوە ژێر ڕکێف یان بە چاکی بە ڕێ دەکرێن، ئەمەش ڕەحمەت و بەزەیی خوایە بۆ کەسانێ کە ژنەکانیان تەڵاق ئەدەن و لە دواییا پەشیوان دەبنەوە، ئەم حیکمەتەش لەم بەشە ئایەتەدا وەدیار دەکەوێ کە دەفەرموێت: ﴿لا تَدْرِى لَعَلَّ اللّٰهَ يُحْدِثُ بعد ذٰلِكَ أَمْرًا﴾ (الطلاق: ١). واتە: تۆ نازانیت لەوانەیە دوای ئەو (تێکچوون و ساردییە) خوای گەورە بارودۆخێك پێش بهێنێت (کە ئاشت ببنەوە و ڕێك بکەونەوە و بۆیە نابێت لە ماڵ دەرچن).

ڕەنگە هێندێ کەس پرسیار بکەن کە ئەم فەرموودە هێندێ شتی نادیاری تیا دەرئەکەوێ و ئاشکرا نین، بۆ ئەمەش سێ وەڵام هەن:

یەکەم: "ئیمام ئەحمەد" لە موسنەدی خۆیدا دەفەرموێت: "سەعدی کوڕی ئیبراهیم" لە باوکی، ئەویش لە "موحەممەدی کوڕی ئیسحاق" دەگێڕنەوە، دەفەرموێت: "داوودی کوڕی حوسەین" ئەویش لە "عیکڕەمە" خزمەتکاری "ئیبنوعەبباس" و ئەویش هەر لە "ئیبنوعەبباس" گێڕاویەتیەوە دەفەرموێت: "ڕوکانەی کوڕی عەبدویەزید" (برای موتەڵیب) لە یەك مەجلیسدا سێبەسێ ژنەکەی خۆی تەلاقداوە، لە دواییا زۆر پەشیوان بووەوە، هات و پرسیاری لە پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کردو ئەویش فەرمووی: تۆ چۆنت تەلاقدا؟ کابراش گوتی: سێبەسێ، فەرمووی: لە یەك مەجلیسدا؟ گوتی: بەڵێ، پێغەمبەریش "صَلّى اللّٰهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: ئەوە تەنها یەك تەلاقە، ئەگەر دەتەوێ برۆ

بیگێڕەوە، ئەویش چوو گێڕایەوە! وە "ئیبنوعەبباس" وای ئەبینی كە تەڵاق لە كاتی هەموو پاكیەكا دەكەوێت.

هەروەها "حافیز ئەبووعەبدوڵڵای كوڕی عەبدولواحیدی مەقدیسی" لە (مختارات) كە بریتییە لە سەحیحترین سەحیحەكانی "حاكم"، بە هەمان شت گێڕاویەتەوە.

ئەمەش موافقە بە فەرموودەی یەكەم كە هێنامانەوە، هەردووكیان موافقن بە فەرمودەی "تاووس" و "ئەبی سەهباء"و "ئەبی جەوزاء"، كە لە "ئیبنوعەبباس" گێڕاویانەتەوە، "تاووس" و "عیكرِەمە"یش زاناترین كەس بوون بە فەرموودەكانی "ئیبنوعەبباس"، "عیكرِەمە" خزمەتكارو هاوڕێ و هاودەمی "ئیبنوعەبباس" بوو، وە كەسێك بوو كە هەموو زانست و علوومی شەرعی لە "ئیبنوعەبباس"ەوە دەزانی، "تاووس"یش یەكێك بوو لە كەسە تایبەتەكانی "ئیبنوعەبباس" و لەگەڵ كەسە تایبەتەكان ئەچوو بۆ خزمەت "ئیبنوعەبباس"، "تاووس" و "عیكرِەمە"ش فەتوایان بەوە ئەدا كە تەڵاقی سێبەسێ هەر یەكە. هەروەها "ئیبنوئیسحاق"یش كاتێ ڕاستی و درووستی ئەم فەرموودەی بۆ ئاشكرا بوو، بە هەمان شێوە فەتوای ئەدا كە تەڵاقی سێبەسێ هەر یەكە.

هەمدیس لای "ئیبنوعەبباس" دوو ڕیوایەت هەن، یەكیان ڕازی بوونی بڕیاری "عومەر"ە بە تەڵاقی سێبەسێ كە دەكەوێت، ئەویش بۆ تەمێ كردنی ئەوانە بوو، كە فێرە تەلاق فڕێدان بوون!. ئەوی تریان تەڵاقی سێبەسێیە كە هەر بەیەك تەڵاق حسێب دەكرێت.

هەروەها "حەممادی كوڕی زەید"، ئەویش لە "ئەییوب" و ئەویش لە "عیكرِەمە" و ئەویش لە "ئیبنوعەبباس" گێڕاویەتەوە كەوا فەرموویەتی: ئەگەر بە یەكجار گوتت: بڕۆ سێبەسێ تەڵاقم لێت بكەوێت، ئەوە تەنها یەك تەڵاق كەوتووە، (هەروەك "ئەبوداوود" لە سونەنی خۆیدا هێناویەتەوە).

دووەم: ئەم نادیارییە لای تابیعەنەكانەوە بوو، لای ڕۆڵەی خزمەتكارانی پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بوو، ئەوانیش بە درۆزن نەناسرابوون، چیرۆكەكە ئاشكرایەو پارێزراوە،

"داوودی کوڕی حوسەین"یش شوێن ئەم ئایەتەی هەڵگرتووە، ئەمەش بەڵگەیە کە ئەم چیرۆکە پارێزراو بووە.

سێیەم: ڕیوایەتەکە تەنها یەك کەس پشتی پێی نەبەستووە، بەڵکوو ئێمە فەرموودە گەلێکمان لە "داوودی کوڕی حوسەین" و "ئەبی سەهباء" هێنایەوە.. فەرموودەی "ئەبوودادود"یش بەسە بۆ ڕاستی ئەمە، کەواتە بە پێی ئەمانە کە باس کران تۆمەتی تەدلیس دان بە "ئیبنوئیسحاق" کە فەرموویەتی: (حدثني به) واتە: خۆی بۆی گێڕامەوە؛ ڕەوییەوە، بۆیە پێشەوایانیش هاتوون و پشتیان بەم سەنەدەی ئیبنوئیسحاق بەستووە.

**ئەمانەی کە باسکران تێکڕا** هاوتان لە گەڵ ئایەتە ئاشکراکانی قورئان و ڕاوبۆچوونی یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" و قیاس و بەرژەوەندییەکانی ئینسان.
بەڵام هەرچی قورئانە، ئەوە ئاشکرایە کە خوای گەورە بۆ هەر تەڵاقێك گێڕانەوەی دیار کردووە، ئەو تەڵاقە نەبێت، کە هێشتا پیاوەکە لەگەڵ ژنەکەی جووت نەبووبێت، هەروەها لە قورئاندا بە هیچ چەشنێك باس لە تەڵاقی جیا بوونەوە (طلاق بائن) نەکراوە، تەنها لە دوو شوێنان نەبێت، یەکەمیان: ئەو جیابوونەوەی کە درووستەو حەڕام نییە، دووەمیان: ئەو جیابوونەوەی کە حەڕامە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الطّلاقُ مَرَّتَانِ﴾ (البقرة: ٢٢٩). لە زمانی عەرەبیش وەك باسمان کرد (المرتان) واتە: جار لەدوای جار.

هەرچی قیاسیشە ئەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ شُهَدَاءُ إِلا أَنْفُسُهُمْ فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ﴾ (النور: ٦). واتە: ئەوانەی کە تۆمەتی زینا دەدەنە پاڵ هاوسەرەکانیان، هیچ شایەتێکیشیان نییە جگە لە خۆیان، شایەتی ئەو جۆرە کەسانە بەوە دەبێت کە چوار جار سوێند بە خوا بخوات کە بێگومان لە ڕاستگۆیانە (بە چاوی خۆی تاوانەکەی بینیووە).
پاشان دەفەرموێت: ﴿وَيَدْرَؤا عَنْهَا الْعَذَابَ أَنْ تَشْهَدَ أَربع شَهَادَاتٍ بِاللهِ﴾ (النور: ٨). واتە: (لە لایەکی تریشەوە) سزا لەسەر ژنەکە لا دەبرێت کاتێ کە چوار جار سوێند بە خوا بخوات کە

مێردەكەی درۆ دەكات و (بوختانی بۆ هەڵدەبەستێت).

ئەگەر چوار جاران شایەتی داو گوتی: من ڕاستدەكەم، یان چوار جاران شایەتی بدات و بڵێت: ئەو درۆ دەكات، ئەوە بە یەك شایەتی حسێبە نەك بە چوار، كەواتە چ قیاسێك لەمە بەهێزترە كە ئەم هەقەی تیا دەركەوێت؟ بۆیە تەڵاقی سێبەسێش هەر بە یەك تەڵاق حسێبە.

بۆیە ئەگەر یەكێك دان بە زینا بێنێت و بڵێت: من چوار زینام كردووە، ئەوە هەر بە یەك دان پیاهێنان حسێبە كە ئەو كەسە زینای كردووە.

بۆیە ئەو كاتەی كە سەحابەیەك بە "ماعز"ی گوت: (إن أقررت أربعا رجمك رسول الله صلى الله تعالى عليه وآله وسلم) واتە: ئەگەر دانت هێنا كە چوار زینات كردووە ئەوە پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" بەردە بارانی دەكردی. خۆ ئەگەر پێی بگوتایە: ئەگەر چوار جاران دانت پیا بهێنایە ئەوە هەر بە یەك دانپیاهێنان حسێب دەبوو، كەواتە: تەڵاقیش هەر وایە.

ئەمانەی كە باس كران بریتی بوون لە قیاس و ڕووداوو دیاردەكانی قورئان.. بەڵام هەرچی قسەی سەحابەی كیرامیش بوو، ئەوە بەس بوو كە لەسەردەمی "ئەبووبەكری سەددیق" و تێكڕای یاران و بەبێ ناكۆكی و نا یەكدەنگی هەر ئەمانەیان دەكردو دەگوت كە لە قورئان و قیاسەوە ڕوون و ئاشكرا ببوون، بۆیە وەك باسمان كرد لە دوای دوو ساڵ بەسەر خەلافەتی "عومەر" ئەمە هەر وا بوو، بەڵام لە دواییا لە بەر ئیعتیبارێك عومەر هەڵسا تەلاقی سێبەسێی بە سێ تەڵاق حسێب كرد.

هێندێ لە ئەهلی عیلم دەیانگوت: ئەمیان (واتە: تەڵاقی سێبەسێ هەر یەك بوو) یەكدەنگییەكی كۆن بوو، بەڵكوو گێڕانی تەلاقی سێبەسێ بە سێ تەڵاق لە سەردەمی "عومەر"دا ڕوویدا، لە بەر ئەو هۆكارەی كە باسكرا، بۆیە ئەو خیلافە لەوێ ڕۆژێوە سەری هەڵداو ئێستاشی لە گەڵدابێ هەر بەردەوامە، وەك لە دواییا باسی لێوە دەكەین.

لەوانەی كە باس لە ناچوونیەك و خیلافبوونی ئەو مەسەلە دەكەن بریتین لە (داوودو هاوڕایانی)، بەڵام ئەوانیش هەر تەڵاقی سێبەسێیان بە یەك تەڵاق حسێب دەكرد، هەروەها دیسان ئەوانەی كە باس لەم خیلافە دەكەن، بریتین لە "ئیمامی تەحاوی" لە كتێبی (اختلاف

العلماء) و (تهذيب الآثار) و "ئەبووبەکری ڕازی" لە کتێبی (أحكام القرآن) و "ئیبنومونزیر" و "ئیبنوجەریر"و هەموو ئەمانە گوتوویانە: کە ئەم باسە جێگەی مشتومڕی زانایان بووە.

هەروەها "موحەممەد ناسر میروەزی" ئەمەی بە ڕاجح داناوە کە تەڵاقی سێبەسێ سەبارەت بە کچێك کە هێشتا لە گەڵ پیاوەکەی جووت نەبووبێت، ئەوە هەر یەك تەڵاقی دەکەوێت، بەڵام بۆ ئافرەتێك کە کەوتبێتە باری جیماعەوە لەگەڵ مێردەکەی ئەوە تەلاقی سێبەسێ بە سێ تەلاق حسێبە.

هەروەها لە پاشینەکان (المتأخرين) وەك "المازرى" لە کتێبی (المُعْلَم) و "موحەممەدی کوڕی موقاتیل" کە یەکێك بووە لە هاوڕێیانی "ئەبووحەنیفە" (وە یەکێك بووە لە بەرزترین چینی هاوڕێیانی ئیمام "ئەبووحەنیفە" و بە چینی سێیەم دا ئەنرا)، هەروەها "تەلمەسانی" لە کتێبی (شرح التفريع في مذهب مالك)، قسەیەکی لە مەزەبەکەی خۆی یان هەر لە خودی "ئیمام مالیك" گواستۆتەوە (کە یەکێك لە قسەکانییەتی)، "ئیمام ئەبوو حەنیفە" و هەتا "شیخولئیسلام"یش باس لە هێندێ لە هاوڕێیانی "ئیمام ئەحمەد" دەکات کە باس مشتومڕبوونی ئەم باسە دەکەن.

هەروەها لە "تابیعین"یش، "ئیبنومونزیر" دەڵێت: "سەعیدی کوڕی جوبەیر"و "تاووس" و "ئەبووشەعثاء" و "عەتا" و "عەمری کوڕی دینار"، گوتوویانە: هەرکەسێ ئافرەتی کچ (البكر)، واتە: هێشتا کچ بێ و تەلاقی بدات، ئەوە یەکجا تەڵاقی داوە، وە دەڵێ: بەڵام "حەسەن" لەم ڕووەوە لەگەڵیان یەك دەنگ نییە، بۆیە لێی دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی تەلاقی "سێبەسێ" هەر سێیی دەکەوێت. وە باس لە "قەتتادە" و "حەمید" و "یونس" دەکەن، کە لە دواییا "حەسەن"یش لە قسەی خۆی پەشیوان بۆتەوەو هەر هاتۆتەوە سەر قساەی ئەوان، کە گوتوویەتی: هەر یەك تەڵاق دەکەوێ و ئافرەتەکە دەگێڕدرێتەوە.

"موحەممەی کوڕی نەسر" لە کتێبی (اختلاف العلماء)دا دەڵێت: تێکڕای زانایان لە سەر ئەوەن کەوا ئەگەر پیاوێك ژنەکەی بە یەك تەڵاق تەڵاق بدات کە دوای پاکبوونەوە لەگەڵی جووت نەبووبێت، ئەوە دەگێڕدرێتەوە لای و عیددەشی لە سەر نییە، وە دەڵێت: بەڵام خیلاف هەیە لە سەر سێبەسێکەی، "ئیمامی ئەوزاعی" و "مالیك" و زانایانی مەدینە، دەڵێن: تەڵاقی سێبەسێ ئەکەوێ و ئافرەتەکەش ناتوانێ کە بگەڕێتەوە لای مێردەکەی تاکوو

شووێكی تر بە پیاوێكی تر نەكاتەوە.

وە لە "ئیبنوعەبباس" و یەكێكی تر لە تابعین دەگێڕنەوە كە گوتوویانە: (ئەگەر سێبەسێ تەلاقی بدات بەر لەوە دوای پاكبوونەوە لەگەڵی جووت بوو‌بێت، ئەوا هەر یەك تەلاقی ئەكەوێت)، وە زۆربەی ئەهلی حەدیسیش لە سەر ڕای یەكەمن.

هەروەها دەڵێت: "ئیسحاق" دەیگوت: تەلاقی سێبەسێی ئافرەتی كچ هەر یەك تەلاقە، ئەو هاتووە ئەو فەرموودەی كە "تاووس" لە "ئیبنوعەبباس"ی گێڕاوەتەوەو تەئویل كردووە، كە فەرموودەكە بەم شێوەیە «كانَ الطَّلاقُ الثّلاثُ عَلَى عَهْدِ رسُولِ اللهِ صلى الله تعالى عليه وآله وسلّم وَأبي بكرٍ وعُمَر رَضى اللهُ عَنهُمْ يُجْعَلُ وَاحِدَةً».

دەڵێم (ابن القيم): ئەمە تەئویلی "ئیسحاق" بوو، بەڵام هەرچی "ئەبوووداود"ە هاتووە ئەم فەرموودەی بە "مەنسووخ" داناوە، هەروەك لە كتێبی (السنن) لە بەشی (نسخ المراجعة بعد التطليقات الثلاث)دا فەرموودەكەی "ئیبنوعەبباس" دەهێنێتەوە دەڵێت: پیاو كە ژنەكەی خۆی تەلاقدا، ئەوە ئەو شایەستە ترە كە ژنەكەی بگێڕێتەوە ئەگەریش سێبەسێ ژنەكەی تەلاق دابێت، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە كە دەفەرموێت: ﴿الطَّلاقُ مَرَّتَانِ﴾ (البقرة: ٢٢٩). پاشان لە هەمان بەشدا فەرموودەی "ئەبووسەهباء" دەهێنێتەوە، وەك بڵێی كە پێی وایە ئەو حوكمە لای ئەو سابتە (واتە: نەسخ بۆتەوە) ئەو كاتەی كە پیاو هەر جارەی ژنەكەی تەلاق دات بۆی هەبێت كە بیگەڕێنێتەوە، بۆیە ئەمە لە دوو ڕووەوە هەڵەیە:

**یەكەم:** ئەوەی كە لێرە نەسخكراوەتەوە جێگیربوونی گێڕانەوەی ئافرەتەكەیە لە دوای تەلاق، جا بگات بە هەر چییەك، هەروەك لە سەرەتای ئیسلام وابوو.

**دووەم:** نەسخ لە دوای وەفاتی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" جێگیر نابێت. هەرچەند كە تەلاقی سێبەسێ هەر یەكە، ئەوە "ئەبووبەكری سەددیق" كاری پێ كردووەو دووساڵیش "عوومەر" لە سەرەتای خەلافەتی خۆی كاری پێ كردووە. بۆیە مەحاڵە كە لە دوای ئەمە نەسخ بووبێتەوە.

هەروەها "ئیبنومونزیر" دەڵێت: هیچ شتێك لە قسەو كاری پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" ڕووی نەداوە كە تەلاقی سێبەسێ بە سێ تەلاق حسێب كرابێت، وە درووستیش نییە كە وا گومان بە ئیبنوعەبباس ببردرێت كە ئەو خۆی فەرمودەكانی لە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ

عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" وەرگرتبێ و پاشان خیلافی فەرموودەکان بڕیار بدات.

## پوختەی قسان:

خوای پەروەردگار بۆی ڕوون کردووینەتەوە کە تەڵاقی پێش چووتبوون لە دوای پاکبوونەوە دەگونجێ کە ئافرەتەکە بگێڕدریتەوە بە بێ عیددە، بەڵام کە بوو بە سێ تەڵاق، ئەوە ئافرەتەکە بۆی نییە بگەڕێتەوە لای مێردەکەی تاکوو شوویێکی تر نەکاتەوە، لە نیەتی شووکردنەکشی ئەبێ بە نییەتی مارەبەجاش و گەڕانەوەی لای مێردەکەی پێشووی نەبێت.

بۆیە دیسان ئەگەر لە قورئانی پیرۆز وردببینەوە، کە هەر تەڵاقێك کە خوا دیاریکردبێت، ئەوە گەڕانەوەشی بۆ داناوە، جگە لە تەڵاقی کچێنی و تەڵاقی خولع و دوا تەڵاق (تەڵاقی سێیەم) نەبێت.

بۆیە دەبینین کەوا جمهووری فوقەها لە بەرامبەر ڕای "ئیمام شافعی" وەستانەوە کاتێك کە ئەڵێت: تەڵاقی سێبەسێ سێ تەڵاقی پێ دەکەوێت، چون دەیانفەرموو کە خوا فەرموویەتی: ﴿الطّلاقُ مَرَّتَانِ﴾ (البقرة: ٢٢٩).

هەروەها دەیانگوت: زمان نییە لە زمانەکان کە وشەی (مرتان) بە جار لە دوای جار لێك نەدابێتەوە. بۆیە دەبینین کە خوای گەورە لە زۆر شوێنی تر لەسەر هەمان دەستەواژەی ﴿الطّلاقُ مَرَّتَانِ﴾، فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ يَقْنُتْ مِنْكُنَّ لِلهِ وَرَسُولِهِ وَتَعْمَلْ صَالِحاً نُؤْتِها أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ﴾ (الأحزاب: ٣١). واتە: ئەوەشتان فەرمانبەردارو ملکەچی خواو پێغەمبەرکەی بێت، کردەوەی چاکیش ئەنجام بدات ئەوەدوو جار پاداشتی دەدەینەوە.

یاخود پێغەمبەری نازدار "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" فەرموویەتی: «ثَلاثَةٌ يُؤْتَوْنَ أجْرَهُمْ مَرَّتَيْنِ». هێندێکیش دەڵێن: دووجار و چەندین جار (المرتين والمرات)، مەبەستی پێ جارێك بە کردارو جارێك بە دیارکراو بەکار هاتووە، زرۆترین کاتیش هەر بە کردار هاتووە، سەبارەت بە دیار کراو ئەوە وەك لە فەرموودەکەدا هاتووە کە دەفەرموێت: «انْشَقَّ الْقَمَرُ عَلَى عَهْدِ رَسولِ الله صلى الله تعالى عليه وآله وسلم مَرّتَيْنِ» واتە: (شقتين وفلقتين)، بۆیە ئەوانەی کە تێینەگەیشتن وایان دەزانی کە ئەم لەت بوونە دووجاران ڕووی داوە، بەڵام ئەوەی لە حاڵی پێغەمبەر بە ئاگابێ و لە سیرەی ژیانی پێغەمبەر وردبێتەوەو ئازابێ ئەوە دەبینێ کە تەنها

یەك جار ئەو لەت بوونە ڕووی داوە.

وەك لە ئایەتی ﴿نُؤْتِهَا أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ﴾ (الأحزاب: ٣١) و ئایەتی ﴿يُؤْتَوْنَ أَجْرَهُمْ مَرَّتَيْنِ﴾ هاتووە، مەبەستی پێ پاداشتی چەند بارەیە، كە ڕەنگە ئەمە لە یەك كاتدا ڕوو بدات. هەموو ئەمانە  جاری دیاریكراون.

بەڵام جاری كردەیی مەحاڵە كە لە یەك زەماندا كۆ ببێتەوە. بۆیە جەماوەری زانایان فەرموویانە ئەگەر كەسێ لە ڕەجمی شەیتاندا حەفت بەرد هەڵگرێتەوەو بە یەك جار بیهاوێژێ، ئەوە ئەو واجبەی بەجێ نەگەیاندووە، بەڵكوو دەبێت یەك بە دوای یەك بیانهاوێژێت، یان تێكرا یەكدەنگن كە ئەو كەسەی لە كاتی نەفرەت ناردنا بڵێت: (أشهد بالله أربع شهادات أني صادق) ئەوە بە یەك شایەت حسێبە. یاخود وەك لە فەرموودی سەحیحدا هاتووە كە دەفەرموێت: «مَنْ قَالَ فِى يَوْمٍ سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ مِائَةَ مَرَّةٍ حُطَّتْ عَنْهُ خَطَايَاهُ وَلَوْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ» خۆ ئەگەر كەسێك سەد جار بڵێت: (سُبْحَانَ اللهِ)و سەد جاریش بڵێت: (وَبِحَمْدِهِ) ئەوە ئەو پاداشتەی لەو فەرموودە بۆی دیار كراوە ناگات پێی. یاخود كە دەفەرموێ: «تُسَبِّحُونَ اللهَ دُبُرَ كُلِّ صلاةٍ ثَلاثا وَثَلاثِينَ، وَتَحْمَدُونَ ثَلاثاً وَثَلاثِين، وَتُكَبِّرُونَ أَرْبَعاً وَثَلاثِينَ» بەڵام گەر كەسێك سی و سێ جار بە تەنها بڵێت: (سُبْحَانَ اللهِ) ئەوە تا یەك بە دوای یەك نەیانڵێت، ئەوە سی و سێ جار ئەو (سُبْحَانَ اللهِ) یەی نەكردووە.

بۆیە دەیانگوت: خوا (سبحانه وتعالى) تەڵاقی بە ئاسانترین شێوە گێڕاوە، ئەویش لە بەر گەورەیی و بەزەیی ئەوە بەرامبەر بە ژن و مێرد، بۆ ئەوەی هەندە پەلە نەكەن لەوە لە یەكتر جیا ببنەوە، بۆ نموونە پیاو بۆی نییە كە ئافرەتەكەی تەڵاق بدات  لە كاتێك كە لە حاڵی سووڕی مانگانەدابێت، هەر وەك بۆی نییە كە لەو كاتە كە سەرجێیی لە گەڵدا بكات، بۆیە ڕەنگە تاكوو ئافرەتەكە پاك دەبێتەوە، پیاوەكە پەشیوان ببێتەوەو ئافرەتەكە تەڵاق نەدات، یاخود ئافرەتە ئەگەر دووگیان بوو دیسان هەر بۆی نییە كە تەڵاقی بدات، جا تا ئافرەتەكەش منداڵی دەبێت ئەوە ڕەنگە لەو ماوە زۆرەی چاوەڕوانكردنی دا هەمدیس پیاوەكە پەشیوان ببێتەوە و ژنەكەی تەڵاق نەدات.

هەروەك بینیمان كە پێغەمبەری نازدار  "صَلَّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" كە بەرهەڵستی لە "عەبدوڵڵای كوڕی عومەڕ" كرد كە ژنەكەی لە كاتی پاكیدا تەڵاق بدات  كە خەریكە بێ نوێژ

بێ و خوێن ببینێت، بۆیە پێی فەرموو: برۆ بیهێنەوە تاکوو پاك دەبێتەوەو پاشان بێ نوێژ دەبێ و ئینجا پاك دەبێتەوە، ئەو کات ئەگەر ویستت تەلاقی بدەیت و یا بیهێنیتەوە ئازادیت..

لەمەشا چەند حوکمێك وەردەگیرێ، لەوانە:

یەکەم: تەڵاقی ئەو پاکییەی کە هاوپێچە بە بێنوێژی (ئەو پاکییەی کە خەریکە خوێنی بە دوا دادێت)، وەك تەڵاق دانە لە کاتی بێنوێژیدا.

دووەم: ئەگەر پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم" ڕێگای پێدابوایە لە کاتی ئەو جۆرە پاکییەدا ژنەکەی تەڵاق بدایە، ئەوە گێڕانەوەی ئافرەتەکە بەو لایەدا دەکەوت کە لە پێناو تەڵاق ئافرەتەکەی هێناوەتەوە نەك لە پێناو گلدانەوەی، بەڵام خوای گەورە گێڕانەوەی ئافرەتی بۆیە داناوە، تاکوو پیاوەکە بتوانێ لای خۆی گلی داتەوە نەك تەلاقی بدات. هەر لە بەر ئەوەشبوو کە هاتن ئەتواری مارە بەجاشمان بەتاڵ کردەوە).

سێیەم: ئەگەر سەبری بگرتایە تاکوو ئافرەتەکەی بێ نوێژ دەبێ و پاشان پاك دەبێتەوە، پاشان خوێنی بێ نوێژی دەبینێت و پاشان پاك دەبێتەوە، ڕەنگە ئەو تووڕەیی و ڕقەی کە لە نەفسی خۆیدا لە بەرامبەر ئافرەتەکە هەڵی گرتبوو بڕەوییبایەوە، چونکە کاتێکی زۆری ئەخایاند.

**کەوابوو**: بە پێی ئەو شیکارو لێکدانەوانەی سەرەوە کە کردبمان بۆ مەسەلەی تەلاقی سێبەسێ هۆکاری ئەوە بوون کە جەماوەری مسوڵمانان یەکدەنگبن و قەولی ڕاجیحمان پێ بلێن: کە تەڵاقی سێبەسێ کارێکی مەشرووع نییە، بەڵکوو هەر لە تێگەیشتنیان لە خودی ئایەتەکانی تەڵاق گەیشتن بەمە کە لە تەڵاقی سێبەسێ تەنها یەك تەڵاق دەکەوێت و هیچی تر.

## هەنگاوەکانی شەیتان و چۆنییەتی بەرنگاربوونەوەی

گومان لەوە دانییە، کە هەر ئینسانێك شەیتانێکی لەگەڵدایە کە بۆ لە خشتە بردن و لادانی لە سەر خەتی بەندایەتیی و خواپەرستی لە کاردایە، هەروەك لە شوێنی تر ئاماژەمان پێداوە

کە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «إِنَّ لِلشَّيْطَانِ لَمَّةً بِابْنِ آدَمَ وَلِلْمَلَكِ لَمَّةً فَأَمَّا لَمَّةُ الشَّيْطَانِ فَإِيعَادٌ بِالشَّرِّ وَتَكْذِيبٌ بِالْحَقِّ وَأَمَّا لَمَّةُ الْمَلَكِ فَإِيعَادٌ بِالْخَيْرِ وَتَصْدِيقٌ بِالْحَقِّ فَمَنْ وَجَدَ ذَلِكَ فَلْيَعْلَمْ أَنَّهُ مِنَ اللَّهِ فَلْيَحْمَدْ اللَّهَ وَمَنْ وَجَدَ الْأُخْرَى فَلْيَتَعَوَّذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ ثُمَّ قَرَأَ الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمْ الْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُمْ بِالْفَحْشَاءِ» (البقرة: ٢٦٨). (رواه الترمذي/ ٢٩٨٨ قال حسن غريب). واتە: شەیتان لە دڵی مرۆڤەکان هیممەت و گوڕو تینی هەیەو فریشتەکانیش هەروەتر، هەرچی شەیتانە ئەوە هانیان دەداو دەستیان دەگرێ بۆ خەتاوخراپەو بە درۆخستنەوەی هەقەکان، بەڵام هەرچی فریشتەیە ئەوە هانییان ئەدات بۆ کاری خێرو بە ڕاست گەیاندنی هەقەکان، هەرکەسێکی ئەم هەقەی لە خۆیدا بینی ئەوە با سوپاسی خوا بکات، ئەگەریش غەیرەز ئەوەی بینی، ئەوە با پەنا بۆ خوا بەرێت لە شەیتانی نەفرەت لێکراو، پاشان ئەو ئایەتەی خوێندەوە کە دەفەرموێت: شەیتان بەڵێنی هەژاری و نەداریتان پێ دەدات و فەرمانتان پێ دەدات بە گوناه و تاوان. بۆیە خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّاً شَيَاطِينَ الْإِنْسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُوراً﴾ (الأنعام: ١١٢). واتە: بەم شێوەیە ئێمە بۆ هەموو پێغەمبەرێك شەیتانی جنۆکە و ئینسانمان داناوە، کە هێندێك هێندێکیان بە قسەی ڕازێنراو فریوو لە خشتە دەبەن. هەروەها پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «مامِنْكُمْ مِنْ اَحَدٍ اِلاَّ وقَدْ وكِّلَ بِهِ قَرِينُ مِنْ الْجِنِّ. قَالوا: وإِياكَ يا رَسُولُ اللهِ؟ قالَ: وإِيَّايَ اِلاّ اِنَّ اللهَ اَعانَنِي عَلَيْهِ فَأَسْلَمَ فَلا يأمُرنِي اِلاّ بخَيْر» (رواه مسلم). واتە: کەس نییە لە ئێوە کە هاوڕێیەك لە جنۆکەی لەگەڵدا نەبێت، گوتیان: تۆش ئەی پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"؟ فەرمووی: هەروەها منیش! بەڵام من خوا پشتی گرتم و بەسەریدا زاڵ کردم و تەسلیمم بوو، بۆیە ئێستا لە خێر زیاتر هیچم پێ ناڵێت..!

### شەیتان کێ لە خشتە دەبات؟

بێ گومان کەس نییە کە لە چنگ داوو تەڵەکەی شەیتان ڕزگاری ببێت، بەڵکوو کەس نییە ئیللا جۆرێك لە تیری ژەهراوی شەیتانی بەرکەوتووە، بەڵام هێزی فێڵەکانی بۆ کەسێك لە کەسێك دەگۆڕێت، چون هەیە دەرقەتی شەیتان دێت و دەتوانێت زۆر چاك ڕووبەڕووی

بوەستێتەوەو ململانێی لەگەڵدا بکات، هەر ئەوەبوو کە پێغەمبەری خواش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لە بارەی ئیمانپۆڵایینی "عومەر" فەرمویی: عومەر بە کێدا بڕوات شەیتان ڕێگاکەی خۆی دەگۆڕێ و بەلای تردا وێڵ دەبێت! بۆیە خوای گەورە باس لەوانە دەکات کە وەك عومەر ئاسان و دەفەرموێت: ﴿إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلَّا مَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْغَاوِينَ﴾ (الحجر:٤٢). واتە: تۆ دەسەڵاتت بەسەر بەندەکانی مندا نییە تەنها ئەو گومڕایانە نەبێت کە بەدوای تۆدا کەوتوون. کەواتە: شەیتان تەنها لە بەردەم ئیرادەی پۆڵایینی بڕوادارنی ساغدا دەستەوسان و هەراسانە.

## شێوازەکانی شەیتان لە دژایەتی کردن و فریودانی بەندەکان

هەڵبەت شەیتان زۆر شێوازو فێڵی هەن بۆ لە خشتەبردن و ساتمە پێبردنی بەندەکان، وەك باسیشمان کرد کە هەر کەسە بە پێی بێهێزی و لاوازی ئیمانەکان فێڵیان بۆ سازدەکات و نەخشەی لە خشتەبردنیان بۆ ڕێکدەخات!! هەڵبەت ئەمەش بەشێکە لەو هەڕەشانەی کە لەکاتی خۆی لە بەرامبەر خوادا کردی و بێنیازبوونی خۆی لە بەرامبەر بەندەکاندا نیشان داو گوتی: ﴿قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ﴾ (الأعراف:١٦). واتە: گوتی لەبەر ئەوەی منت لە ڕێ لادا، (منیش) بۆیان دادەنیشم و ڕێگا ڕاستەکەی تۆیان لێدەگرم. جا لە بەر ئەوە شەیتان چەند شێوازو نەخشیەکی بە هەنگاو بۆ لە خشتە بردنی بەندەکان گرتۆتە بەر، کە هێندێکیان ئەمانەی خوارەوەن:

**هەنگاوی یەکەم**: شەیتان لە هەموو لایەکەوە بۆ ئینسان دێت، بۆ ئەوەی کافریان کات یان هاوبەشیان پێ بڕیاربدات!! بەڵام خۆ ئەگەر ئەم ئینسانە مسوڵمان بێت و ئیمانی باشی بێت، ئەوا بە شێوازێکی ترو لە قۆناغێکی گونجاوەوە بۆی دێت و هەوڵی تەفرەدانی دەدات.

**هەنگاوی دووەم**: هەرنا دێت و هانی ئەدات کە شتێك لە دینی خوادا زیاد بکات تا بیخاتە تەڵەی بیدعەکانەوە..! جا ئەگەر ئەم ئینسانە لە ئەهلی سووننە و جەماعە بوو ئەوا شەیتانی فێڵزان کارتی تری بۆ دەر ئەکاو لە هەنگاوی سێیەما فێڵەکانی بۆ دەخاتە کار!!

**هەنگاوی سێیەم**: قۆناغی گوناهە گەورەکانە (الکبائر)! کە بریتییە: لە قۆناغی یاخی بوون و بێفەرمانی کردن! (وەك زیناکردن، شیرك بڕیاردان، سیحر، نوێژ وازهێنان، خراپەکردن لە گەڵ دایکوباوك، شایەتی ناهەق... هتد.) واتە شەیتان هەوڵی ئەوە دەدات کە گوناهی گەورەی پێ بکات، جا هەر گوناهێك بێت! بەڵام ئەگەر شەیتان ئەوەی پێ لەگەڵ نەکرا، ئەوا لە هەنگاوی چوارەمە بۆی دێتە پێشێ.

**هەنگاوی چوارەم**: قۆناغی گوناهە بچوکەکانە (السیئات)، واتە هەوڵی ئەوەی لەگەڵ دەدات کە گوناهی (بچووك)ی پێبکات، گوناهە بچووکەکانیش جگە لە گەورەکان تێکڕای گوناهەکان بچووکن. وەك ئیمامی زەهەبی لە کتێبی (الکبائر)دا ئاماژەی بە حەفتاوشەش گوناهدا کردووە (ئێمەش لە شوێنی خۆیدا ئاماژەمان پێیداوە)
بەڵام ئەگەر شەیتان دەستەوسان بوو و نەیتوانی کە زەفەر بەو کەسە بەرێت، ئەوا خەریکی دەکات کە بە چەند شتێکەوە سەرقاڵ و مەشغووڵی بکات!!

**هەنگاوی پێنجەم**: ئەمەشیان قۆناغێکە کە تیایدا شەیتان وا لە ئینسان دەکات کە مەشغووڵ و خەریکی کات، کە (کات بە فیڕۆ) بدا و بە شتە (مباح)ەکانی خەریك و سەرقاڵ بکات!!. وەك کات بە فیڕۆدان، زۆر سوعبەتکردن و خەریکبوون بە یارییەکان، زۆر پێکەنین و خەریکبوون بە پارەو موڵکی دونیا..هتد.

**هەنگاوی شەشەم**: بەڵام ئەگەر شەیتان هەر هیچی پێ لەگەڵ نەکرا، ئەوا هەوڵی ئەوەی لەگەڵ دەدات کە لە بەر سوننەتەکانی پێغەمبەر "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ئاگای لە واجیەکان پێ نەمێنێ!! واتە بە بەندایەتییە بچووکەکانیەوە خەریك دەکات و گەورەکانی لە بیر دەباتەوە! بۆ نموونە سوننەتی سادەی لێ دەکات بەڕاتیب و ڕاتبی لە بیر دەباتەوە یان بە سوننەتی ڕاتیبەوە ئەوەندە سەرقاڵی دەکات کە فەرزی لەبیر بچێتەوە! وەك ئەو کەسەی کە شەوان تا بەشێکی گرنگی شەو خەریکی وێرد و تەسبیحات دەبێت و پاشان دەڵێت: نیو سەعات سەرخەوێ دەشکێنم و دوایی بۆ نوێژی بەیانی هەڵدەسم!کەچی کاتێ

که دەخەوێت هێنده خەوی قورس دەبێ و له خەو ڕانابێ و نوێژه فەڕزەکەی له دەست دەردەچێت.. ئەمەیه فێڵ و تەڵەکەی شەیتان خوا بمانپارێزێت.

دەروازەی له خشته بردنی بەندەکان:

وەك گوتمان که شەیتان زۆر شێوازچەکی هەیه بۆ بەرنگاربوونەوەی بەندەکان و له خشته بردنیان، هێندێك لەوانه بریتین له:

**یەکەم**: جوانکردن و ڕازاندنەوەی کاره نابەجێکان: وەك خوای گەوره باسی شەیتان دەکات که گوتی: ﴿قَالَ رَبِّ بِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي الْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ * إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ﴾ (الحجر:٤٠). واته: ئەی پەروەردگار لەبەر ئەوەی گومڕات کردم، منیش لەسەر زەوی کاری خراپیان بۆ دەڕازێنمەوه و هەر هەموویان گومڕا دەکەم، تەنها بەنده خواناسەکانی تۆ نەبێت لەوان.

**دووەم**: فێری زێدەڕەوەی و کەمتەرخەمیی (الإفراط والتفريط)یان دەکات له کارەکانیاندا: هەر که کاتێك خوا فەرمانی کرد به بەندەکان تا بۆ خواپەرستی بێنه هۆش، شەیتان لەملاوه ڕادێ بۆ خشتەو تەفرەدانیان دێته جۆش..!! بۆ نموونه کاتێ که بەنده دەیەوێ چوار ڕکات نوێژ بکات، شەیتان دێ وەسوەسەی دەخاته دڵ و پێی دەڵێت: سێ ڕکات نوێژت کردووه ڕکاتێکی تر بکەوه! بەڵام له ڕاستیدا ئەو هەر چواری کردبوو کەچی شەیتان پێی کرد به پێنج ڕکات!! یان کاتێك ئەو بەنده دەیەوێت خێرێك بکات و به تەنگ لێقەوماوێکەوه بڕوات، ئەوه شەیتان دێته کلێشی و له دڵیدا پێی دەڵێت: تۆ ئەگەر ئەو پارەیه ببەخشیت ئەوا ماڵ و مناڵت له برسانا دەمرن...!هتد.

**سێیەم**: تەمبەڵی و سستی پێکردنی له بەجێگەیاندنی کاره چاکەکان: هەروەك ڕۆژێك به پێغەمبەری خوایان گوت "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کەوا فلانه پیاو شەو خەوتووه تا ڕۆژ هەڵاتووه له خەو هەڵنەساوه و نوێژی بەیانی نەکردووه، ئەویش فەرمووی: «ذَلِكَ رَجُلٌ بَالَ الشَّيْطَانُ فِي أُذُنَيْهِ» (رواه البخاري) واته: ئەم پیاوه یەکێکه که شەیتان میزی له گوێدا

کردووه ! !

**چوارەم**: فێری پەیمانی بە درۆیان دەکات: شەیتان خۆی زۆر پەیمان بە ئینسان دەدات بەلاّم هیچیان ناگەیەنێتە جێ. هەروك خوای گەورەش دەفەرمووێ: ﴿وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ، وقَالَ لاَغَالِبَ لَكُمُ الْيَوْمَ مِنَ النَّاسِ وإِنِّي جَارٌ لَكُمْ، فَلَمَّا تَرَاءَتِ الْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَى عَقِبَيْهِ وقَالَ إِنِّي بَرِئٌ مِنْكُمْ﴾ (الانفال: ٤٨). واتە: شەیتان کارەکانی بۆ ڕازاندوونەتەوە، دەڵێ ئیمڕۆ هیچ کەس بەسەر ئێوەدا زاڵ نابێ، من لەگەڵ ئێوەدام، بەلاّم کاتێ کە چاوی کەوت بەکۆمەڵی ئیماندارو کۆمەڵی بێباوەڕان یەکسەر بە پاژنە پێ گەڕایەوە و گوتی من لە ئێوە بەریم. (ئەمەیە فێڵی شەیتان).

**پێنجەم**: شەیتان خۆی بە نەسیحەتکاری بەندەکان نیشان دەدات:
هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ﴾ (الاعراف ٢١).
واتە: شەیتان سوێندی خوارد بۆ ئادەم و حەوا و گوتی من ئامۆژگاریتان دەکەم.

**شەشەم**: پلە پلە لە گومڕا کردنیان: شەیتان نایەت یەکسەر بەندەکان لە خشتە بەرێت، بەڵکوو قۆناغ بە قۆناغ لە خشتەیان دەبات، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ﴾ (الصف: ٥). واتە: کاتێ کە لایاندا خواش دڵی وەرگێڕان.

**حەفتەم**: غەفڵەت و بێئاگایی: وا لە ئینسان دەکات کە بێئاگابن و غەرقی غەفڵەتیان بکات.. تا ڕاستە شەقامەکەی ئیسلامییان لێ شێلو بکاو هەق نەناسنەوە، یان هەق بە هەق نەزانن! ! وەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿اِسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنْسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ﴾ (المجادلة: ١٩). واتە: شەیتان سواری ملیان بووە و زیکری خوای لە بیر بردوونەتەوە.

**هەشتەم**: ترساندنی بڕواداران و دۆستانی خوا: هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ فَلاَ تَخَافُوهُمْ وخَافُونِ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ (آل عمران: ١٧٥). واتە:

بێ گومان شەیتان دۆستەکانی خوا دەترسێنێ، کەواتە ئێوە لێیان نەترسن بە تەنها لەمن بترسن ئەگەر بڕوادارن. یان دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُوا لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَاناً وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ﴾ (آل عمران:١٧٣). واتە: ئەو کەسانەی پێیان گوتن: گەلەکۆمەکی و لێکراوەو (خەریکە بێنە سەرتان)، لێیان بترسن، (کەچی بەمە باوەڕیان بەهێزتربووەو گوتیان: ئێمە هەر خودامان بێ بەسمانە و چاکترین پشت و پەنامان تەنیا ئەوە.

**نۆیەم**: لە دەروونی ئینسانەکاندا کاردەکات: واتە: لەو دەرگایەی کە ئینسانەکان پێیوە سەرقاڵن و گیرۆدەی دەستی بوو ون کە نەفسە، دەوێدا کاردەکات!! هەروەك خوای گەورە لەسەر زمانی شەیتان دەفەرمووێ: ﴿...وَقَالَ مَانَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ اِلاَّ أَنْ تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الخَالِدِينَ﴾ (الأعراف: ٢٠). واتە: شەیتان بە (ئادەم وحەوای) گوت: خوای گەورە ئێوەی لەم دارە بەرگری نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێ کە ئێوە نەبن بە دوو فریشتە یان بە نەمری نەمێننەوە.!! دیارە ئەم هاندانەش لە ڕێگەی نەفسیانەوە بووە، چونکە خوا ئەوکاتە شەیتانی لە بەهەشت بە دەرنابوو.

هەروەك پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرمووێ: «يَأْتِي الشَّيْطَانُ أَحَدَكُمْ فَيَقُولُ: مَنْ خَلَقَ كَذَا؟ حَتَّى يَقُولَ مَنْ خَلَقَ رَبُّكَ؟ فَإِذَا بَلَغَهُ فَلْيَسْتَعِذْ بِاللهِ ولْيَنْتَهِ» (رواه البخاري ومسلم). واتە: شەیتان دێتە لای یەك لە ئێوە و دەڵێ: کێ وای درووست کردووە؟ هەتا دەڵێ: ئەی کێ خوای دروست کردووە؟ ئەگەر گەیشتە ئەم پرسیارە ئێوە پەنا ببەنە بەر خوا، ئەو دەمە شەیتان واز دەهێنێ.

**دەیەم**: لە ڕێگەی ئارەقخواردنەوە و قومارکردنەوە: هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ العَدَاوَةَ والْبَغْضَاءَ فِي الخَمْرِ والْمَيْسِرِ﴾ (المائدة: ٩١). واتە: بەڕاستی شەیتان دەیەوێ دوژمنایەتیتان بخاتە نێو لە ڕێگەی ئارەق خواردنەوە و قومارکردنەوەوە.

**یازدەیەم**: یا لە ڕێگەی سیحرەوە: هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿..وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَ لَكِنَّ الشَّيَاطِينَ كَفَرُوا يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ..﴾ (البقرة: ١٠٢). واتە: سولەیمان پێغەمبەر "عَلَيْهِ وَعَلَى نَبِيِّنا الصَّلاَةِ وَالسَّلاَم" کافر نەبوو، بەڵکوو شەیتانەکان بۆ خۆیان کافر بوون بە هۆی ئەوەی کە خەڵکیان فێری سیحر دەکرد.

**دوازدەیەم**: شەیتان لە ڕێگەی خاڵە لاوازەکانی ئینسان دەتوانێ خەڵکی لە خشتە ببات: خاڵە لاوازەکانیش بریتین لە: (لاوازی، بێهیوای، چاوتەنگی، خۆبەزلزانین، دڵڕەقی، زماندرێژی، سپڵەیی، گومانبردنی خراپ، نەزانی...هتد).

**سێزدەیەم**: ئافرەت و خۆش ویستنی دونیا: هەروەك پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرمووێ: «المَرأَةُ عَورَةٌ فَإذَا خَرَجَتْ إِستَشْرَفَ عَنْهَا الشَّيْطَانُ» ر(واه الترمذي وهو حديث حسن صحيح). واتە: ئافرەت عەوڕەتە، کاتێ کە دەرچوو شەیتان سەر پەرشتی دەکات.

**چواردەیەم**: ترساندن بە هەژاری: هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الفَقرَ ويَأمُرُكُم بِالْفَحْشَاءِ﴾ (البقرة ٢٦٨). واتە: شەیتان هیواو پێ دەدات (دەتان ترسێنێ) بە هەژاری و فەرمانی داوێن پیستیان پێ دەکات.

**پازدەیەم**: لە کاتی (بسم الله) نەکردن لە دەمی نانخواردندا! هەروەك "**جابر**" بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت:: «سَمِعتُ رسولَ اللَّه يقولُ: «إذا دخل الرَّجل بيْتَهُ، فذَكَرَ اللَّه تعَالى عِنْد دُخُولهِ وعِنْدَ طَعامِهِ، قال الشَّيْطَانُ لأَصحَابِهِ: لا مبيتَ لَكُمْ ولا عشَاءَ، وإذا دخَل، فَلَم يَذكُر اللَّه تَعَالَى عِنْد دخُولِهِ، قال الشَّيْطَانُ: أَدْركتمُ المبيت، وإذا لَم يَذْكُرِ اللَّه تعَالَى عِنْد طَعامِهِ قال: أَدْرَكْتُمُ المبيتَ وَالعَشَاءَ» (رواه مسلم عن جابر رضي الله عنهما). واتە: یان دەفەرموێت: گوێ ملە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بوو کە دەیفەرموو: ئەگەر پیاو چووە ماڵەکەی خۆی، با لە دەمی چوونەژوورەوەو نانخواردنیدا یادی خوا بکات، ئەودەم شەیتان بە

هاوده‌مانی دەڵێت: ئەمرۆ نە جێ نە نانتان لەم ماڵەدا پێ نەبڕا، خۆ ئەگەر لە دەمی چوونەژوورەوەدا یادی خوا نەكات ئەوە شەیتان بە هاوده‌مانی خۆی دەڵێت: ئەمرۆ جێتان لەم ماڵەدا مسۆگەركرد! ئەگەر لە بەری نانخواردنیشدا یادی خوای نەكرد، ئەوە شەیتان بە هاوده‌مانی خۆی دەڵێت: ئەوە نانی ئێوارەشتان مسۆگەربوو!! هەروەها "ئومەییەی كوڕی مەخشی سەحابی" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە دەفەرموێت: «كان رسُول اللَّه صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم جالساً، ورَجُلٌ يأْكُلُ ، فَلَمْ يُسمِّ اللَّه حتَّى لَمْ يبْقَ مِنْ طَعَامِهِ لُقْمةٌ ، فَلَمَّا رَفَعها إلى فِيهِ، قال: بسم اللَّهِ أَوَّلَهُ وَآخِرَه، فَضَحِكَ النَّبِيُّ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم، ثم قال: «مَا زَالَ الشَّيْطَانُ يَأْكُلُ مَعَهُ، فَلَمَّا ذَكَرَ اسمَ اللَّهِ استْقَاءَ مَا في بَطنِه» (رواه أبو داود، والنسائي). واتە: پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دانیشتبوو پیاوێكیش نانی دەخوارد، بەڵام بیسمیللای نەكردبوو تا خەريك بوو نانەكەی تەواو دەبوو، تەنها پاروێكی لە بەردەم مابووەوە ئەویشی بەرز كردەوە تا بۆ دەمی خۆی ببات (بیری هاتەوە) گوتی: بە ناوی خوا سەرەتاو كۆتا، (ئەڵێ) لەودەمە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" پێكەنی! پاشان فەرمووی: شەیتان بەردەوام لەگەڵ (ئەم پیاوە) نانی دەخوارد، بەڵام كاتێ كە (كابرا بیری هاتەوە) بیسمیللای كرد، شەیتان (هەرچی خواردبووی هەمووی هێنایەوەو) ڕشایەوە؟!!

**شازدەیەم**: سەگ یا پەیكەر هێنانە ماڵ: چونكە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَا تَدْخُلُ الْمَلَائِكَةُ بَيْتًا فِيهِ تَمَاثِيلُ أَوْ تَصَاوِيرُ» (١٠٢/٢١١٢). واتە: لە "ئەبووهورەیرە" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە كەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: فریشتەكان ناچنە ماڵێك كە پەیكەرو وێنەی تیا بێت!! یان دەفەرموێت: «لا تدخل الملائكة بيتاً فيه كلب ولا صورة». واتە: فریشتەكان ناچنە ماڵێك كە ن سەگ نە وێنەی تیا بێت. بە تایبەت سەگی ڕەش كە شەیتانە، هەروەها لە "عەبدوڵلای كوڕی سامیت"، ئەویش لە "ئەبووزەڕ" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە كەوا پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ يُصَلِّي فَإِنَّهُ يَسْتُرُهُ إِذَا كَانَ بَيْنَ يَدَيْهِ مِثْلُ آخِرَةِ الرَّحْلِ فَإِذَا لَمْ يَكُنْ بَيْنَ يَدَيْهِ مِثْلُ آخِرَةِ الرَّحْلِ فَإِنَّهُ يَقْطَعُ صَلَاتَهُ الْحِمَارُ وَالْمَرْأَةُ وَالْكَلْبُ الْأَسْوَدُ قُلْتُ يَا أَبَا ذَرٍّ مَا بَالُ

الْكَلْبِ الْأَسْوَدِ مِنْ الْكَلْبِ الْأَحْمَرِ مِنْ الْكَلْبِ الْأَصْفَرِ قَالَ يَا ابْنَ أَخِي سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَمَا سَأَلْتَنِي فَقَالَ الْكَلْبُ الْأَسْوَدُ شَيْطَانٌ».(٢٦٥/٥١٠). واته: ئەگەر یەكێك لە نوێژی كردو شتێكی وەك زینی حوشتری لە بەردەما كرد بە سوترە، ئەوە تەنها (ئەگەر) گوێدرێژو ئافرەت (ئافرەتی حەیزدار) و سەگی ڕەش (بە بەردەمیدا ڕەت بوون) نوێژەكەی دەبڕن! ئەڵێ بە "ئەبووزەڕ"م گوت: تەوفیر لە نێوان سەگی ڕەش و سەگی سووروو سەگی زەرددا چییە؟ "ئەبووزەڕ" فەرمووی: برازای خۆم، منیش هەمان پرسیارم لە پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" كرد، كە تۆ ئێستا دەپرسیت، فەرمووی: سەگی ڕەش شەیتانە!!

"حافیز ئیبنوحەجەری عەسقەلانی" لە قورتوبی بۆمان دەگێڕێتەوە كە خیلاف هەیە لەسەر هۆی بەربەست بوونی سەگ لە چوونە ژوورەوەی فریشتەكان، دەڵێن: لە بەر ئەوەیە چونكە پیسە، ئەمەش پشت بەستن بەم فەرموودەیە كە موسلیم لە عائیشە بۆمان دەگێڕێتەوە كە فەرمانی كردووە بە ئاوپژاندن بەو شوێنەی كە سەگی لێ بووە، هەندێكیش دەڵێت: نا؛ بەڵكوو لە بەر ئەوەیە چونكە سەگ لە شەیتانەكانە..

**حەڤدەیەم**: لە ڕێگەی ئافرەتی موتەبەرپجەوە، وەك پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرمویت: «عَنْ جَابِرٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَأَى امْرَأَةً فَأَتَى امْرَأَتَهُ زَيْنَبَ وَهِيَ تَمْعَسُ مَنِيئَةً لَهَا فَقَضَى حَاجَتَهُ ثُمَّ خَرَجَ إِلَى أَصْحَابِهِ فَقَالَ إِنَّ الْمَرْأَةَ تُقْبِلُ فِي صُورَةِ شَيْطَانٍ وَتُدْبِرُ فِي صُورَةِ شَيْطَانٍ فَإِذَا أَبْصَرَ أَحَدُكُمْ امْرَأَةً فَلْيَأْتِ أَهْلَهُ فَإِنَّ ذَلِكَ يَرُدُّ مَا فِي نَفْسِهِ.(٩/١٤٠٣)». واته: لە "جابر" (خوا لێی ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕنەوە كەوا پێغەمبەر "صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" چاوی بە ئافرەتێك كەوت، (یەكسەر) چووە لای زەینەبی خێزانی كە خەریكی هەڵپشینی پێستی دەباغكراوبوو چوو حاجەتی خۆی لێ دامركاندو هاتە دەرەوە بۆ لای یارانی و فەرمووی: ئافرەت هاتن و ڕۆیشتنی لە شێوەی شەیتانە، ئەگەر یەكێك لە ئێوە چاوی كەوت بە ئافرەتێك (دیقەتی بۆی چوو)، با بچێتەوە لای خێزانەكەی، چونكە ئەوەی لە نەفسیدا جۆشی داوە خامۆش دەبێت!.

## چۆن ڕووبەڕووی شەیتان ببینەوە؟

زۆر ڕێگاو چارەهەن بۆ بەرەنگاربوونەوەو بەرهەڵستی کردنی شەیتان و شەیتان سیفەتەکان، لەوانە:

**یەکەم**: ئاگابوون لە فێڵەکانی شەیتان: کە یەکەم و بە هێزترین چەکی ڕووبەڕووبوونەوەی شەیتانە، چونکە شەیتان ناخەوێ شەو و ڕۆژ لێك ئەدات لە هەوڵی تەفرەدانی بەندەکاندایە..! هەروەك ڕۆژێکیان لە "شێخ حەسەنی بەسری"یان پرسی: (أَينامُ إِبْلِيس؟ قَالَ لَوَجَدْنَا رَاحَةً) واتە: ئایا شەیتان دەخەوێ، ئەویش فەرمووی: ئەگەر بخەوتایە ئێمە ئاسوودە دەبووین.

**دووەم**: پابەندبوون بە قورئان سوننەتی پێغەمبەرەوە "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم": قورئان پێمان دەفەرمووێ: ﴿وَ لاَ تَتَّبِعُوا خُطُواتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِين﴾ (البقرة: ٢٠٨). واتە: بەدوای هەنگاوە فریودەرەکانی شەیتان مەکەون، چونکە شەیتان دوژمنی ئاشکرای ئێوەیە.

**سێیەم**: خۆپاراستن بەخوای تاکوتەنیا: هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَإِمَّا يَنْزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللهِ﴾ (فصلت: ٣٦). واتە: کاتێ کە شەیتان ویستی فریوت بدات تۆش پەنا ببە بەر خوا.

**چوارەم**: خۆ خەریککردن بە یادی خوا: هەروك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿أُذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ واشْكُرُوا لِي ولاَ تَكْفُرُونِ﴾ (البقرة: ١٥٢). واتە: یادم بکەن یادتان دەکەم، سوپاسم بکەن کوفرانەم مەکەن.

**پێنجەم**: پابەندبوون بە کۆمەڵبوونەوە: هەروەك پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «فَعَلَيْكُمْ بِالْجَمَاعَةِ فَإِنَّمَا يَأْكُلُ الذِّئْبُ مِنَ الغَنَمِ القَاصِيَةَ» (رواه أبو داود والنسائي بأسناد حسن). واتە: بە کۆمەڵەوە پابەند بن، چونکە گورگ پەلاماری مەڕێك دەدات و دەیخوات کە لە مێگەڵ دابڕا بێت.

**شەشەم**: جولانەوەو هەڵسوکەوت کردن بە پێچەوانەی خواستی شەیتان: هەروەك پێغەمبەری خوا "صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرمووێت: «لِيَأكُلَ أَحَدُكُمْ بِيَمِينِهِ، ويَشْرَبَ بِيَمِينِهِ، ولْيَأْخُذَ بِيَمِينِهِ، واليعْطِ بِيَمِنِهِ فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَأكُلُ بِشِمَالِهِ، ويَشْرِبُ بِشِمَالِهِ ويَعْطِي بِشِمَالِهِ، ويَأْخُذَ بِشِمَالِهِ» (رواه ابن ماجه باسناد صحيح). واتە: با لە ئێوە بە دەستەڕاست نان بخوات و بە دەستەڕاست بخواتەوە و بە دەستەڕاست وەربگرێت، چونکە شەیتان بە دەستەچەپ دەخوا و بە دەستەچەپ دەخواتەوە و بە دەستەچەپ دەبەخشیّ و بە دەستەچەپیش وەردەگرێت.

**حەفتەم**: بڕوا بوون بە خوا: هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُ لَيْسَ لَهُ سُلْطَانٌ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ (النحل: ٩٩). واتە: شەیتان هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر بڕواداران و ئەوانەی کە پشتی خۆیان بە خوا دەبەستن نییە.

**هەشتەم**: یەکلابوونەوە بۆ خوا: هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِلَّا عِبادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ﴾ (الحجر: ٤٠). واتە: (شەیتان دەڵێت:) تەنها دەسەڵاتم بەسەر بەندە یەکلابووەکانی تۆدا نییە.

**نۆیەم**: تۆبە و پەشمانی: هەروەك بینیمان کە خوای گەورە ئەو کاتە لە ئادەم و حەوا خۆش بوو کە پەشیمانیان دەربڕی و لە بەردەم بێفەرمانی کردنیاندا تۆبەیان کرد، گوتیان: ﴿رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنْفُسَنَا وإِنْ لَمْ تَغْفِرْ لَنَا وتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الخَاسِرِينَ﴾ (الاعراف: ٢٣). واتە: ئەی خوایە ئێمە (زوڵم)مان لە خۆکرد ئەگەر تۆ لێما خۆش نەبیت و ڕەحممان پێ نەکەیت ئێمە لە خەسارەت مەندەکان دەبین.

### حیکمەتی درووست بوونی شەیتان

هەڵبەت هەموومان دەزانین کەوا فریشتەکان پاکترین دروست کراوی خوان و داخوازی هەموو شتێکی پاکن، چونکە خوا بۆ هەموو گوێڕایەڵی و بەندایەتییەکی ساغەوە ڕایهێناون.. بەهەمان شێوە شەیتانەکان خراپترین و بەدکارترین دروست کراوی خوان و داخوزای هەموو

شتێکی ناڕەوان.. ئادەمیزادیش لە نێوان ئەم دوو جۆر مەخلوقەدا خاوەن ویست و بیرکردنەوەی خۆیەتی، واتە: دەتوانێ بە ویستی خۆی ڕێگای فریشتەکان هەڵبژێرێ و بە دوای چاکاندا بگەرێ تا لە دواڕۆژدا ڕەزامەندی خواو بەهەشتی بەرین وەدەست بێنێ .. بەهەمان شێوە دەتوانێ بە ویست و ئارەزووی خۆی ڕێگای شەیتان بگرێتە بەرو بەرەو دۆزەخ ڕێ بگرێ، خوای گەورەش ئاگاداری دەکاتەوە کە کام ڕێگا بەختەوەری و ئاسوودەیی بۆ بەندەکان تیایە.. بۆیە هەمیشە لە شەیتان و فێڵ و تەڵەکانی بێداروشیاری کردووینەوە.. کەواتە: وەڵامی پرسیارەکە لێرە بەدیار دەکەوێت کە حیکمەتی درووست بوونی شەیتان لە دووشت دایە، کە یەکیان بۆ بەجێگەیاندن و بە هەق گەیاندنی قەدەری خوایە..ئەویتر بۆ تاقیکردنەوەو بەسەرکردنەوەی بەندەکانە..

بۆ ڕاستی قسانیش خوا دەفەرموێت: ﴿قَالَ اخْرُجْ مِنْهَا مَذْءُوماً مَدْحُوراً لَمَنْ تَبِعَكَ مِنْهُمْ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنْكُمْ أَجْمَعِينَ﴾ (الأعراف:١٨). واتە: گوتی: لێرە بڕۆدەرێ! ناوزڕاوی تڕۆکراو! دەبێ وێڕای ئەوانەی شوێن تۆ دەکەون، دۆزەختان لێ پڕ بکەم. هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الْأَمْرُ إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدْتُكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُمْ مِنْ سُلْطَانٍ إِلَّا أَنْ دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنْفُسَكُمْ مَا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنْتُمْ بِمُصْرِخِيَّ إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِنْ قَبْلُ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (ابراهيم:٢٢). واتە: شەیتان دەڵێ: خوا بەڵێنی ڕاستی پێدان، منیش بەڵێنی خۆم پێدان، بەڵام درۆم دەگەڵ کردن، هیچ زۆرێکیشم بەسەرتانەوە نەبوون غەیرەز ئەوە نەبێ بانگم کردن، ئێوە بە دەنگمەوە هاتن، (کەوابوو) ئێوە سەرکۆنەی من مەکەن، (بەڵکوو) سەرزەنشتی خۆتان بکەن، ناشتوانم دە فریاتان بێم، هەروەك ئێوەش ناتوانن بە فریام بگەن، لەمەش کە لە پێشوودا منتان بە شەریکی خوا زانی؛ حاشام هەیە، بێ گومان ئەوانەی ناهەقیکارن، ئازاری بە ژانیان دەبێ.

کەواتە: خوا بەندەکانی خۆی تاقی دەکاتەوە کە داخوا چەندە بە تەنگ داواکارییەکانی خواوە دەچن و چەندەش گوێڕایەڵی شەیتان دەکەن.. ئاقیبەت و چارەنووسیش هەر خوا دیاری دەکات.

ئەمانەی کە باسکران: چەند جۆرێکی بنەڕەتی بوون لە فێڵەکانی شەیتان و هەنگاوەکانی بۆ

**لە خشتەبردنی ئینسان و چۆنییەتی بەرنگاربوونەوەی، لە خواش داواکارم کە هەقم پێی پێکابێ و ڕەزامەندی ئەوم بۆ خۆم مسۆگەر کردبێت.. خوا یارو پشتیوانی هەموو لایەك بێت.**

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين: